حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

**بەشی باخچەی منداڵان**

# کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر ئاشناکردنی منداڵان به مافەکانیان لە باخچەکانی شاری سلێمانی

پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی کراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بەشی باخچەی منداڵان/ ڕاگەیاندنی پەروەردەی منداڵ

لەلایەن

خەندە علی حمه ئەمین

بە سەرپەرشتی

پ.د. صابر بکر مصطفی

پ.ی. د. یۆهان عثمان حمەحسین

٢٧٢٢ کوردی

٢٠٢٣ زایینی

**بڕیاری سەرپەرشتیاران**

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان لە باخچەکانی شاری سلێمانی) بە سەرپەرشتی و لە ژێر چاودێری ئێمەدا لە لایەن خوێندکاری ماستەر (خەندە علی حمەئەمین) لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ئامادەکراوە ، بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردەدا / ڕاگەیاندنی پەروەردەی منداڵ، لەو پێناوەدا واژۆمان کرد .

| | |
|---|---|
| واژۆ | واژۆ |
| پ.د. صابر بكر مصطفى | پ.ی.د. یۆهان عثمان حمەحسین |
| ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣ | ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣ |

بە پێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەین

واژۆ

پ.د. صابر بكر مصطفى

سەرۆکی بەشی باخچەی منداڵان

ڕێکەوت : / / ٢٠٢٣

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان لە باخچەکانی شاری سلێمانی) لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (خەندە علی حمەئەمین) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی (نایاب) بڕوانامەی ماستەری لە بواری ڕاگەیاندنی پەروەردەی منداڵدا پێبدرێت ، لەو پێناوەدا واژۆمان کرد .

| | | |
|---|---|---|
| واژۆ | واژۆ | واژۆ |
| ناو: پ.ی.د. عبدالخالق ابراهیم مصطفى | ناو: پ.د. هێرش رسول مراد | ناو: پ.د. نیان نامق صابر |
| ئەندام | ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
| ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣ | ڕێکەوت: / /٢٠٢٣ | ڕێکەوت : / /٢٠٢٣ |

| | |
|---|---|
| واژۆ | واژۆ |
| ناو:پ.د. صابر بکر مصطفى | ناو: پ.ی.د. یۆهان عثمان حمەحسین |
| ئەندام و سەرپەرشتیار | ئەندام و سەرپەرشتیار |
| ڕێکەوت : / /٢٠٢٣ | ڕێکەوت : / /٢٠٢٣ |

لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە ( ) لە ڕێکەوتی ( / /٢٠٢٣) پەسەند کرا .

واژۆ

ناو: پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد

سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

## پێشکەشە بە

- هاوسەر و هاوڕێی هەموو هەنگاوەکانم
- ئازیزەکانی ژیانم نماز و ناواز و نسێ
- خانەوادەکەم
- هاوڕێ و دۆستانم

**خەندە**

## سوپاس و پێزانین

- سوپاسی خوای گەورە دەکەم توانا و تەمەنی پێدام بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە .
- سوپاسی هەر دوو سەرپەرشتیاری بەڕێزم (پ.د. صابر بەکر ممصطفی و پ.ی.د. یۆهان عثمان حمە حسین) دەکەم کە سەرپەرشتیاری ئەم ماستەرنامەیەیان گرتە ئەستۆ و بە تێبینیە زانستی و بەنرخەکانیان توێژینەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد ، هیوادارم هەمیشە لەش ساغ بن.
- سوپاسی هاوسەرم (نەبەرد محمود) دەکەم لە هەموو هەنگاوەگاندا هاوکاربووە بە تایبەتی کاری وەرگێڕان .
- سوپاسی کچەکەم (نماز خان) دەکەم سەرەڕای بچوکی تەمەنی هاوکارم بووە .
- سوپاسی بەڕێز کاك (عیسی عبدالقادر) دەکەم هاوکام بوو لە دۆبلاژکردن و تۆمارکردنی ڤیدیۆکانی ناو توێژینەوەکە .
- سوپاسی هەر یەك لە مامۆستایان (فەوزی عبدالعزیز و کوێستان قادر) دەکەم کە هاوکارم بوون لە شیکارکرنی داتا و زانیاریەکان .
- سوپاسی باخچەی کوردجینیەسی ناحکومی دەکەم کە ڕێگەیاندام بە جێبەجێکردنی توێژینەوەکەم لە باخچەکەیاندا .
- سوپاسی هەر بەڕێزێك دەکەم کە هاوکار و پاڵپشتم بووە لە تەواوکردنی ئەم توێژینەوەدا .

**خەندە**

# پێڕستی ناوەڕۆك


| پێڕستی ناوەڕۆك | لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشان | ا |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | ب |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن | ت |
| پێشکەش کردن | ث |
| سوپاس و پێزانین | ج |
| پێڕستی ناوەڕۆك | ح – د |
| پێڕستی خشتەکان | ذ |
| پێرستی پاشکۆکان | ر |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی کوردی | ز |
| **بەشی یەکەم/ ناساندنی توێژینەوەکە** | **١-١٢** |
| ١-١ کێشەی توێژینەوەکە | ٢ |
| ١-٢گرنگی تـــوێژینەوە کە | ٣ |
| ١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە | ٦ |
| ١-٤ گریمانەی توێژینەوەکە | ٦ |
| ١-٥ سنووری توێژینەوەکە | ٧ |
| ١--٦پێناسەی چەمك و زاراوەکان | ٧ |
| **بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە** | **١٣-٦٤** |
| ٢-١ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی پەروەردەیی | ١٣ |
| ٢-١-١ڕاگەیاندن | ١٤ |
| ٢-١-٢ڕاگەیاندنی منداڵ | ١٥ |
| ٢-١-٣ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو | ١٦ |
| ٢-١-٤ ڕاگەیاندنی پەروەردەیی | ١٧ |
| ٢-١-٥ ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی | ١٩ |
| ٢-١-٦تایبەتمەندیەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی | ٢٠ |

| | |
|---|---|
| ٢-١-٧ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی | ٢١ |
| ٢-١-٨ ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی | ٢٢ |
| ٢-١-٩ بنەما سەرەکیەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی | ٢٣ |
| ٢-٢ مافەکانی منداڵان | ٢٥ |
| ٢-٢-١ ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان | ٢٥ |
| ٢-٢-٢ تایبەتمەندیەکانی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان | ٢٦ |
| ٢-٢-٣ ئامانج لە مافەکانی منداڵان | ٢٨ |
| ٢-٢-٤ گرنگی برەودان بە مافەکانی منداڵان | ٢٩ |
| ٢-٢-٥ گرنگترین بنەما سەرەکیەکانی برەودان بە مافەکانی منداڵان | ٢٩ |
| ٢-٢-٦ بنەما و مافە گشتیەکانی قۆناغی منداڵی | ٣٠ |
| ٢-٢-٧ گرنگی ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان | ٣٤ |
| ٢-٢-٨ پاڵپشتیکردن لە ڕۆشنبیرکردن و ئاشناکردن دەربارەی مافەکانی منداڵان | ٣٤ |
| ٢-٢-٩ بەرپرسیاریەتی باخچە لە بەدیهێنانی مافەکانی منداڵان | ٣٥ |
| ٢-٢-١٠ گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەی مافی منداڵ جیا دەکەنەوە لە مافی گەورە | ٣٦ |
| ٢-٢-١١ مافەکانی منداڵ و لێپرسراوێتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | ٣٧ |
| ٢-٣ منداڵی و باخچەی منداڵان | ٤٠ |
| ٢-٣-١ منداڵي | ٤٠ |
| ٢-٣-٢ قۆناغی منداڵی بەرایی (منداڵی باخچە) | ٤٠ |
| ٢-٣-٣ خەسڵەتەکانی گەشەی منداڵی بەرایی | ٤١ |
| ٢-٣-٤ پێداویستیە دەروونیەکانی منداڵانی باخچە | ٤٤ |
| ٢-٣-٥ باخچەی منداڵان | ٤٥ |
| ٢-٣-٦ گرنگی باخچەی منداڵان | ٤٧ |
| ٢-٣-٧ ڕۆڵی مامۆستای باخچە لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان | ٤٩ |
| ٢-٣-٨ بنەما و پەیڕەو و پرۆگرامی باخچەی منداڵان بۆ پاڵپشتی کردن لەمافەکانی منداڵان | ٥١ |
| ٢-٣-٩ ئامانج لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان | ٥١ |

| | |
|---|---|
| ٢-٣-١٠ئامانجەکانی باخچەی منداڵان | ٥٤ |
| ٢-٤ توێژینەوەکانی پێشوو | ٥٥ |
| ٢-٤-١توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی | ٥٥ |
| ٢-٤-٢ توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بەمافەکانی منداڵان | ٥٩ |
| ٢-٤-٣ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو | ٦٢ |
| **بەشی سێیەم/ ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکارییەکانی** | **٦٥-٧٥** |
| ٣-١ ڕێبـــازی توێژینەوەکە | ٦٦ |
| ٣-٢کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٦٧ |
| ٣-٣ نموونـــەی توێژینەوەکە | ٦٧ |
| ٣-٤ ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٦٨ |
| ٣-٥ کەرەستە ئامارییـــەکان | ٧٤ |
| **بەشی چوارەم / خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەییان** | **٧٦-٨٩** |
| ٤-١ خستنەڕوی ئەنجامەکان | ٧٧ |
| ٤-٢دەرئەنجامەکان | ٨٧ |
| ٤-٣ ڕاسپـــاردەکان | ٨٧ |
| ٤-٤ پێشنیـــارەکان | ٨٨ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | **٩٠-١٠٠** |
| سەرچاوەکان بە زمانی کوردی | ٩٠ |
| سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی | ٩٠ |
| سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی | ٩٩ |
| سەرچاوەکانی ئینتەرنێت | ١٠٠ |
| **پاشکۆکان** | **١٠١-١٣٢** |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی | Ii |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | Iii |

# پێڕستی خشتەکان


| ژ.خشتە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵگەی توێژینەوە | ٦٧ |
| ٢ | نموونەی توێژینەوە | ٦٨ |
| ٣ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Sample T-test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا | ٧٧ |
| ٤ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way Anova) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی باوك | ٧٩ |
| ٥ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way Anova) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی دایك | ٨٠ |
| ٦ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way Anova) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ لە ناو خێزاندا | ٨٢ |
| ٧ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t_test) بۆ جیاوازی نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز | ٨٣ |
| ٨ | قەبارەی کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان بە پێی هاوکیشەی (کۆهین) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا | ٨٥ |
| **٩** | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Paired Samples T-test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی | ٨٦ |

# پێڕستی پاشکۆکان


| ژ.پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | نوسراوی زانکۆی سلێمانی بۆ پشتگیریکردنی توێژەر | ١٠٢ |
| ٢ | ئامرازی توێژینەوەکە بە شێوەی کۆتایی | ١٠٣ |
| ٣ | فۆرمی ڕاپرسی شارەزایان | ١٠٥ |
| ٤ | لیستی ناوی شارەزاییان بە پێی ڕیزبەندی پلەی زانستییان دەربارەی هەڵسەنگاندنی ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە | ١٠٦ |
| ٥ | فۆرمی تایبەت بە وەرگێڕ | ١٠٨ |
| ٦ | ناوی پسپۆڕانی وەرگێڕی ڤیدیۆکان | ١٠٩ |
| ٧ | جێبەجێکردنی تایبەت بە ئاشناکردنی منداڵان بەمافەکانیان | ١١٠ |
| ٨ | بەندەکانی تایبەت بە مافەکانی منداڵان | ١١٥ |
| ٩ | وێنەی مافەکانی منداڵان | ١٢٤ |
| ١٠ | ناوی کەسایەتی بەکارهاتوو لە توێژینەوکەدا | ١٣٠ |
| ١١ | کۆپیەکی ڤیدیۆی نمایشکراوی مافەکانی منداڵان لەسەر (CD) | ١٣١ |
| ١٢ | کۆپیەکی توێژینەوەکە لەسەر (CD) | ١٣٢ |

## پوختەی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان ، هەروەها زانینی ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان بە پێی گۆڕاوەکانی ( ئاستی بڕوانامەی باوك ، ئاستی بڕوانامەی دایك ، ڕیزبەندی منداڵ لە ناو خێزاندا ، ڕەگەز) ، هەروەك زانینی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان .

بۆ هێنانەدی ئامانجەکان توێژەر ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە ، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم منداڵانی تەمەن (٥)ساڵان (ئاستی دووەمی باخچە) لە ناوەندی شاری سلێمانی ، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٠) منداڵ لە باخچەی (کورد جینیەسی/١) لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا بە شێوەی مەبەستدار هەڵبژێردراوە، ئامرازی بەکارهاتوو بریتییە لە پێوەرێك بە شێوەی چاوپێکەوتنی تاکایەتی ئەنجامدرا بۆ زانینی ئاستی ئاشنایی منداڵان بە مافەکانیان ، کە دەربارەی بنەما و مافە گشتیەکانی قۆناغی منداڵی بەرایی بوون لە چوارچێوەی چوار تەوەری سەرەکیدا کە ئەوانیش تەوەرەکانی (ژیان و مانەوە و گەشە ، جیاکاری نەکردن ، بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵ ، ڕا و بۆچوون و بەشداریکردنی منداڵان) ، هەروەها توێژەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی (ڤیدیۆ و وێنە) ی بەکارهێناوە ، بۆ دەرهێنانی ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکەش ڕاستی ڕواڵەتی و ڕاستی وەرگێڕان و بۆ جێگیریش ڕێگای دووبارە کردنەوەی بەکارهێناوە ، لە کۆتاییدا توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشتووە کە بریتین لە :

_ ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان لە ئاستێکی نزمدایە .

_ گۆڕاوەکانی (ئاستی بڕوانامەی باوك ، ئاستی بڕوانامەی دایك ، ڕیزبەندی منداڵ لە ناو خێزاندا ، ڕەگەز) کاریگەرییان نییە لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان .

_ بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان.

توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارێکی خستۆتە ڕوو .

## بەشی یەکەم

### ١- ناساندنی توێژینەوەکە

### ١-١ کێشەی توێژینەوەکە

### ٢-١ گرنگی توێژینەوەکە

### ٣-١ ئامانجی توێژینەوەکە

### ٤-١ گریمانەی توێژینەوەکە

### ٥-١ سنووری توێژینەوەکە

### ٦-١ پێناسەکردنی چەمک و زاراوەکان

## ١ - ١ کێشەی توێژینەوەکە :

قۆناغی منداڵی بە تەوەری ژیانی مرۆڤ دادەنرێت ، قۆناغێکی بنەڕەتیە کە تێیدا پێویستە لەسەر دایباب و بەخێوکاران گرنگی تەواوی پێبدەن ، چونکە دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی منداڵ لە پشت بەستن بەکەسانی دیکەوە بۆ کەسێکی پشت بەخود بەستوو (ابوعلی، ٢٠١٤: ١١) .

پرۆگرامی باخچەی منداڵان یەکەم شارەزایی بەرنامە بۆ دارێژراوە و منداڵ پێیدا تێپەڕدەبێت و مەبەست لێی بنیاتنانی کەسێتیەکی تەندروستە ، هەروەك بە سەرچاوە و ناوەندێکی بەپیت دادەنرێت بۆ ناساندنی منداڵ بە مافەکانی و ئاشنابوونی و ئەزموونکردنی مافەکانی خۆی ، هەربۆیە لەم ڕووەوە دەتوانین بەخاڵی سەرەتای ئاشنابوونی منداڵ بەمافەکانی خۆی و هەموو مرۆڤەکانی دیکەی دابنێین ، بەوپێیەی کە ئامانجەکانی پرۆگرامی باخچە ئاراستەی سەرەکین بۆ بەرکەوتنی منداڵ بەزانیاری و بیرۆکە و چالاکی و ئەزموونکردنی پێویست بۆفێربوون و ئەزموونکردنی مافەکانی خۆی .

ئاراستەی پەروەردکاران بەرەو ئەوە دەڕوات کە سوود لە تەکنیکەکانی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی وەربگرێ لە پەروەردە و فێرکردندا ، هەر بۆیە گرنگی زیاتر دراوە بە خستنەگەڕی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە کەسێتی منداڵ و دروستکردنیدا لە چوارچێوەی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیا بەرفراوانەی کە هاتۆتە ئاراوە ، ڕاگەیاندن و فێرکردن کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئامانجی هەردووکیان دروستکردنی گۆڕانکاریە لە ڕەفتاردا و بەو هۆیەشەوە گرنگیدان بە ڕاگەیاندن لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکاندا بۆتە کارێکی گرنگ کە دواتر بە ڕاگەیاندنی پەوەردەیی ناسێنرا ، هەروەك لە ڕێگەی ئامرازە پێشکەوتوەکانیەوە گرنگی دەدات بە دروستکردنی ئاراستە ئەرێنیەکان و بڵاوکردنەوەی بەها پەروەردەییەکان لە ناو کۆمەڵگا بەئامانجی هۆشیارکردنەوە دەربارەی ڕەفتارە ئەرێنیەکان و چۆنێتی بەدیهێنانی لای منداڵان و دروستکردنی کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر کەسێتی منداڵ و ڕێکردنەوەی ڕەفتار هەیە بە پشت بەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنیکە نوێیەکان ( البلهان و أخرون ، ٢٠١٩ : ٥٦٩) .

زۆر شێوە و ڕێگای جیاواز هەیە لە باخچە دەگیرێتە بەر بۆگەیاندنی پەیامە پەروەردەیی و فێرکاریەکان ، بەگوێرەی گونجاوییان لەگەڵ سروشتی ئەو قۆناغەی تەمەنی منداڵان توانراوە سوودی لێ وەربگیرێت ، بەڵام سەردەمی نوێ و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و باڵا دەستی ڕاگەیاندن و کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بوونەتە هۆکار گەلێکی گرنگ بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی ڕۆڵێکی کاریگەر و باڵای هەبێت لە گەیاندنی پەروەردەیی و فێرکاری لە سەردەمی ئێستادا .

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر دوای بەدواداچوون لە باخچەکان بۆی دەرکەوت کە بەرنامەیەکی تایبەت نییە بە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان ، لەبەر ئەوە هەستا بە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بەمافەکانیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیك و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی ( ڤیدیۆ و وێنە) بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی منداڵی قۆناغی بەرایی دا ، بەشێوەیەکی گشتیش کێشەی توێژینەوەکەی چڕکردۆتەوە لەپرسی : ئایا ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری هەیە لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان لە باخچەکانی شاری سلێمانی ؟

## ١ - ٢ گرنگی توێژینەوەکە :

قۆناغی منداڵی بە گرنگترین قۆناغەکانی تەمەن و گەشەی منداڵ ئەژماردەکرێت ، زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ دادەنێت ، چونکە ئەم قۆناغە بەدروست بوون و ئامادەکردن و وێناکردنی شێوەکانی کەسێتی و دیاریکردنی گەشەی جەستەیی و ئەقڵی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت ، بەو پێیەی قۆناغی منداڵی بەکەمی شارەزایی منداڵان دەناسرێت ،لەبەر ئەوە لێرەدا هەلێکی گونجاو دێتە ئاراوە بۆ ئەوەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاری خۆیان بکەن بە پێدانی زانیاری لە زانین و کارامەیی زمانەوانی و فێرکردنی بەها و نەریتە ئەرێنیەکان (صالح ،٢٠١٥ : ٤٤) .

شارەزاییەکانی قۆناغی منداڵی بەرایی کاریگەریەکی زۆریان هەیە لەسەر پەرەپێدانی هزر و مێشك، زاناکانی بواری مێشك کۆمەڵێك توێژینەوەی بەدواداچوونیان کردووە لەم بوارەدا کە ماوەی (٢٣) ساڵی خایاندوە ، تیایدا چاودێری ئەو منداڵانەیان کردووە کە بەرکەوتنیان هەبووە لەگەڵ شارەزاییە هەمە چەشنەکاندا لە قۆناغی منداڵی بەراییدا ، بۆیان دەرکەوتووە کە ئەم ئەزموون و شارەزاییانە کاریگەریەکی زۆر دادەنێت لەسەر لایەنەکانی کەسێتی ئەقڵی و ویژدانی و کۆمەڵایەتی لە داهاتوودا (بدیر ،٢٠١٤ :١٨) ، ئەزمون و شارەزاییە هونەریەکانی پەیوەندیدار بە قۆناغی منداڵی بەرایی بەوە جیا دەکرێنەوە کە بە تێپەڕبوونی کات لە گۆڕاندان ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمە چەشنیی ئاراستە کۆمەڵایەتیەکان کە کاریگەریان هەیە لەسەر منداڵان و باوانیان ، دەبێتە مایەی گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردن و بایەخبەندی لە سەرپەرشتی کردن و فێرکردنی منداڵاندا .

مافەکانی منداڵ بە بەشێك لە مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ کە چاودێری تەمەن و پێداویستیە تایبەتیەکانیان دەکات ، هەموو منداڵێ کۆمەڵە مافێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەیپارێزێت لە هەر

مەترسی و خراپ مامەڵەکردنێك بەبێ گوێدانە ڕەچەڵەك و ڕەنگ و ناسنامە و بیرو باوەڕ و .. (منصور،٢٠١٤: ٣٠) .

گرنگیدان بەکردەی فێرکاری پەروەردەیی ئاراستەکراو بەرەو فێربوون و فێرکاری مافەکانی منداڵان دەرئەنجامی کۆمەڵێ هۆکارە لەوانە : کردەی پەروەردەیی چیتر لە چوارچێوەی پەرەپێدانی لایەنەکانی ئەکادیمی زانیندا قەتیس نەماوە کە پەرتووك و پەیڕەوی خوێندنگا و زانکۆکانی لە خۆگۆتبوو، بەڵکو پەلی کێشاوە لە ئامادەکردن و پەرەپێدانی کەسێتیەکی تەواو ، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاری و ململانێیانەی کە لە ئێستادا تیایدا دەژین کە دامەزراوە فێرکاریەکانی وەك خوێندنگا و زانکۆکانی ناچارکردووە وەڵامدانەوەیان بۆی هەبێ و توانایان هەبێ لە بەدیهێنانی ئەو پەرەپێدانەدا ، کە لە ڕێگەی هۆشیاری تەواو بەمافەکانی تاك لە کۆمەڵگە و پراکتیزەکردنیان دێتە دی (ابو شمالة ،٢٠١٢ : ٦٣٧) .

یەکێك لە بەهێزترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی( بیستراو بینراو) ڤیدیۆیە کە کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر منداڵ ، هەروەها بەو پێیەی هەڵبژاردنی ڤیدیۆی پەروەردەی فێرکاری ئامانجدار زانیاری وژیری و ڕۆشنبیری و ئاراستە و ڕەفتاری گونجاو دەگوازێتەوە ، پاڵپشتی داب و نەریت و بەها پەسەندەکان دەکات ، منداڵان چێژی لێ دەبینن و پاشخانی زانیاری و ڕۆشنبیریەکانیان بەهێز دەبێت و گاریگەریەکی ئەرێنی بەجێ دەهێلێت لە ژیانی ئێستا و داهاتوویاندا.

ڤیدیۆ توانایەکی گەروەی هەیە لە گەیاندنی زانیاریەکان و گۆڕینی ئاراستە لای تاکەکان بە تایبەتی منداڵان ، هەروەك توانای گەیاندنی ناوەڕۆك و بیرۆکەی بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ هەیە کە ئەمەش وای لێ دەکات کاریگەریەکی کارای هەبێت لە پاڵپشتی کردنی کردە فێرکاریەکان ، وەرگرتنی کارامەییە ژیری و زمانەوانیەکان لای منداڵان ، بەو پێیەی ڤیدیۆ پشت دەبەستێت بە دەنگ و ڕەنگ و جووڵە ، چونکە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی گرنگی و سەرنج و ئاگایی منداڵ و دەبێتە هۆی کارلێك کردن و کاردانەوەیان بۆ فیلمە پەروەردەیی و فێرکاریە پەروەردەییەکان ، هەروەك ڤیدیۆ بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکان دادەنرێت لە بواری فێرکردنی منداڵاندا، بە تایبەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندندا ، کە کەرەستەیەکی فێرکاری دیاریکراوە بۆ مامۆستا و منداڵ لە تێگەیشتنی بابەتە فێرکاریەکاندا (ابو معال ، ٢٠٠٦ : ١٩١) .

توێژەر بە پشت بەستن بە بۆچوونەکانی سەرەوە ، گرنگی توێژینەوەکە لە دوو ڕەهەنددا دیاری دەکات : ڕەهەندی تیۆری و ڕەهەندی جێبەجێکردن :

## ١-٢-١ گرنگی تیۆری :

١. تا ئەو ئاستەی کە توێژەر ئاگادارە هیچ توێژینەوەیەك لەسەر ئاست و گرنگی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانی لە هەرێمی کودرستان ئەنجام نەدراوە، بۆیە توێژەر پێی وابوو پێویست بە توێژینەوەیەك بە زمانی کوردی دەکات .

٢.دەست نیشانکردنی بابەتی ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان گرنگە تاوەکو منداڵان دوور بن لەهەر جۆرە پێشێلکاریەك کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە لە داهاتوویاندا ، هەروەها لە قۆناغی منداڵی زووەوە ئاشنا ببن بە مافە تایبەتیەکانی خۆیان .

٣. ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ توێژەرانی بواری باخچەی منداڵان و ڕاگەیاندنی پەروەردەی منداڵان ، هاندەرێکی باش دەبێت بۆ برەودان بە هۆشیارکردنەوەی باوان بە گشتی و بە تایبەت خودی منداڵان بە مافەکانیان .

## ١-٢-٢ گرنگی جێبەجێکردن (پراکتیکی) :

١. یارمەتی منداڵانی قۆناغی باخچە دەدات کە ئاشناببن بە مافەکانیان و سازش نەکەن لەسەری .

٢. هەوڵێکی زانستیانەیە بۆ پشتبەستن بە بەکارهێنانی ئامراز و تەکنیکەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان .

٣. دەکرێت وەك بابەتێکی تایبەتی منداڵان لە کەناڵە تەلەڤزیۆنیە تایبەتمەندەکانی منداڵان و کەناڵە پەروەردەیی و ماوەی منداڵاندا پەخش بکرێت .

٤. دەکرێت وەك بابەتێکی نوێ و تەریب لەگەڵ پەروەردەی هاوچەرخدا بکرێتە ناو پرۆگرامی باخچەکانی منداڵان و ببێتە بەشێك لە چالاکیە پەروەردەییەکانی ئەو ناوەندانە .

## ١ -٣ ئامانجی توێژینەوەکە :

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە :

١. زانینی ئاستی ئاشنایی منداڵان بە مافەکانیان لە باخچەکانی شاری سلێمانی .

٢. زانینی ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان بە پێی گۆڕاوەکانی (ئاستی بڕوانامەی باوك ، ئاستی بڕوانامەی دایك ، ڕیزبەندی منداڵ لەناو خێزاندا ، ڕەگەز) .

٣. زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان .

## ١ -٤ گریمانەی توێژینەوەکە :

١. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا ، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەییدایە .
٢. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەگوێرەی گۆڕاوی بڕوانامەی باوك ، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەیە کە باوکیان خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و باڵاترن .
٣. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەگوێرەی گۆڕاوی بڕوانامەی دایك ، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەیە کە دایکیان خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و باڵاترن .
٤. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی نیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەپێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ.
٥. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە .

٦. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی بەدەستهاتوو لە تاقیکردنەوی پێشەکی و پاشەکی لای گروپی ئەزموونی ، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکیدایە .

## ١-٥ سنووری توێژینەوەکە :

سنووری بابەتی/ بریتییە لە بابەتی مافەکانی منداڵان و ڕاگەیاندنی پەروەردەیی .

سنووری مرۆیی/ بریتییە لە منداڵانی باخچەی (کوردجینیەسی ناحکومی/١) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی شاری سلێمانی .

سنووری جوگرافی/ بریتییە لە باخچەی منداڵانی (کورد جینیەسی ناحکومی/١) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا .

سنووری کاتی/ ساڵی خویندنی (٢٠٢٢_٢٠٢٣) .

## ١-٦ پێناسەکردنی چەمك و زاراوەکان :

توێژینەوەکە ئەم چەمك و زاراوانە لە خۆ دەگرێت :

### ١-٦-١ ڕاگەیاندن Media :

- الخطیب و ئەوانی دیکە (٢٠٠١) : کردەیەکی لێکتێگەیشتنە هەڵدەستێت بەڕێکخستنی کارلێك لەنێوان خەڵك و وەڵامدانەوە و هاوسۆزییان لە بۆچوونەکانیان لەنێوان خۆیاندا ( الخطیب و اخرون ، ٢٠٠١: ١) .
- امبابی (٢٠٠٧) : کۆی زانیاری وچالاکیە گەیاندنیەکانە کە ئامانجی پێدانی سەرجەم ڕووداوەکان و هەواڵە ڕاستەکان و زانیاریە تەواوەکانە بە جەماوەر لەسەر کێشەو دۆزەکان بە ڕێگەیەکی بابەتی و بێ لایەنگیری ، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی هۆشیارییەکی زۆر و زانین و درك کردن ، هەروەك لە خۆگرتنێکی گشتگیرە لای چەشنەکانی وەرگری بابەتەکانی ڕاگەیاندن ،هەروەك بەشداری لە ڕۆشنبیرکردنی رای گشتیدا دەکەن (امبابی ، ٢٠٠٧:١٠ ) .

- کرکوکی (٢٠٠٨) : پرۆسەیەکە کە تێیدا نێرەر و وەرگری پەیام لە بابەتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا کارلێك دەکەن ، لەم کارلێکردنەشدا بیرو بۆچوون و زانیاری پێویست سەبارەت بە کیشەیەکی دیاریکراو لە نێون تاکەکاندا دەگوازرێتەوە (کرکوکی ،٢٠٠٨: ٧) .
- الشمیمری (٢٠١٠) : بریتیە لە گواستنەوەی زانیاری و زانست و ڕۆشنبیری هزر و ڕەفتار ، بە ڕێگایەکی دیاریکراو و لە ڕێگەی ئامراز و کەرەستەی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە ، بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری (الشمیمری،٢٠١٠ :٥٢) .
- حلس و مهدی (٢٠١٠) : بریتیە لە گواستنەوەی بابەتیانەی هەواڵ و زانیاری و ڕووداوەکان بە شیوەیەکی ڕاستگۆییانە لە ڕێگەی یەکێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە و بە بە ئامانج گرتنی ئەقڵی وەرگر ، ئامانج لێی تەنها خودی ڕاگەیاندنە تاوەکو جیابکرێتەوە لە پروپاگەندە (حلس و مهدی،٢٠١٠: ٤١) .
- حمزة و لحسن (٢٠١٢) : کردەی بڵاوکردنەوەی ڕاستی و هەواڵ و ڕا و بیرۆکەکانە لە نێوان جەماوەرەکانی دەستەیەك یاخود دامەزراوەیەك بە هەردوو جۆری ناوخۆیی و دەرەکیەوە (حمزة ولحسن ، ٢٠١٢: ١٢) .
- ابراهیم ئیمام (٢٠١٤) : کردەی گواستنەوەی هەست و نەست و بیرو بۆچوون و زانیارییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا (شوانی،٢٠١٤: ١٧) .
- انساعد (٢٠١٥) : کردەیەکی داینامیکیە ئامانج لێی هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردن و فێرکردن و قایلکردنی چەشن و جیاوازیەکانی جەماوەرە کە دەبنە وەرگری بابەتە جیاوازەکان و بینەری بەرنامە و برگەکانی ( انساعد،٢٠١٥: د ) .

## ١-٦-٢ ڕاگەیاندنی پەروەردەیی Educational Media :

- الصعیدی (٢٠٠٥) : هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە بوارە پەروەردەییەکانەوە هەیە هەر لە ئامادەکردن و پەرەپێدانی پرۆگرام و بڕیار لێدراوەکان ، لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کەرەستە جیاوازەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ بە مەبەستی بەدی هێنانی ئامانجە پەرروەردەییە جیاوازەکان (الصعیدی ،٢٠٠٥: ٥٥) .
- حوامدة (٢٠١٨) : بەگەڕخستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و لە ژێر ڕۆشنای ڕامیاری هەریەك لە بوارەکانی فێرکاری و ڕاگەیاندن (حوامدة ،٢٠١٨ : ٢٥) .

- مثناني (٢٠١٩) : ڕۆڵی بەستەرێك دەبینێت لە نێوان ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵی پەروەردەیی پەیوەندیدار بە بوارەکانی پەروەردەو فێرکاری، ئامانج لە هەموو ئەو پەیامانەی پێشکەشیان دەکات هێنانەدی پەروەردەیەکی باشترە بۆ خوێندکار کە وەرگرێکی سەرەکی بە ئامانجکراوە لە لایەن نێرەری گەیاندن لە ڕاگەیاندنی پەروەردەییدا (مثناني، ٢٠١٩: ٦٢) .
- پێناسەی تیۆری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی : بریتیە لە وەگەڕخستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بواری پەروەردەدا بە ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان .
- پێناسەی ڕێکاری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی : بریتییە لە بەگەڕخستنی ڕەگەزەکانی ڕاگەیاندن ( ڤیدیۆ و وێنە) و بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ (کۆمپیوتەر و داتاشۆ) لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان (ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان) .

## ١-٦-٣ منداڵ Child :

- ئۆکسفۆرد (٢٠٠٦) : زادەی مرۆڤی تازە لەدایك بوە تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن، هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دەگرێتەوە (Oxford , 2006 : 203).
- ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی بۆ چاکسازی تاوانباران (٢٠١٣) : واتا هەموو منداڵێك کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتربێت بە مەرجیك یاسای ووڵاتەکەی بەسەردا جیبەجێ ببێت (المنظمة الدولية للاصلاح الجنائي ،٢٠١٣: ١٠) .
- شني (٢٠١٤) : مرۆڤێکی تەواوە لە ڕوی پێکهاتە و توانا ئەقڵی و سۆزو هەستانەی کە هەیانە،کەوا دەبینرێن کە ئەم تواناياانە ئێشتا پێگەیشتن وبارگاوی بونیان ماوە تاکو ببن بە کەسێکی پێگەیشتوو (شني،٢٠١٤: ١٥) .

## ١-٦-٤ مافی منداڵ Childre's Rights :

- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (٢٠٠٨) : کۆمەڵە مافێکی دیاریکراوە ئامانجی پاراستنی هەموو مرۆڤێکە کە (١٨) ساڵی تەمەنی تێنەپەڕاندبێ (منظمة العفو الدولية ،٢٠٠٨ :١٣ ) .
- ابوعرام (٢٠١٢) : کۆمەڵێك پێداویستی بنەڕەتی و مەدەنی و ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریە کە منداڵان پێویستیانە بۆ دابینکردنی ژیانێکی شکۆمەندانە کە کەسێتی و شکۆی بپارێزێت لەناو ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژی ، تاکو بتوانێ بەشداری لە سەرجەم چالاکیەکانی ناو کۆمەڵگاکەیدا بکات (ابوعرام ،٢٠١٢: ٤٧) .

- المرسومی (٢٠١٣) : ئەو مافانەیە کە جێگیرن و بڕیاری لێدراوە بۆ منداڵان (کوڕ یاخود کچ) بەبێ ڕەچاوکردنی کات وشوێن ، لە رێکەوتنامەی مافەکانی منداڵاندا جێگەی کراوەتەوە ئامانج لێی دابین کردنی ژیانێکی شەرەفمەندانە و سەرپەرشتیەکی گشیگیرانەی منداڵانە (المرسومی،٢٠١٣ :٢٤٥) .
- الزبون و ئەوانی دیکە (٢٠١٦) : کۆمەڵە یاسایەکی گشتگیرە بۆ پارێزگاری کردن لە منداڵ و خۆشگوزەرانیان ، لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڕیاری لێدراوە و کە پێویستە پاڵپشتی لێبکرێت و بە ئەنجام بگەیەنرێن (الزبون و اخرون ،٢٠١٦ : ٧٣٢) .
- الفضلي ( ٢٠١٧ ) : کۆمەڵێ پێداویستی ژیانە کە ژیانی منداڵ بەبێ ئەو پێویستیانە نابێ،هەروەك پێویستە لەسەر گەورەکان کە بۆیان دابین بکەن و، پابەندبن پێوەی لە چوارچێوەیەکی رێکخستنی کۆمەڵایەتی کە بڕیار لەم پێداویستیانە دەدات و پارێزگاری لێ دەکات ( الفضلی، ٢٠١٧:٢٠٣) .
- اوشریف (٢٠١٧) : کۆمەڵێك پێوەرە کە مافەکانی مرۆڤ دیاری دەکەن کە پێویستە منداڵان لێی سوودمەند بن لە هەرجێیەك بن بەبێ جیاکاری (اوشریف ،٢٠١٧: ٣١٤) .
- رضوان (٢٠١٨) : کۆمەڵە مافێکە کە لە لایەن بەڵگەنامەکان و ڕێکەوتننامەکان و بنەما گشتیەکانەوە ناسێنراوە ، گەشەیەکی دروست و ژیانێکی خۆش بۆ منداڵان لە خۆدەگرێت ، ڕەخساندنی بارودۆخێك کە تیایدا بتوانن داهێنانەکانیان دەربخەن بۆ ئەوەی ببن بە هاوڵاتیەکی باش لە ناو کۆمەڵگادا ، هەروەك کۆمەڵێك دۆز لە خۆدەگرێت کە نوێنەرایەتی کرۆکی ئەم مافانە دەکات (رضوان ،٢٠١٨ :٣٩٣) .
- محمد (٢٠١٨) : ئەو داب و نەریت و بەها و ئاراستە و ڕەفتارانەیە کە هاوشانە لەگەڵ بڕیاردان و جێگیرکردنی مافەکانی منداڵان وەك ئەوەی لە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی (١٩٨٩) دا هاتووە لەوانەش مافەکانی (یەکسانی و جیاکاری نەکردن ،مافی ژیان ، مافی دەربڕین و مافی فێربوون) (محمد،٢٠١٨: ٩) .
- البریهی (٢٠١٩) : بریتیە لە کۆمەڵە مافێکی تاکایەتی و کەسێتی منداڵ ،جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەڵگرانی منداڵن و پێویستیان بە چاودێری و سەرپەشتی کردن هەیە (البریهی ،٢٠١٩ :٢٦٠ ) .
- کاظم و نجم (٢٠٢٠) : کۆمەڵە مافێکی تایبەتە بە منداڵ ، بە مافە تاکایەتیەکان ئەژماردەکرێت کە گونجاوە لەگەڵ تەمەن و پێداویستیەکانی و سیفاتەکانی ، بەوپێیەی کە مرۆڤە و تاکێکی

تەمەن بچووکە ناتوانێ پێداویستیەکانی خۆی جێبەجێ بکات و ئاگاداری خۆی بێت بەبێ هاوکاری کەسانی دیکە (کاظم ونجم ،٢٠٢٠: ٧٥) .

- المحروقی (٢٠٢١) : ئەو کۆمەڵە پێداویستییەیە کە منداڵ ناتوانێ بێ فەراهەم بوونیان بژی ، دەبێت لە چوارچێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا دابین بکرێت و بپارێزرێت و بڕیاری لە بارەوە بدرێت (المحروقی، ٢٠٢١: ٣٤) .
- پێناسەی توێژەر بۆ مافەکانی منداڵ : ئەو مافانەیە کە گەشە و پێگەیشتنی منداڵ لەخۆدەگرێت بەشێوەیەکی سروشتی کە بەدی دێت لەڕێگەی مسۆگەرکردنی ئەم مافانەوە بە درێژایی هەموو قۆناغەکانی منداڵی تاکو تەمەنی هەژدەساڵی ، لەلایەن ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان بڕیاری لێدراوەبە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانیان لە هەموو بارودۆخێکدا ، وەگرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ مسۆگەرکردنی گەشەکردنی جەستەیی و ئەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵان بەشێوەیەکی سروشتی و تەندروست ، بێ هیچ جیاکاری کردنێك .
- پێناسەی ڕێکاری مافەکانی منداڵ : بریتیە لەو نمرەیەی کە منداڵانی نموونەکە لە وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەرەکەدا بە دەستی دەهێنن.

## ١-٦-٥ باخچەی منداڵان Kindergartens :

- نبهان (٢٠٠٩) : دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیە کە ئامانجی گەیشتنە بە گەشەیەکی تەواو و گونجاو بۆ منداڵان لە هەموو لایەنەکانی جەستەیی و ئەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە (نبهان،٢٠٠٩: ١٦) .
- خضور (٢٠١٥) : بریتیە لە پۆلە یەکەمیەکانی پێش خوێندنگا کە تیایدا پێشوازی لە منداڵان دەکرێت ، لە ڕێگەی یاریەوە ئامادەیان دەکات بۆ پۆلی دواتریان ، بەپشت بەستن بە ڕێگا پەروەردەییە نوێیەکان کە تیایدا منداڵ ئازادە لە هەڵبژاردنی یاریە دڵخوازەکەی خۆی،فێرکردنیان لە ڕێگەی ئەزموون کردن و بە هاوکاری ئامرازە بینراو و بیستراوەکان دەبێت، بۆ پەرەپێدانی هەستی فێرکاری (خضور ،٢٠١٥ :٩ ) .
- الحروب (٢٠١٧) : باخچە ئەو دامەزراوە پەروەردەییە کۆمەڵایەتیانەن کە منداڵان پەیوەندی پێوە دەکەن ، کە تەمەنیان لە نێوان (٤_٦)ساڵیدایە ، لە زۆربەی وڵاتاندا دامەزراوەی فێرکاری بۆ منداڵانی پێش خویندنگا ئامادەکراوە (الحروب،٢٠١٧ :٩) .

- الحافظ و البغدادي (٢٠٢٠) : دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاریە ، منداڵان پەیوەندی پێوە دەکەن پێش خوێندنگا ، بە مەبەستی گواستنەوەیان لە ماڵەوە بۆ فێرگە فێرکاریەکان ، جەختکردنەوەی ئەم ئەزمونە یەکەمیە بە ئامانجی چاودێریکردنی تەندروستی منداڵان وپاراستن و خۆراك پێدانیان بوو (الحافظ و البغدادي ،٢٠٢٠ :٥٨) .
- بۆكانی (٢٠٢٠) : دامەزراوەیەکی فێرکردنی حکومی یان ئەهلییە ، ئەو منداڵانە وەردەگرێت کە تەمەنیان پێش قوتابخانەی سەرەتاییە .ئەو ئۆرگانە بنەڕەتیەیە کە مناڵ لە ژینگەی ماڵ و خێزانەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی بەدەست هێنانی ژیانی تایبەت .بۆیە پێویستە ئەم ئۆرگانە تەواوكاری ماڵەوە بێت بەو چەشنەی مناڵ لەوێ هەست بە دڵنیایی و متمانە و ئارامی بکات (بۆکانی ،١،٢٠٢٠ : ٥٦) .
- المهنـــــاء (٢٠٢٠) : ئەو دامەزراوە پەروەردەیــــیە کۆمەلایەتیـــــانەیە کە منــــــداڵان وەردەگــرن ، خوێنــدن تيايــدا بــۆ مــاوەی دوو ســاڵە و بە دوو قۆنــاغە ، منــداڵ ئامــادە دەکرێــت بــۆ چــوونە خوینــدنگا ، هەروەك يــارمەتی دەدات لە وەرگـــرتنی كــارامەيی و شــارەزاییە نوێیەکــان ، بە جــۆرێ کە ئــازادی تەواوی پێدەبەخشــێت لە ئەزمــوونكردنی چالاکیەکانی و دۆزینەوەی ئارەزوو و حەز و تواناکانی (المهناء،٢٣٩:٢٠٢٠).

# بەشــی دووەم

## ٢- چــوارچێوەی تیۆری توێژینــــــەوەکە

٢-٢ ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی پەروەردەیی

٢-٢ مافــــــەکـانی منــــــداڵان

٢- ٣ منداڵی و باخــــچەی منداڵان

٢- ٤ تــــوێژینــــــەوەکانی پێشـوو

## ٢ - ١ تەوەری یەکەم : ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی پەروەردەیی :

### ٢ -١-١ ڕاگەیاندن Media :

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەهۆی سروشت و کارلێکردنی مرۆڤ لەگەڵیدا بە ئامرازێك لە ئامرازە پەروەردەییەکان هەژمار دەکرێت بەو پێیەی ڕەنگ دەرەوەی کۆمەڵێك لایەنی رۆشنبیری کۆمەڵگای گشتیە ، لە ئێستاشدا سەرچاوەکانی زانیاری تەنها خۆیان لە خێزان یاخود خوێندنگادا کورت ناکەنەوە، بەڵکو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یەکێکن لەو دامەزراوانەی کە منداڵان زانیاری زیاتر لێوەردەگرن بە بەراوورد بەو زانیاریەی لە خوێندنگا و خێزانەکانیانەوە دەستیان دەکەوێت ، هەروەها ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی نەوەکان ، گرنگیەکی زۆریشی هەیە لە گەشەپێدانی ژیری و ڕەفتاری تاکەکان و پەروەردەکردنی منداڵ و پەرەپێدانی کەسێتیەکەی ، کاتێك کە زانیاری گشتگیرتر و تێگەیشتنێکی قووڵتری دەداتێ دەربارەی جیهانی بەرجەستە و جیهانی کۆمەڵایەتی ، دەتوانێت گۆڕانکاری بەدیبێنێت لە ڕوانگە و پەی پێبردنەکانیاندا ، بەهاو ڕۆشنبیری تایبەتیان تێدا بچێنیت بە جۆرێك کە بتوانێت لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخدا بیانگونجێنێت و ئاشنایان بکات بە چۆنێتی مامەڵە و کارلێك کردن لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجیەکان (علی ، ٢٠١٦: ٧٥٣) .

بەو پێیەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئاماژەیەکن بۆ کۆمەڵێ کەرەستەی تەکنیکی و ماددی و هەواڵیی و هونەری و وێژەیی و زانستی ، ئامانجی گەیاندنی جەماوەرە بەیەکدی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ ، ئینجا ئەگەر ئەو ئامرازە ڕاگەیاندنیانە خوێنراو یاخود بیستراو یاخود بینراو بن ئامانجەکانی ڕاگەیاندن خۆی لە ناوەڕۆکی پەیامەکانیدا دەبینێتەوە هاوشان لەگەڵ تەباییان بە گیانی سەردەم و کارلێکی بابەتی و لایەنەکانی ڕۆشنبیرکردن ، گونجاوی شێوازی هونەرییان ، بەپشت بەستن بەو بنەمایانەش هەڵسەنگاندن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکرێت و لەسەر ئەو بنەمایانە لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانیان دەست نیشان دەکرێت (الخطیب و اخرون ،٢٠٠١ :١٢ ) .

## ٢-١-٢ ڕاگەیاندنی منداڵ :

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ڕاگەیاندن بریتیە لەتوانای کارتێکردن لەسەر تێڕوانین و دنیا بینینیمان بە تایبەت ئەم کاریگەرییە لەسەر منداڵانی پێش خوێندنگا دەگاتە ئەوپەڕی خۆی ، بەجۆرێك کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەکو دامەزراوەیەك لە دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا ڕۆڵی خۆی دەگۆڕێت و کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر دروستکردنی هۆشیاری لای منداڵان و پەیبردنیان بە هەموو ئەو شتانەی کە لە چواردەوریدا هەن و پەیوەندیان پێوەی هەیە ، هەروەکو چۆن وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی فێرکاری ڕۆڵێکی کارایان هەیە لە فێرکردنی کارامەییە هەست و زمانەوانیەکان لای منداڵ .

هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی وەکو بنەمایەك بۆکارکردنیان لە بواری منداڵاندا لەبەرچاو دەگرن بەمەبەستی پاراستنیان لەو بەرکەوتنە کۆمەڵایەتیانەی کە لەگەڵ جیهانی دەرەوە و تەنانەت ژینگەی خێزانیشدا ڕووبەڕوی دەبنەوە . لەگەڵ ئەوەی لە سایەی هەژموونی ڕاگەیاندنی ژمارەییەوە ڕاگەیاندنی بینراو تارادەیەك پاشەکشێ کردنی پێوە دیارە ، بەڵام هێشتا هەر ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پێگەیاندنی منداڵاندا بەو پێیەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام و بەڕادەیەکی زۆر بەردەستە بۆمنداڵان ، ئەمە جگە لەوەی کە ڕاگەیاندنی ژمارەیش هاوکارێکی باشی بڵاوبونەوە و پەخش کردنیەتی (عبدالنعیم ،٢٠٢٠: ٤١٩٧) .

ڕاگەیاندن بە بەشێکی دانەبڕاوی پەروەردەی منداڵ دادەنرێ لە دروست کردنی بەها و ئاراستەو بۆچوونەکانیان ، هەروەك بە دەروازەی کردەکانی فێرکردن و پەروەردە و ڕۆشنبیرکردنی منداڵ دادەنرێت، وەك ئاشکرایە کردەی پەروەردە بە هەردوو ڕێگەی مەبەستدار و بێ مەبەست بە ئەنجام دەگەیەنرێت و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەڵدەستن بە کردە پەروەردەییە مەبەستدارەکان و گۆڕینی ئاراستە کۆنەکانی منداڵان و وەرگرتنی ئاراستەی نوێ ، وەك گۆڕینی ڕەفتار و جێگیرکردنی ئاراستە پەسەندەکان (الخميسى ،٢٠٠٩: ١٠) .

**هەروەك ئەم ئامرازانە کاریگەری لەسەر منداڵان دادەنێن بەپێی چەند هۆکارێك لەوانە:**

١- جۆری گەیاندنەکە و هێز و توانای لەڕاکێشانی سەرنجی منداڵ کە ئەوانیش بەم جۆرە دابەش بوون :

- ئامرازی ڕاگەیاندنی بیستراو : ئەو ئامرازانەن کە پشت بە هەستی بیستن دەبەستن وەك ئێستگە و کاسێتی تۆمارکردن کە کاریگەری بە ڕێژەی (٢٠٪-٣٠٪) لەسەر منداڵ دادەنێن .
- ئامرازی ڕاگەیاندنی خوێندراو : ئەو ئامرازانەن کەپشت بەووشە دەبەستن وەك ڕۆژنامەکان و کتێب و گۆڤار کە کاریگەری بەڕێژەی (١٠٪-_٢٠٪) دادەنێن لەسەر منداڵ .
- ئامرازی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو : ئەو ئامرازانەن کەپشت بە هەردوو هەستی بینین و بیستن دەبەستن لەیەك کاتدا وەك تەلەڤزیۆن و سینەما و شانۆ کە کاریگەریان لەسەر منداڵ بەڕێژەی (٦٠٪-_٧٠٪) کە بەرزترین ڕیژەی هەیە .
- ئامرازی ڕاگەیاندنی چەسپاو : ئەمانەش ئامرازی ڕاگەیاندنن خەڵك روویان تێدەکات بۆ سوود وەرگرتن وەك پێشەنگا و مۆزەخانە .

٢- تەمەنی منداڵ وپاشخانە ڕۆشنبیریەکەی و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی .

٣- جۆری ئەو پەیامانەی کە لە ڕێگەی بابەتە ڕاگەیاندنیەکانەوە پێشکەش بە منداڵان دەکرێت ، ئەمە بە گرنگترین دۆز دادەنرێت ، بەوپێیەی منداڵ داهاتوویەکی باشە بۆ هەموو ئەو شتانەی بۆی دەنێردرێت بە تایبەت ئەگەر هاتوو بابەتەکە سەرنج ڕاکێشی و ووروژێنەری منداڵی لەخۆگرتبوو (محمد،٢٠١٤: ٤٣٣) (فاروق و کەلاری ،٢٠١٣: ٤٢) .

## ٢ -١ -٣ ڕاگەیاندنی بیستراو بینراو:

بەلای زانایانەوە لەهەر ئامرازیکی ڕاگەیاندندا کە پەنا دەباتە بەر وێنەی بیستراو بینراو یاخود بەرامبەر دەبێتەوە لەگەڵ ئامرازەکانی گەیاندنی نوسراو (Media Imprimes) بواری بیستراو بەرجەستە دەبێت ، بەکارهێنانی چەمکی (Audio Visual) بۆیەکەم جار لەساڵی (١٩٣٠) لەلایەن ئەمریکیەکانەوە بەکارهێنرا ، لەو کاتەوە ئەم چەمکە واتای فیلم و قەوان و ئامێری تۆمارکردن و تەلەڤزیۆن دەگرێتەوە .

ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو کاریگەرترین جۆرەکانی گەیاندن و کاراترینیانە لەسەر وەرگر بەتایبەت منداڵان، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە گەیاندنی پەیام و تێگەیاندنی وەرگردا ، لەگەڵ پەیدابوونی کەرەستە بیستراو و بینراوەکانی وەك تەلەڤزیۆن و ڤیدیۆ و ئامرازەکانی پەخش هاتە کایەوە ، لە تایبەتمەندیەکانیشی :

١. پشت بەستن بەهەردوو هەستی بیستن و بینین لە هەمان کاتدا بۆ وەرگرتنی پەیامەکان ، هەر ئەمەش بۆتە بنەمای ناونانی بەم ناوە ، لەڕووی زانستیشەوە بەشداریکردنی زیاتر لە هەستەوەرێك لە وەرگرتنی زانیاریەکاندا دەبێتە هۆی دروستکردنی زانیاری و زانستی زۆرتر دەربارەی ئەو بابەتە .
٢. پشت بەستنی ئامرازەکان بە کەرەستەی یارمەتیدەری وەك وێنە و فیلم و مۆسیقا .
٣. توانای گواستنەوەی زانیاری و ڕووداو و ئەزموون و شارەزاییەکان لەڕێگەی دەنگ و وێنەوە پێکەوە .

بەهۆی ئەم تایبەتمەندیانەوە گرنگیەکی زۆر بە گەیاندنی بیستراو و بینراو دراوە لە لایەن پسپۆڕانی ڕاگەیاندن و پەروەردە و دەروونناسی و کۆمەڵناسییەوە ، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بواری هۆشیارکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگادا بەکارهاتووە بە تایبەت لە نێوانیاندا منداڵان ، هەوڵی ڕاکێشانێکی ئامانجدارانە دەدات لەپێناو پەرەپێدانی تواناکانی پەیوەندیکردن و ئاگادارکرنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی زمانەوانی (سميرة ،٢٠١٠: ٤١) (عبوط و اخرون ، ٢٠١٨: ١٣) .

## ٢ -١- ٤ ڕاگەیاندنی پەروەردەیی Educational Media :

ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ساڵانی کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵدا و وەك چەمکێکی زانستی لە ساڵی (١٩٧٧) دا بۆ یەکەم جارلە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانست (یونسکۆ) بەکارهێنرا ، ئەویش بە مەبەستی ئاماژەدان بەو پێشکەوتنەی کە بەسەر سیستەمی زانیاری پەروەردەیی و شێوازەکانی دیکۆمێنت کردن و وسوودوەرگرتن و پۆلێنکردنیدا هات (المعمري،٢٠١٤: ١٥).

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی تەکنەلۆجیا کە لە سێ دەیەی دواییدا بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا هات ، کەخۆی لە هەڵوەشانەوەی بەربەستەکانی کات و شوێندا دەبینیەوە لە ڕێی

تەکنەلۆجیای پەخشی ئاسمانی  لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکان ، ڕاگەیاندنی پەروەردەیی پەلی هاویشت بۆ ئەوەی ئەرکە پەروەردەییەکانی ئامرازە گشتیەکانی ڕاگەیاندنیش بگرێتەوە ، ئەویش خۆی لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتیەکانی پەروەردە لە ناو کۆمەڵگادا و پابەند بوون بە بەها ئاکاریەکانەوە دەبینێتەوە ، ئەم پێشکەوتنەش بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە :

١. پێشکەوتنی چەمکی پەروەردە و فراوانبوونی ئاسۆیی و مانادارتربوونی لەو ڕوانەی کە پەیوەندی بە ڕەفتار و هەڵسەنگاندنیەوە هەیە ، تێڕوانینی بۆ پەروەردە ئەوەیە کە کردەیەکی گشتگیرو بەردەوامە و، ئازادکردنییەتی لە کۆت و بەندی شێوازی دامەزراوەیی فەرمی .
٢. بڵاوبونەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەیەکی بەرفراواندا و،پەرەپێدانی تواناکەی بۆ ڕاکێشانی وەرگری پەیامی ڕاگەیاندنیی ، دواتر توانای لە بینینی ڕۆڵی پەروەردەیی هاوشێوەی ئەنجامدانی دامەزراوەییە پەروەردەییە فەرمیەکە .
٣. دزەکردنی هەندێ بەهای نەرێنی و داب و نەریتی نامۆ بە کەلتوری کۆمەڵگا، بە دیاریکراوی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا لە سایەی ئازادی ڕاگەیاندندا (ابوفودة ،٢٠٠٦ : ٤٣) .

## پسپۆڕان کۆمەڵێك لێکدانەوەی هەمەجۆریان هەیە دەربارەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە گرنگترینیان :

١. ڕاگەیاندنی پەروەردەیی واتا بەها پەروەردەیی و ئاکارییەکان لە پەیامێکی ڕاگەیاندنیدا .
٢. ڕاگەیاندنی پەروەردەیی واتا زانیاری تایبەت بە کردە پەروەردەییەکان ، ڕێگاکانی پێرست و بڵاوکردنەوەی .
٣. ڕاگەیاندنی پەروەردەیی واتا کۆمەڵێ بەرنامەی پێشکەشکراوە لە لایەن ئدامەزراوە فێرکارییە جیاوازەکانەوە .
٤. ڕاگەیاندنی پەروەردەیی واتا  بەکارهێنانی سەرجەم شێوازە تەکنەلۆجیە تازەکان وەك ئامرازە ڕاگەیاندنەکانی (بینراو و بیستراو و خوێنراو) بۆ هۆشیارکردنەوە لە ڕێگەی بۆچوون وزانیاری شارەزایی و بیروباوەڕ و ئاراستەکان لە پەروەردە و  زانست و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی . هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی پەیوەندیکردنی جەماوەریەوە یاخود گەیاندنی کەسی دەبێت بەهەر یەکێك لە ئامرازە تازەکانی ڕاگەیاندن (بیسترا و یاخود بینراو یان خوێنراو) بێت (امبابی ،٢٠٠٧: ١٤) .

**هەروەك پێناسەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی چوار ئاراستەی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتین لە :**

ئاراستەی یەکەم : ڕاگەیاندنی پەروەردەیی واتا ئەو گەشەکردنەی کە بەسەر سیستەمی زانیاریە پەروەردەییەکان و شێوازەکانی دیکۆمێنت کردن و پۆلێن کردن وسوود لێوەرگرتنیداهات .

ئاراستەی دووم : وای دەبینن کە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی پەل دەهاوێت بۆ ئەوەی وورەکارییەکانی ئامرازە گشتیەکانی ڕاگەیاندن بگرێتەوە .

ئاراستەی سێیەم : پێیوایە کە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی هەوڵێکی جدییە بۆ سوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی پەیوەندیکردن و زانستەکانی ، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردەیی .

ئاراستەی چوارەم: وای دەبینن کە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی پشت بە بەرنامە پەروەردەییەکانی وەك ئێستگە و تەلەڤزیۆن دەبەستێت (فاروق و کەلاری ، ٢٠١٣ :٢٣٦) .

## ٢-١-٥ ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی :

ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی جیاواز دەبێت بە دروست بوونی جیاوازی لە ئامرازەکانیدا و لەو فەلسەفە پەروەدەییەی کە ڕووبەڕوی ئەو سیستەمە پەروەدەییانە دەبنەوە کە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی تێیداکاردەکات ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك ئامانجی گرنگ هەن لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە ،ئەوانیش :

١. بەشداری کردن لە بەدیهێنانی ئامانجە ڕامیاریەکانی فێرکردن لەڕێی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە .
٢. پەرەپێدانی ئاراستە ڕەفتاریەکانی بونیادنان و نموونە باڵاکان لەناو کۆمەڵگادا .
٣. تیشك خستنە سەر کێشەکانی کۆمەڵگا و کارکردن لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پەروەردەیی لە بارەیانەوە .
٤. ناساندنی هەوڵەکانی دەوڵەت بەرامبەر بە نیشتیمان و هاوڵاتیان .
٥. چاودێری کردنی ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری و سود وەرگرتن لە تێڕوانینە زانستیەکان و وەستان لەسەر داواکاریەکانی ئەو بوارە لە ڕێگەی ئەو زانیاریانەی کە پەخشی دەکات .
٦. هاندانی ئەنجامدانی توێژینەوە لە گشت بوارەکانی پەروەردەدا .

٧. بایەخدان بە بابەت و کێشە پەروەردەییەکانی پەروەردە و خوێندکار و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە .
٨. دەرخستنی ڕۆڵی خوێندنگا و ئاماژە پێدانی وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ پەروەردە و فێرکردن .
٩. گرنگی دان بە هەموو ڕەگەزە کردەییەکانی فێرکاری :مامۆستا - خوێندکار- پرۆگرامی خوێندن – بینای خوێندنگا- بەخێوکەری خویندکار .
١٠. پەیوەندیبەستن لەگەڵ کۆمەڵگادا لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان و دەوڵەمەندکردنی ڕای گشتی بە زانیاری دروست دەربارەی بەرنامە و پرۆژە فێرکاری و پەروەردەییەکان کە دەبێتە بەدیهێنەری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵ لە کاری پەروەردەییدا .
١١. ناساندنی پەیامی مامۆستا و پێگەی لە کۆمەڵگادا .
١٢. گرنگیدان بە چین و توێژەکانی وەك کەم ئەندامان یاخود بەهرەمەندان .
١٣. بەکارهێنانی هونەر و ئامرازاکانی ڕاگەیاندن لە ناو خوێندنگادا وەك هاوکاریەك بۆ پەرەپێدانی بەهرەکانی خوێندکاران و یارمەتیدانی مامۆستایانیش لە گەیاندنی زانیاریەکان وپاڵپشتی کردنی بەها پەروەردەییەکان بە شێوازێکی سەرنجڕاکێشتر .
١٤. هاندانی ئەزموونە پەروەردەییە نوێکان و بڵاوکردنەوەی داهێنانی مامۆستایان و خوێندکاران ، هەموو ئەندامانی خێزانی پەروەردە و فێرکردن لە ڕێگای کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەوە (الدیهی ،٢٠١٥:٢٩٣) .
١٥. ئاشناکردنی خوێندکاران بە گرنگی ڕاگەیاندن و کارەکانی لە ناوکۆمەڵگادا .
١٦. پێشکەشکردنی ڕۆشنبیری ڕاگەیاندنیی گونجاو بۆ هەمووو قۆناغەکانی تەمەن .
١٧. پەرەپێدانی توانای خوێندکار لە تێگەیشتن  لە کردەی ڕاگەیاندن و بەکارهێنانی سەرجەم شێوازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن (الصعیدی ،٢٠٠٥ : ٦١) .

## ٢ -١-٦ تایبەتمەندیەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی :

ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کۆمەڵێ تایبەتمەندی لەخۆ دەگرێت  ، لەوانیش :

١. پێدانی بەها و نموونەی باڵا بە وەرگران، و پەرەپێدانی ئاراستەی ڕەفتاری دروستکەر ، بە بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و هزری و شارستانی و ویژدانی وەرگران .
٢. بەشداری دەکات لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پەروەردەیی لەسەر ئاستی کەرتە فێرکاریە جیاوازەکان و، لەسەر ئاستی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی و خیزان بە شێوەیەکی تایبەتی .

٣. پەرەپێدانی ئاراستە هزرییەکان کە بەشداری دەکەن لە پاڵپشتی کردنی یەکگرتنی کۆمەلایەتی ، بەدیهێنانی ویژدان کە ڕەفتاری تاك ئاراستە دەکات بەرەو ژیان و پاڵپشتی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەکات لای چین و توێژەکانی خوێندکاران .
٤. دڵنیا بونەوە لەوەی کە نەوەی نوێ سامانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگان ، گرنگی دان و پەروەردە و چاودێریکردنیان لێپرسراوێتی گشتیە و هەمووان تێیدا بەشدارن .
٥. ڕێکەوتن لە نێوان دامەزراوە پەروەردەیی و دامەزراوە ڕاگەیاندنیەکاندا ،بە ئامانجی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی تەواوکاری لە ئامانج و بەرنامە و چالاکیەکاندا و ، ڕووماڵکردنی بابەتیانەی گشت لایەنە جیاوازەکانی پەروەردە و فێرکردن و تۆمارکردنی چالاکیەکان .
٦. لە خۆگرتنی کێشە و گیروگرفتەکانی پەروەردە و پەروەردکاران و فێرخوازان و چارەسەرکردنی ڕاگەیاندنیانە بۆیان و ، دەرخستنی ڕۆڵی خوێندنگا بەو سیفەتەی کە ئامرازێکی سەرەکیە بۆ پەروەردە و فێرکردن لە ناو کۆمەڵگادا ، جەخت کردنەوە لە سەر گرنگی پاڵپشتی کردن و هاوکاریکردنی لە ناو پەیامە ڕاگەیاندنیەکەی .
٧. بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان لێپرسراوان و چالاکوانان و گرنگی پێدەرانی لایەنەکانی پەروەردە و فێرکردن ، پەرەپێدانی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ سەبارەت بە پەیامی مامۆستا و پێگەی لە ناو کۆمەڵگادا .
٨. ناساندنی پێشکەوتنە نوێیەکان لە بواری هزری و پەروەردەیی و تەکنیکە فێرکاری و زانینیەکان و هاندانی توێژینەوە لەبواری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی ( جیدوری ،٢٠١٤ : ٤١١) .

## ٢ -١-٧ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی :

ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی خۆی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریدا دەنوێنێت لە گرنگترینیان :

١. تەلەڤزیۆن : تەلەڤزیۆن بە یەکەم ئامراز و گرنگترینیان دادەنرێت کە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لە سەر ڕەفتاری کۆمەڵگا و منداڵان بەتایبەتی هەیە، کاتێ بە ڕۆڵی پەروەردەکار هەڵدەستێت و دەبێتە مایەی بەرفراوانکردنی شارەزاییەکانی زانین و زیادکرنی دەستکەوتی زمانەوانی و لە ڕێگەی بەرنامە هەمە چەشنەکانیەوە کاریگەری لەسەر بیر و ویژدان و ڕەفتاریان دادەنێت .
٢. ئێستگە : بە بەرفراوانی بڵاوبونەوەیی و کەمی تێچوونی بەرهەم هێنان و وەرگرتنی پەیامەکانی ڕاگەیاندن جیادەکرێتەوە و یەکێکە لە ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری ،کە کاردەکات لە سەر

گەیاندنی پەیامی ڕاگەیاندن بۆ ژمارەیەکی بەرفراوان لە وەرگر لە یەك کات و بەبێ بوونی هیچ گەیەنەرێکی وەك (کێبڵ و سیم) کە کاردەکات لەسەر بڵاوکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی هەواڵ و زانیاریەکان لە ماوە دوورەکاندا (فاطمة ،٢٠١٤: ١٠) .

٣. ڕۆژنامە : بەتوانا قووڵ و فراوانەکەی لە خستنەڕو و، بەشداریکردنی جەماوەری و ،ئاسانی هەڵگرتن و پاراستن و ئاڵوگۆڕکردنی جیادەکرێتەوە .
٤. شانۆ : جیادەکرێتەوە بە توانای لە گەیاندنی ئامانجە پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش .
٥. ڕۆژنامە و ڕادیۆی خوێندنگا : دەتوانن ڕۆڵێکی باش ببینن لە دۆزینەوەی توانا ڕاگەیاندنیەکانی خوێندکاران و پەرەپێدانیان (الدیهی،٢٠١٥: ٢٩٦) .
٦. چالاکیە هەمەجۆرەکانی خوێندکاران : (چالاکی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هونەری و وەرزشی و ناوەندەکانی هاوینە و ناوەندەکانی زیندەزانی ) کە هەریەکیکیان ئامرازی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی تایبەت بەخۆیان هەیە ( علوی، ٣ ٠ ٠ ٢ : ٤٤) .

## ٢ -١-٨ ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی :

لە جیهانی ئەمڕۆماندا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێگەیەگی زۆر باشیان داگیرکردووە ، بەهۆی کار و کاریگەری و چالاکیە جیاوازەکانیان لە ناو کۆمەڵگادا ، بەو پێیەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوەکانی بوون بە بەشێکی سەرەکی لە ناو کۆمەڵگا تازەکاندا ، لەبەر ئەوە کاریگەرییەکەی دەرکەوت لە ناو هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتی یە نەریتیەکان وەك دامەزراوە پەروەدەیی و ئابووری و ڕامیاری و دینی .... ، لێرەدا کارەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی دەخەینەڕوو :

١. ئەرکی ڕاگەیاندنیی : کۆکردنەوە و لێکدانەوەی زانیاری و داتا و وێنە و لێدوان و گفتوگۆ و هەواڵی ڕاست لە خۆدەگرێت ، هەروەها چارەسەرکردن و دانانیان لە چوارچێوەیەکی گونجاودا ، هەروەك هاوکاری لێتێگەیشتن لە بار و کەسێتی ژینگەیی و کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵ .
٢. ئەرکی ڕۆشنبیرکردن : بە واتای ئەوەی کە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی زانیاری و بیروبۆچون و وەرگرتنی شارەزاییە جیاوازەکان کە بەشداری دەکەن لە گواستنەوەی کلتووری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرکردنی خوێندکاران لە بوارە جیاوازەکاندا، ڕۆشنبیرکردن واتە هەبوونی زانیاری پێویست لە بوارە گشتیەکانی ژیاندا و لە ناو کۆمەڵگا و

هاوکاریکردن له  فراوانبوونی ئاسۆی خوێندکار و ئارەزوو و خولیاکانی وه تێگەیشتن لەو ڕوداوانەی کە لە چواردەوری ڕوودەدەن ، ئەم ڕۆشنبیرکردنه ڕەنگە بەئامانج و مەبەستداربێت.

٣. ئەرکی کۆمەڵایەتی : ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی هاوشانه لەگەڵ ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هەروەك ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پەروەردە دوور دەکەوێتەوە بەشێوەیەکی مەبەستدار ، خزمەت بە بوارەکانی فێرکردن دەکات بەشێوەیەکی ئامانجدار لە ڕێی بەرنامه هەمەجۆرەکانی وەك بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواری ، شیاندنی مامۆستایان ، شیکردنەوەی بڕیار لێدراوەکانی خوێندن و هەندێ بەرنامەی تر کە پابەندە بە چوارچێوەیەکی گشتی لە ئامانجی پەروەردە و بەها کۆمەڵایەتیەکان (جریسات ،٢٠١١ :١٨) .

٤. دروستکردنی پاڵنەرەکان : لە ڕێی هاندانی بە دواداچوونی تاکایەتی و کۆمەڵی و هاوکاریکردن لەسەر ئەنجامدانی کار و بەدیهێنانی خواسته جیاوازەکان بۆ گەشەپێدانەکانی کە تایبەتمەندن بە ڕەزامەندبوون و نرخاندنی خود و جێگیربوونی دەروونی و کۆمەلایەتی .

٥. چاندنی ئاراستەی دیموکراتی : ئەویش لە ڕێی گفتوگۆ و کارلێك کردن بەوپێیەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورەیان لە کردەی یەکتر ناسینی کۆمەڵایەتی  و بەریەککەوتنی جەماوەر لەگەڵ یەکتریدا هەیە (الضبیانی،٢٠١٩: ١٥) .

٦. چێژبینین و کات بەسەربردن : چێژبینین و کات بەسەربردن یەکێکن لە ئامانجە سەرەکیەکانی ڕاگەیاندن ، بەڵام بە مەرجێك کە کات بەسەربردنێکی مەبەستدار و پڕ ڕۆشنبیری بێت بەجۆرێ کە لە بەرنامە ئامانجدارەکان هەستێکی خۆشی بەخشینی تێدا بێت ، هەروەك بەرنامە چێژ بینینەکەش هەستێکی ڕاگەیاندنی تێدابێت، ڕاگەیاندنی پەروەردەیی دەتوانێت کە چێژ ببەخشێ بەخوێندکاران و ئاسوودەیان بکات لە ڕێی مۆسیقا و گۆرانی و سروود و پێشبڕکێ ڕۆشنبیریەکان و نواندنەکان و چیرۆك و تاقیکردنەوەی زیرەکی (الصعیدی ،٢٠٠٥ :٦٥) .

## ٢ -١-٩ بنەما سەرەکیەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی :

بەرنامەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی پشت بە کۆمەڵێك بنەما دەبەستێت بۆ بەجێگەیاندنی کارەکانی لە گرنگترین ئەو بنەمایانەش لە خوارەوە خراوەتەڕوو :

١. پلانی باش بۆ بەرنامەکە دابنرێت بە جۆرێ کە بەرنامە ڕاگەیاندنیەکە لە ئاست داواکاری و پێداویستی تاکە بەئامانج گیراوەکاندا بێ ، دەربڕینێکی بابەتیانە و ڕاستگۆییانەی ئەو پێداویستیانە بێت .

٢. دیاریکردنی ئامانجە پەروەردەیی و ڕاگەیاندنیەکان لە بەرنامەکەدا ، دەبێت ئامانجی بەرنامەکە لە شێوەی ئامانجی گشتی و ڕێکاریدابێت تاوەکو بتوانرێ لە لایەن تاکە بە ئامانجگیراوەکانەوە تێبینی و پێوانەی بکرێت .

٣. ڕەچاوکردنی توانا ماددی و مرۆییە بەردەستەکان ،کەدەتوانرێ بخرێنە خزمەت بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرنامەکەوە .

٤. ئامادەکردنی بەرنامە ڕاگەیاندنیەکە بە لە بەرچاوگرتنی سروشت و قۆناغی گەشەی تاکە بە ئامانجگیراوەکە و ئامانج و داواکاری گەشەکردنی ئەقڵی وکۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆحی .

٥. جێبەجێکردنی بەرنامە ڕاگەیاندنیەکە لە ژێر پلانە بابەتیەکە هاوشان لەگەڵ ڕەخساندنی نەرمی و لەبەرچاوگرتنی جیاوازی بارودۆخ لە کاتی جێبەجێکردنیدا .

٦. لەبەر چاوگرتنی توانا و تایبەتمەندیەکانی ئەو ئامرازە ڕاگەیاندنەی کە لە ڕێگەیەوە بەرنامەکە پێشکەش دەکرێت و ئاستی پەسەندکردنی لە لایەن بە ئامانجگیراوەکانەوە و پەیوەستی کاریگەری لەسەریان .

٧. ڕیزگرتنی کەسێتی وەرگر ، نرخاندنی شارەزاییەکانی پێشووتری ، مکووڕبون لەسەر گەشەپێدانیان لە ڕێگەی ئەوەی کە ئەم بەرنامەیە پێشکەشیانی دەکات .

٨. بەشداریکردنی جەماوەری بواری فێرکاری لە خوێندکار و مامۆستا و بەڕێوەبەر و هەرکەسێکی دیکەی ئەو بوارە لە ئامادەکردن و پلان دانانی ئەم بەرنامانە بەشێوەیەکی کارا، نمایش کردنی بیرۆکە و داهێنانە زانستی و وێژەیی و هونەرییەکان لە ڕێگەیەوە .

٩. گرنگی دان بە ناوەڕۆکی بەرنامە ڕاگەیاندنیە پەروەردەییەکان بە جۆرێ کە ئەم مەرجانە لە خۆبگرێت :

أ- دیاریکردنی ناوەڕۆکی بەرنامە ڕاگەیاندنیەکە بەشێوەیەکی کردەیی و بابەتی ، لەبەر چاوگرتنی توانای بە ئامانجگیراوەکان لە ڕوی کرداریی و ڕۆشنبیری و زمانەوانیەوە .

ب- پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن هاوپێچ لەگەڵ شیکردنەوە و لێکدانەوە و ئەندێشەی زانستی و وێنە و هێڵکارییەکان، کە یارمەتی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و دروستکەرانە دەدات لای بە ئامانجگیراوان (جریسات ، ٢٠١١ : ٢٠) .

## ٢-٢ تەوەری دووەم : مافەکانی منداڵان Children's Rights

سەرەتای گرنگیدان بە مافەکانی منداڵ لە سەردەمی نوێدا ولە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دا دەرکەوت ، بە جۆرێك کە بیرۆکەی پارێزگاری تایبەتی منداڵان وورده وورده لە فەڕەنساوە هاتە ئاراوە کە لە بیرۆکەی مافی نەوجەوانانەوە پەرەی پێدرا ، تاوەکو لەساڵی (١٨٤١ ) دا یاساکان جەختیان کردەوە لەسەر پاراستنی منداڵان لە هەر جۆرە پێشێلکاریەك لەو شوێنانەی کاری تێدا دەکەن ، لە پاشاندا لەساڵی (١٨٨١) دا لەناو دەقی یاساکانی فەڕەنسادا ئەوە هاتبوو کە دەبێت منداڵان فێرکاری گونجاویان بۆ دابین بکرێت واتا خوێندن کە وەکو مافێك بۆ منداڵ بڕیاری لێدرا ، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە مافی منداڵ وورده وورده جێگەی خۆی کردەوە لە فەڕەنسا و لەوێشەوە بەناو ئەووروپادا بڵاو بووەوە کە زیاتر دەربارەی پارێزگاری کردن بوو لە منداڵان لە چوارچیوەی یاسا و لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتی دابین کردنی چارەسەرە تەندروستیەکان بۆیان (امام ،٢٠٢١ : ٦٩) .

### ١-٢-٢ ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان :

ڕێکەتننامەیەکی نێودەوڵەتیە لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە بڕیاری لەسەر دراوە بە بڕیاری ٤٤/٢٥ لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/١٠/٢٠) دا و پاش کەمتر لەساڵێك و لە ڕێکەوتی (١٩٩٠/٩/٢) چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە (Theis , 2018 : 6) . ڕێکەوتننامەکە لە دیباجەیەك و (٥٤) بەند پێکهاتووە کە بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵ ئامانجی بنەڕەتییە تیایدا و ، دابەش بوون بەسەر سێ بەشدا بە جۆرێك بەنددەکانی (١_٤١) تایبەتە بەمافە بنەڕەتیەکانی منداڵان و بەندەکانی (٤٢_٤٥) تایبەتە بەدواداچوونی دەوڵەت و لێپرسراوێتی سەبارەت بە بەندەکانی ناو ڕێکەوتننامەکە بەمەبەستی دڵنیا بوون لە جێبەجێکرنییان ،هەروەك بەندەکانی (٤٦_٥٤) تایبەتە بە ڕێکاریەکانی ڕاستاندن ، وەك لە پاشکۆی ژمارە (٨) ئاماژەیان پێدراوە ، دواتر ڕەزامەندی درا لەسەر دوو پرۆتۆکۆلی هەڵبژاردەیی لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی (٢٠٠٠) دا و پاشان زیادکران بۆ بەندەکانی ناو ڕێکەوتننامەکە (منتدى اتفاقيه حقوق الطفل ،٢٠٢٠: ٩) . هەروەك (١٩٩) ووڵات بەشداریان کردووە لەم ڕێکەوتننامەیەدا تەنها ئەمەریکا نەبێت ، ڕێکەوتننامەکە دەوڵەتانی بەشداری ناچارکردووە کە کار بکەن بۆ دابین کردن سەرجەم مافەکانی منداڵانی خوار هەژدە ساڵ دوور لە جیاکاری (العبيدى،٢٠١٨ :١١٣) .

ڕێکەتننامەی مافەکانی منداڵ کۆمەڵە یاسایەکە بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵ ، هەموو ئەو مادانەی لەناو ڕێکەتننامەکەدا هاتوون سەرجەم منداڵان دەگرێتەوە لە هەموو دەوڵەتانی بەشدار لەناو ڕێکەوتننامەکە ، جیاوازی نیە ئەگەر منداڵەکە لەدایك بووی هەمان شار بێت یاخود پەنابەر بێت ، دەبێت هەموو مافەکانی بۆ دابین بکرێت ، واتا منداڵ مافی هەبێت لە پاراستن و چاودێری و هەبوونی ڕا لە سەرجەم بابەتەکانی کە پەیوەندی پێوەی هەیە ، هەموو ئەو دەوڵەتانەی قایل بوون بەم ڕێکەتننامەیە پێویستە پابەند بن بە هەموو ئەم یاساو مادانەوە (هامابری ،٢٠١٥ :٣) .

ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ یەکەمین هەنگاوی فەرمی نێودەوڵەتی بوو بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر منداڵ و بەدیهێنانی مافەکانیان ، لە لایەن هەندیك قەوارەی نادەوڵەتیشەوە قبووڵکرابوو بۆ نموونە وەك سوپای ڕزگاریخوازی گەلی سودان ، بوە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هەموو ئەو ڕێکخراو و لایەنانەی کە لەو کاتەدا و لە داهاتووشدا کاریان لەگەڵ منداڵدا دەکرد ، بەرپرسیاریەتی ووڵاتانی بەشدار لە ڕێکەوتننامەکەدا لە ئێستادا بووەتە ڕاستیەکی نکۆڵی لێنەکراو ، ڕێکەوتننامەکە پاڵنەرێکی گرنگی دەست پێشخەری بووکە بریتییە لە دابینکردنی ٢٠٪ خەرجیە گشتیەکانی دەوڵەت بۆ خزمەتگوزاریەکانی وەك خوێندن وتەندروستی و خۆراك پێدان و ڕێکخستنەوەی خیزانەکان بە هەمان شێوە پابەندکردنی ووڵاتانی پیشەسازی بە دابین کردنی ئەو ڕێژەیە بۆ هەمان مەبەست لە ووڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، ئەمە بەدەر لەوەی پاڵنەرێکی باشیش بوو بۆ بابەتی سووك کردن و لابردنی قەرزە نێودەوڵەتیەکانی سەر ووڵاتان و پێدانەوەی جووڵەیەکی ئابووری بە ئابووری جیهان و کەمکردنەوەی هەژاری و کاریگەریەکانی لەسەر منداڵان و ژنان (قەرەداغی ،١٩٩٩: ٣) .

## ٢-٢-٢ ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ بەکۆمەڵێك تایبەتمەندی گشتی جیادەکرێتەوە:

لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەی کە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ جیادەکاتەوە و وای لێدەکات جیاواز بێت لەگەڵ هەر ئامرازێکی تری دەوڵەتدا ئەو دان پێدانانە ڕاشکاوانەیە بەوەی کە منداڵانیش خاوەنی مافن لەبری ئەوەی وەك کەسانێك سەیر بکرێن کە خاوەن بڕیار نین یاخود بڕیاریان بۆ بدرێت (قطران ،٢٠١٤ :١٨) .

هەروەك ڕێکەوتننامەکە کۆمەڵێك تایبەتمەندی لە خۆ دەگرێت ، دەکرێت تایبەتمەندیەکانی ڕێکەوتننامەکە لەم خاڵانەدا ئاماژەیان پێبدرێت :

١. ڕێکەوتننامەکە یەکەم بەڵگەنامەیە کە سەرجەم مافە مەدەنی و ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان پێکەوە لە خۆدەگرێت وهەمان پێگە و گرنگیان دەداتێ .
٢. ڕێکەوتننامەکە بنەمای تەواوکاری و پێکەوەبوون لە نێوان مافە جیاوازەکاندا لەخۆدەگرێت ، بۆنموونە تەندروستی منداڵ کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی تێگەیشتنی منداڵ لە بابەتە خوێندنگەییەکان ، بە پێچەوانەشەوە ئاستی چاودێریکردنی تەندروستی و پاك و خاوێنی کەسی دەبێتە مایەی باشترکردنی ئاستی فێرکاری بە واتایەکی تر هیچ ڕیزبەندیەکی هەرەمیمان نیە بۆ مافەکان لەسەر بنەمای گرنگ و گرنگترین .
٣. ڕێکەتننامەکە برەو دەدات بە ڕۆحی هاوبەشیکردن لەنێوان هەمووواندا و لە نێوان کەسانی پەیوەندیدار بە چاودێریکردنی منداڵان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نەتەوەیی و نێودەوڵەتی ، لە کاتیکدا جێبەجیکردنی ڕێکەتننامەکە بەرپرسیاریەتی دەوڵەتە بەپلەی یەکەم ،بەڵام ڕۆڵێکی دیاریکراویش دەدات بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و مەدەنی .
٤. ڕێکەتننامەکە بە تێڕوانینێکی دیاریکراو و پەرەپێدانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی منداڵان هاتە ئاراوە، ڕۆڵی خێزانی کارا کردەوە بەو پێیەی یەکەیەکی بنەڕەتیە بۆ کۆمەڵگا و ژینگەیەکی سروشتیە بۆ گەشەکردن و خۆشگوزەرانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتی منداڵان، چونکە منداڵ تیایدا کەسێتی پێدەگات بە کەسێتیەکی تەواو و گونجاو ،هەر بۆیە دەبێت منداڵ لە ژینگەیەکی خێزانی پڕ لە خۆشەویستی و دڵخۆشی و تێگەیشتندا بژی ، ئامانجی پێگەیشتنیش بریتیە لە پەرەپێدانی کەسێتی منداڵ و بەهرە و توانا ئەقڵی و جەستەییەکانی تا ئەو پەڕی توانای، ووڵاتانی بەشداری ناو ڕێکەوتننامەکە هانی پشت بەستن بەم بەهایانە دەدەن وەك بنەمایەك بۆ پێگەیشتن :

- ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکانی .
- پەرەپێدانی ڕێزگرتنی منداڵ و ناسنامە ڕۆشنبیریەکەی و زمان و بەها تایبەتی و نیشتیمانیەکانی .
- ئامادەکردنی منداڵ بۆ ژیان بەهەست بە لێپرسراوێتی کردنەوە لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا و بەڕۆحیکی لە خۆبووردن و تێگەیشتن ویەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا و هاوڕێیەتی کردن لە نێوان سەرجەم گەلان و کۆمەڵاندا .
- پەرەپێدانی ڕێزگرتنی ژینگەی سروشتی (عثمان و اخرون،٢٠١٦: ١٧٤) .

ڕێکەوتننامەکە کۆمەڵێك مافی جیاواز و نوێ بەدەر لە یاسا نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە منداڵان دێنێتە ئاراوە لە نموونەی ئەوانەش مافی زانین و ڕێنمایکردن و زانیاری پێدان لەلایەن باوانەوە ، مافی لەبەر چاوگرتنی تواناکانی منداڵ و مافی ڕادەربڕینی ئازادانە لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بەژیانیانەوە هەیە، مافی بەدەست هێنانی ئەوپەڕی ئەو بابەتانەی کە بەردەستن و پێویستن بۆ مانەوە و گەشەیان ، هەروەها مافی گوێ لێگرتنیشیان (Save children ، ٢٠٠٧ :٥ ) .

## ٣-٢-٢ ئامانج لە مافەکانی منداڵ چیە :

منداڵان خاوەنی پێداویستی تایبەت بە خۆیانن و ناتوانن خۆیان ببنە دابینکەر و پارێزەری ، ئەگەربێت و ئێمە باس لە مافی مرۆڤ بکەین و مافی منداڵی تێدا دیاری نەکەین ئەوا ناتوانین بیان پارێزین و دادپەروەر بین لەگەڵیاندا ، پێویستە مافەکانی منداڵ لە چوارچێوەی یاسادانان و ڕەشنووسە تایبەتیەکاندا بنوسرێتەوە و بخرێتە خزمەت چاکسازی لە دۆخی منداڵاندا و ڕەچاوکردنیان وەك گروپێك یاخود کۆمەڵێکی تایبەتمەند لە مرۆڤایەتی کە خاوەنی مافی تایبەتمەندی خۆیانن ، لەگەڵ ئەوەی لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا ئاماژە بە مافەکانی منداڵان دراوە ،بەڵام ئاماژەکان هەندێ جار ناڕونن و و ناتوانرێت بەشێوەیەکی دابڕاو جێبەجێ بکرێن ، لە هەمان کاتدا نابنە ڕەنگدانەوەی تەواوی مافەکانی منداڵان ،کەئەمەش بوونی ئامرازێکی تایبەت بۆ دەربڕینی ئەو مافانە دەکاتە پێویستیەکی گرنگ کە ئەو ئامرازەش بۆ دانان بە منداڵ و مافەکانیان بریتیە لە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان (خلیل ،٢٠١٦ :٣٤) .

ئامانج لە مافەکانی منداڵ بریتیە لە مسۆگەرکردن و دەستەبەرکردنی هەل بۆ هەموو منداڵێك بۆ بەدیهێنانی تواناکانی و ناسینی مافەکانی و بەشداریکردنێکی کۆمەڵایەتی کارا، دەقی مافی منداڵ جێبەجێ دەبێت بەسەر هەموو منداڵێکدا بەبێ جیاکاری (بەندی ٢) و منداڵ مافی گەشەی تەواو و بەدەستهێنانی هەلی فێرکردن و چاودێری تەندروستی و گەشەکردنی هەیە لە ژینگەیەکی گونجاودا ، زانینی مافەکانی خۆی و بەشداری کردنی چالاکیەکانی ناو کۆمەڵگا ، هەروەك ئامانج لە مافەکانی منداڵ هۆکارێکە بۆ پارێزگاریکردنی منالان لە توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردن ، هەروەها مافەکانی منداڵ دەبێتە هۆی دروست کردنی ئاڵوگۆڕی ڕێز لە ناو خەڵکدا ، ناتوانرێت ڕێزگرتن لە مافەکانی منداڵ بەتەواوەتی بەئەنجام بگەیەنرێت ئەگەر کۆمەڵ پاڵپشتی نەکات (رضوان ،٢٠١٨ : ٤٠٠) .

## ٢-٢-٤ گرنگی برەودان بە مافەکانی منداڵان :

پێویستە تاك ئەو مافانەی خۆی بزانێت کە دەقی یاساییان لەبارەیەوە هەیە ، لەبەر ئەوەی ئەمانە هۆکارێکی سەرەکین بۆڕووبەڕوبونەوەی هەر پێشێلکاریەك کە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە ، بێ بوونی ئەم هۆشیاریە بێ دەنگ دەبێت لە ئاستی پێشێلکاریەکان وەك بابەتێکی بڕیار لێدراو وەریان دەگرێت و وورده وورده بەرگێکی کلتووریان دەکرێ بەبەردا و لەو بازنەیە دێتە دەرەوە کە ناڕەزایەتیان بەرامبەر بکرێت و هەوڵی گۆڕینیان بدرێت ، هەرچەندە کە لە بنەماشدا دژی یاساش بن ، هەربۆیە پێویستە برەو بدرێت بە مافەکانی منداڵان لەنێوان منداڵ و گەورەدا و لێیان تێبگەن ، بەو پێیەی کە هاونیشتیمانین و مافی تەواویان هەیە لە هاونیشتیمانی بوون وکە ئەمەش بەبێ بوونی هۆشیاری لە بارەیانەوە بەدەست نایەت ، سەرباری ئەمانەش پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەسەر مافەکان و ناسینیان دەبێتە پارێزەرێکی مەعنەوی لە داهاتوودا و دژی هەر پێشێلکاریەك دەوەستنەوە کە دەکرێت لە بەرامبەر مافەکانی ئەوانی دیکە . لەدەقی ڕێکەوتننامەکە باس لەپێویستی و گرنگی ناساندنیان کراوە لە پرۆگرامی خوێندنگا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە کە دەکەونە ئەستۆی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە پەیوەندیدارەکان بە مافەکانی منداڵ و مافەکانی مرۆڤەوە ، ئەم ئاشنایەتیە دەبێتە هەوێنی بیرۆکەی هاونیشتیمانی بوون و قووڵبونەوەی پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و ووڵاتەکەی ، تێدەگات کە پەیوەندیەکی دوولایەنەیە و ماف و ئەرکی هەیە و دەتوانێت داوای بکات و بەدەستی بهێنێت (عبدوش ،٢٠١٤ : ١٠) .

## ٢-٢-٥ گرنگترین بنەما سەرەکیەکانی برەودان بە مافەکانی منداڵ :

زانینی خودی مافەکان یەکێکە لەمافەکانی منداڵان ، ڕێکەوتننامەکە دەڵێت کەمنداڵان مافی خۆیانە زانیاریان هەبێت دەربارەی مافەکانیان ، لەسەر گەوران پێویستە کە منداڵان ئاگاداربکەنەوە لە مافەکانیان و ئەزموونکردنی ، پەرەپێدانی ڕێزگرتنی خود لای منداڵان و پەرەپێدانی بەشداریکردنی لەناو کۆمەڵگا و پاداشتکردنی ڕەفتاری ئەرێنی لە کاتێکدا کە منداڵان ئاشنا بن بەمافەکانیان ئەوا هەست بە بەهای مرۆڤ بوونی خۆیان دەکەن ، ئەتوانن بەشداری بکەن لە ژیانێکی ئەرێنیانە لەناو کۆمەڵگاو خیزان و خویندنگادا ، هەربۆیە فیربوونی مافەکانیان وایان لێدەکات کەبەشداری لەچالاکی گەورەدا بکەن ، ئەمەش ڕێگایەکی سەرەکی هاندانیانە لەسەر ئەنجامدانی ڕەفتاری ئەرێنی هەروەك دەبێتە هۆی دروست بوونی بیری ڕەخنەگرانە و هەستکردنی منداڵان بە بەرپرسیاریەتی ، هەروەها یارمەتی منداڵان دەدات کە چۆن بتوانن کارلێك لەگەڵ ئەوانی دیکە بکەن و چۆن بتوانن ڕەفتاریان بگۆڕن بۆباشتر کە

بەجۆرێك لەگەڵ بەهای مافی مرۆڤدا بگونجێت ، زیادکردنی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتنیان :زانینی مافەکان یەکەم هەنگاوە بۆ زیادبوونی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ ، لەو ناوچانەی کە منداڵانی تێدایە و هۆشیاریان هەیە دەربارەی مافەکانیان ئەوا ڕێزگرتنی زیاتر بۆ مافەکانی منداڵ بەدی دەکرێت و کەمتر پێشێلکاری دەبینرێت دەربارەی مافەکانیان ، هەربۆیە لە گرنگترین بنەما سەرەکیەکانی برەودان بەمافەکان لێرەدا دەخەینەڕوو :

- ڕاگەیاندنی هەبوونی ڕێکەوتننامەکە .
- داپێدانان بە بەندەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە .
- پێدانی پاشخانێکی مێژوویی لەسەر ڕێکەوتننامە هاوشێوەکان .
- ڕۆشنایی خستنە سەر تایبەتمەندیەکانی ڕێکەوتننامە و ئەو بابەتە نوێیانەی کە دێنە ناوی.
- بەستنەوەی ئەم ڕێکەوتننامە بە یاسا و کلتوورە لۆکاڵیەکان .
- بڵاوکردنەوەی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە لەنێوان سەرجەم کەرتە کاریگەرەکان و خاوەن بڕیارەکان و سەرجەم چینەکان لەناو کۆمەڵگادا .
- داواکردن وجەختکردنەوە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە یاخود هەندێ لەبەندەکان (الربیعی،٢٠٠٦ :٥٧ ) (نجیب و صابر ،٢٠١٧: ١٨٦ ) .

## ٢-٢-٦ بنەما و مافە گشتیەکانی قۆناغی منداڵی بەرایی :

لیژنەی مافەکانی منداڵ هەریەك لە بەندەکانی (٢، ٣، ٦، ١٢) ی ڕێکەوتننامەکەی وەك بنەمای سەرەکی مافەکانی منداڵ دیاری کردووە ، هەر بنەمایەك لەم بنەمایانە کاریگەری هەیە لەسەر مافە بڕیار لێدراوەکان لە قۆناغی منداڵی بەرایی ، کە ئەوانیش :

١. مافی ژیان و مانەوەو گەشەکردن : بەندی (٦) ئاماژە دەکات بە مافە ڕەسەنەکانی منداڵ لەژیاندا و پابەندکردنی دەوڵەتانی بەشدار بە لە ئەستۆگرتنی ئەوپەڕی بەرپرسیاریەتی پاراستنی منداڵ و گەشەکردنی ، دەوڵەتانی بەشدار دەبێت ئەو ڕێوشوێنە پێویستانە بگرنەبەرکە دەبێتە هۆی باشترکردنی چاودێریکردنی منداڵبوونی دایکان و خودی منداڵان وکەم کردنەوەی تێکڕای مردنی کۆرپە و منداڵان و هێنانەکایەی بارودۆخێکی گونجاو و لەبار بۆ هەموو منداڵان لەماوەی ئەو قۆناغە هەستیارەی ژیانیادا . تاوەکو ئێستاش خراپی خۆراك پێدان یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە ڕەنگە خۆپاراستن لێی یەکێك بێت لە ڕێگریە گەورەکان کە دێتە ڕێگای کاروبارەکانی مافی

منداڵان لەم قۆناغەدا. هەروەك چاودێری كردنی تەندروستی جەستەیی دوو كاری لە پێشینە لە پێشینەكانن لەم ڕووەوە، بەڵام دەوڵەتانی بەشدار وەك ئاماژەیان پێداوە كە بەندی (٦) گشت لایەنەكانی گەشەی منداڵ دەگرێتەوە ، تەندروستی منداڵی بچكۆلە و دروستی دەروونیان دوولایەنی پێكەوە بەستراون لە زۆربەی ڕووەكانەوە ، هەردووكیان ڕەنگە ڕووبەڕووی مەترسی ببنەوە بەهۆكارگەلیكی وەك خراپی دۆخی ئابووری و مامەڵەی خراپ كە پشت گوێخستن و بێ هەستی و بەزاندنی سنووریان دەگرێتەوە . ئەو منداڵە بچكۆلانەی كە لە دۆخێكی قورس و دژواردا گەورەدەبن بە شێوەیەكی تایبەتتر پێویستیان بەچاودێری تایبەت هەیە ، دەوڵەتانی بەشدار و لایەنە پەیوەندیدارەكان پێیان وایە كەمافی مانەوە و گەشە ناتوانرێت بەشێوەیەكی جیا مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت بەڵكو بۆ بەدیهینانی پێویستە گشت بەنددەكانی تری ناو ڕێكەوتننامەكە جیبەجێبكرێت ، لەوانەش مافی تەندروستی و خۆراك پێدانی گونجاو و دڵنیایی كۆمەڵایەتی و ئاستی گوزەرانی گونجاو و ژینگەی دروست و پارێزراو و فێركردن و یاری كردن لە بەنددەكانی ( ٢٤، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣١) ، سەرباری ئەمانەش ڕێزگرتنی بەرپرسیاریەتی باوان و پێشكەش كردنی هاوكاری و خزمەتگوزاری باش پێیان لەبەندی (٥،١٨) ، دەبێت منداڵان لەساڵانی بەرایی تەمەنیانەوە بەشداریان پێبكرێت لەو چالاكیانەی كە برەو بە خۆراك پێدانی تەندروست و شێوە ژیانی دروست و خۆپاراستن لە نەخۆشیەكان لە خۆدەگرێت .

**٢.** مافی جیاكاری نەكردن : بەندی (٢) لە مافەكانی منداڵان لە ڕێكەوتننامەكەدا منداڵان دەپارێزیت لە هەرجۆرێ لە جۆرەكانی جیاكاری ، ئەنجوومەنی دەوڵەتانی بەشدار لە ڕێكەوتننامەكەدا كاریگەریەكانی ئەم بنەمایەیان لە قۆناغی منداڵی بەراییدا بەم شێوەیە دیاری كردووە :

أ- بەندی (٢) واتا جیاكاری لەگەڵ منداڵانی بچووكدا بەكارنەهێنرێت بە هەر هۆكارێك بێت ، بۆ نموونە لەو دۆخانەی كە دەقی یاسا دەربارەی پاراستنی یەكسان بۆ هەموو منداڵان دژی توندوتیژی نیە ، لە نێویشیاندا منداڵانی بچووك ، بە شێوەیەكی تایبەتتر ڕووبەڕووی مەترسیەكانی جیاكاری دەبنەوە بەهۆی لاوازی و پشت بەستنیان بە كەسانی تر لە بە دیهێنانی مافەكانیان .

ب- هەروەها بەندی (٢) ئەو واتایەش دەگەیەنێت كە نابێ جیاكاری بكرێت بەرامبەر گرووپ و كۆمەڵە تایبەكانی منداڵان ، كە ڕەنگە ئەو جیاكاریە شێوەی دابەزینی ئاستی خۆراك پێدان وەربگرێت یاخود شێوەی فەراهەم نەكردنی ئاستی پێویست

له چاودێری وگرنگی پێدان و سنووردارکردنی هەلی یاری کردن و فێربوون و فێرکردن، یاخود چەپاندنی دەبڕینی ئازادانەی هەست و ڕاو و بۆچوونەکانی ، ڕەنگە جیاکاری بریتی بێت لە مامەڵەی خراپ و پێشبینی ناتەندروست کە ڕەنگە ببێتە هۆی خراپ بەکارهینان و سنوور بەزاندنیان .

**٣.** بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵ : کەوای دەبینێت بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵان لە پێش هەموو ئاماژە دانێکەوەن و تایبەتتر و گرنگترینن لەهەموو بارودۆخێکدا و ئەگەر هەر بەرژەوەندیەکی دیکەش هەبێت ( الملا ،٢٠١٦ :١٣) . هەروەك لە بەندی (٣) ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵاندا ئاماژە بەوە دراوە کە لە هەموو ئەو کارو بارانەی کە پەیوەندیان بە منداڵانەوە هەیە دەبێ بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵان لەبەرچاو بگیرێت ، بەهۆی پێنەگەیشتنیان پشت بە دەسەڵاتە بەرپرسەکان دەبەستن بۆ دیاریکردن و نوێنەرایەتی کردنی ماف و بەرژەوەندیە باڵاکانیان لەو بڕیار و کارانەدا کە کاریگەرییان لەسەر گوزەرانیان هەیە ، لە کاتێکدا ئەو دەسەڵاتە توانا و بۆچوونەکانیان لە بەر چاودەگرێت ، بنەمای بەرژەوەندیە باڵاکان چەند جارێ لە ناو دەقی ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە وەك لەبەنددەکانی (١٨ ،٩ ،٢١،٢٠) دا بەتەواوەتی جەخت لە قۆناغی منداڵی بەرایی دەکاتەوە بە بەراوورد بەبەنددەکانی تر ، بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکان بەسەر هەموو ئەو کردارانەدا دەسەپێت کە پەیوەندیان بە منداڵانەوە هەیە و پێویستی بە ڕێوشوینی کارا هەیە بۆ پاراستنی مافەکانیان و مانەوە و گەشە و چاودێرییان ئەمە جگە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی پاڵپشتی و یارمەتیدانی باوان و هەرکەسێ کە بەرپرسیاری ڕۆژانەی کاروبارە پەیوەندیدارەکانە بە مافەکانی منداڵان .

أ- بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵان وەکو تاك : واتای لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی منداڵان دێت وەکو تاکێك لەکاتی دەرکردنی هەر بڕیارێکدا لە بارەیانەوە لە لایەن باوانیان یاخود سەرپەرشتیار یاخود هەرکەسێکی دیکە کە لە گەڵیدابێ ، دەوڵەتانی بەشداریش بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە کاروبارە یاساییەکاندا مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا دەکەن و بەرژەوەندیە باڵاکانیان دەخەنە پێش هەر شتێکی دیکەوە .

ب- بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵان وەکو گروپ و کۆمەڵ یاخود وەکو توێژێکی کۆمەڵگا : پێویستە بنەمای بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵان لەهەموو کردەکانی بڕیاردان و یاسا دانان و ڕامیاری و دادوەری وخزمەتگوزاریەکاندا لە بەرچاوبگیرێت کە سەرجەم ئەو ڕێکارانە لەخۆدەگرێت کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریان دەبێت لەسەر منداڵان ، وەك

ڕێکارەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی و سیستەمی سەرپەرشتی یاخود خوێندنگە ، ئەمەش بەدەر لەو ڕێکارانەی کە کاریگەری ناڕاستەوخۆی لەسەر منداڵان هەیە وەك ڕێکارەکانی پەیوەندیدار بەژینگە و نشینگە و گواستنەوە .

٤. ڕێزگرتن لە بیر و بۆچوون و هەستەکانی منداڵان : دەقی بەندی (١٢) جەخت لەوە دەکاتەوە کە منداڵان مافی دەربڕینی ئازادانەی بیر و بۆچوونی خۆیان هەیە لەهەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارە پێیانەوە ، پێویستە بۆچوونی منداڵانیان لە بارەوە وەربگیرێت، ئەم مافە پێگەی منداڵان بەهێزتر دەکات وەك بەشدارێکی چالاك ، زۆرجار ئەم ڕێزگرتنە پشت گوێ دەخرێت لە بەشداری پێکردنی کارای منداڵان بەو بیانوەی کە بنەماکانی تەمەن و پێگەیشتنیان گونجاو نیە بۆ ئەو بەشداری پێکردنە ، زۆرێك لە وولاتان پێیان وایە کە منداڵان پێویستیان بە ڕاهێنان و ئامادەکردنی کۆمەڵایەتی هەیە ، لیژنەی باڵای مافەکانی منداڵان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەندی (١٢) بەهەمان شێوەی منداڵانی گەورە بەسەر منداڵانی تەمەن بچوکیشدا جێبەجێ دەبێت ، تەنانەت بچوکترین منداڵ مافی ئەوەی هەیە کەبۆچوونەکانی خۆی دەربڕێت لەو بابەتەی کەپەیوەندی پێوەی هەیە ، لەم ڕوەشەوە :

أ- هاندانی دەوڵەتانی بەشدار بۆ بڕیاردان دەربارەی هەموو ئەو ڕێوشوێنە گونجاوانەی کە دڵنیایی ئەوە دەبەخشێت کە منداڵ بە ئازادانە بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێت و ڕاوێژی پێ بکرێت لەو بابەتانەی کە پەیوەندی پێوەی هەیە .

ب- منداڵ مافی دەربڕینی بیروبۆچوون و هەستەکانی خۆی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەدا لەماڵەوە و لەناو کۆمەڵگاشدا .

ت- پێویستە دەوڵەتانی بەشدار هەموو ئەو ڕێوشوێنە گونجاوانە بگرنە بەر کە پاڵپشتی بەشداریکردنی کارای پسپۆڕ و شارەزایان و باوان و لایەنە بەرپرسەکان دەکات بۆ ڕەخساندنی هەل بۆ منداڵان تاوەکو بەشێوەیەکی پلە بەندیانە منداڵان ئەزموونی مافەکانی خۆیان بکەن لە چالاکیەکانی ڕۆژانە و گشت بوارەکاندا (الامم المتحدة،٢٠٠٥: ٤-٧) (عیشە ،٢٠٢٠ :٥٥-٥٦) (منتدى اتفاقیە حقوق الطفل،٢٠٢٠: ٩) (الملا ، ٢٠١٦: ١٣) (المحروقی ،٢٠٢١: ٣٦ ) .

## ٢-٢-٧ گرنگی ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان :

منداڵان نەوەی دوا ڕۆژن و خاوەنی کۆمەڵێك مافن ، ئاشناکردن و هۆشیارکردنەوە دەربارەی مافەکانیان کارێکی گرنگ و پڕ بایەخە ، لە کاتێکدا ئاشنای مافەکانی خۆیان بوون دەتوانن دووربن لە هەرجۆرە پێشێکاریەك کە بەرامبەریان بکرێت ، هەربۆیە ئاشنا کردنیان بە مافەکانیان ئەم گرنگیانەی خوارەوەی هەیە :

١. منداڵان زانیاری وەردەگرن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە مافی منداڵ و مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی هەیە .
٢. ڕاهێنانی منداڵان لەسەر ئازادی ڕا دەربڕین و متمانە بە خۆبوون و ڕێزگرتنی ڕا و بۆچوونی بەرامبەر .
٣. ڕاهێنانی منداڵانە بۆ خۆپارێزی لە سەرجەم شێوازەکانی هەڵخەڵەتاندن و بەکارهێنان کە رووبەڕویان دەبنەوە .
٤. هەست کردنی منداڵان بەو گرنگی پێدانەی کە ئاراستەیان دەکرێت لە لایەن کۆمەڵگا و چاودێریکاران ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی هاوسەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتی .
٥. توانای ئەزموونکردنی مافەکانی خۆی دەبێت لە ژینگەیەکی گونجاو و پاڵپشتیکراودا .
٦. هاندانیان لەسەر بەشداریکردنی هەر بابەتێك کە پەیوەندیدارە بە کارو باری ژیانیان (امام ، ٢٠٢١: ٧٣) .

## ٢-٢-٨ پاڵپشیکردن لە ڕۆشنبیرکردن و ئاشناکردن دەربارەی مافی منداڵان :

بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دەربارەی مافەکانی منداڵان و بەرچاو ڕوون کردن دەربارەی تایبەتمەندیە خوودیەکانی منداڵان بەجۆریك لەگەڵ کەسێتی منداڵ و هاوسەنگیکردنیدا بگونجێت لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە هۆشیاری بدات بە باوانیان دەربارەی ئەو بەرپرسیاریەتیەی لەسەر شانیانە بەرامبەر منداڵان لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگادا کارێکی گرنگ و پێویستە (عیشە ،٢٠٢٠ : ٩) .

پاڵپشتی کردنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان و ئاشنا کردنیان گرنگن لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە :

١. منداڵان لەناوچە جیاوازەکانی جیهاندا بە ڕادەیەکی زۆر دەناڵێنن بەدەست کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونی و فێرکاری و تەندروستییەکان ، بەهۆی هۆکارگەلێکی زۆر لە نێوانیاندا وەك کەمی ئاستی ڕۆشنبیری گەورەکان لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان .
٢. ئەو بارودۆخە ڕامیاری و ئابووری و ژینگەیەی کە منداڵ تێیدا دەژی لە گۆڕانکاری بەردەوامدایە، کە دواجار ئەو بارودۆخانە دەگەیەنن بە گۆڕانکاری نوێ کە بەباش مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا دەبێتە مایەی تێپەڕاندنی کیشەکان ( محمود ،٢٠١٧: ١٨٦) .
٣. ڕۆشنبیری کردن بە مافەکانی منداڵ تەنها بریتی نیە لە ڕۆشنبیرکردن دەربارەی مافەکانی منداڵ بەڵکو ڕۆشنبیرکردنە لە پێناوی مافەکانی منداڵ و ئامانجی هاوکاریکردنی کۆمەڵگایە لەسەر زانیاری و تێگەیشتن لە مافەکانی منداڵ و هەست کردن بەگرنگییەکەی و هاوکاریکردنیان لەسەر فێربوونی چۆنێتی ڕێزگرتنی مافەکانی منداڵ و پارێزگاری کردن و بەرگری لێکردنی (کامل،٢٠٢٠ : ٤١٠) .
٤. بنەما گشیتە هاوبەشەکان لە جیهاندا لە هەندێ ڕووی چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵاندا لەوەدا چڕدەبنەوە ، ئەم لایەنانە لەسەر ئاستیکی بەرفراوان بڵاوبکەنەوە ، هەرئەمەش مافەکانی منداڵی کردووە بە دۆزیکی جیهانی .
٥. سەرباری تاقیکردنەوە و ئەزموونە مرۆڤایەتیەکان وکردەکانی پەیوەندیکردنی مرۆڤانە،لێکۆڵینەوە لە زانستە جیاوازەکان بۆ دەستکەوتی نوێ دەربارەی منداڵ و دۆزە جیاوازەکان و ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا .
٦. ئاراستەکردنی باوان لە چاندنی ڕۆحی دەمارگیری لای منداڵان ، کە بووە مایەی دروست بوونی ململانێ و ئالنگارییەکان بێجگە لە کاولکاری و کوشتار هیچی دیکەی پێشکەش بەمرۆڤایەتی نەکرد (ابوعبادة ، ٢٠١٨: ٢٧١ ) .

## ٩-٢-٢ بەرپرسیاریەتی باخچە لە بەدیهێنانی مافەکانی منداڵان :

لەسەر باخچەی منداڵان پێویستە کە یاساو ڕێسای پەیوەندیدار بە مافەکانی منداڵ وەربگێڕێتە سەر ئەزموونکردنی کردەیی (پراکتیکی) لە ناو باخچەدا بەم شێوەیەی خواەوە :

١. پیادەکردنی ئەو پەیڕەوانەی باخچەی منداڵان کە مافی منداڵی تێدا پارێزراوە لە فێرکردن و پەرەپێدانی تواناکانیان .
٢. بەشدارییپێکردنی منداڵان لە تاووتوێکردنی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە.
٣. پێویستە باخچە ژینگەیەکی ئارام بێت و منداڵ هەست بە یەکسانی و شکۆ و ڕێز بکات .
٤. باخچە دەبێت خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی بۆ منداڵان پێشکەش بکات .
٥. لە ئەستۆی باخچەدایە ڕۆشنبیری بدات بە دایبابەکان دەربارەی مافەکانی منداڵان و ئاشنایان بکات ، کاربکات بۆفەراهەم کردنی ژینگەیەك بۆ منداڵان کە مافی ژیان و پاراستن و فێرکردن و تەندروستی بە منداڵان ببەخشێ .
٦. کارکردن لەسەر بەخشینی زانیاری و کارامەیی تواناکان بە منداڵان کە وادەکات منداڵ باشتر بتوانێ بەرگری بکات لە مافەکانی مرۆڤ و پەرەپێدانی ڕێز .
٧. کارکردن لەسەر ئامادەکردنی منداڵ بۆ ژیانێکی بەرپرسیاریەتی بە گیانی تێگەیشتن و ئاشتی و لێبووردن و یەکسانی لە نێوان هەر دوو ڕەگەز و هاوڕێیەتی لەنێوان گەلاندا .
٨. ئەزموونکردنی مافەکانی منداڵ لە ڕێگەی چالاکیە هەمەچەشنەکانەوە (فرج وعبدالوهاب ، ٢٠٢١: ١٢٨) .

## ٢-٢-١٠ گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەی کە مافەکانی منداڵان جیادەکەنەوە لە مافی گەورەکان :

مافەکانی منداڵان بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی جیا دەکرێنەوە لە مافی گەوران لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەش :

١. ئەمانە مافن ناکرێ سازشی لەسەر بکرێت ، چونکە منداڵ لە ڕووی پێکهاتەیەوە ناتوانێ ببێ بە کەسێك کە سازش بکات لەسەر هیچ مافێ لەمافەکانی ، بەو پێیەی کەتوانا ئەقڵیەکەی کورت دەهێنێ لە تێگەیشتن لە مانای سازش کردن ، سازش کردن ئەم مافانە دەبێ لەسەر بنەمایەکی گشتی بێت لەسایەی هزرێکی هۆشیار کە بوار و دەرکەوتە و دەرئەنجامەکانی ئەو سازشە دەربخات. سازشکردن لەسەر مافەکان پێویستی بە هۆشیاریەکی وا هەیە کەبتوانێ گوزارشت لە ناوەڕۆك و ئەو دەرەنجامانە بکات کە بەدویدا دێن ، بەو پێیەی کە داناییەکەی زۆر لەوەکەمترە کە بتوانێ لە مانای سازشکردن یاخود زیادڕەوی کردن تیایدا تێبگات، ئەمە تایبەتمەندیەکە پەیوەستە بە پێکهاتە و توانا ئەقڵیەکان کە پێویسیتی بە بەڕێوەبردنێکی

هۆشیارانه هه یه تاوەکو بتوانێ پەی بە لێکەوتە و دەرئەنجامەکانی ببرێ ، بەهیچ جۆرێك نابێ بەخێوکار یاخود سەرپەرشتیاری منداڵ سازش لەسەر هیچ مافێ لەمافەکانی منداڵ بکەن ، بەوپێیی ئەمانە مافێکی ڕەسەنن و هیچ ئەرکێك لە بەرامبەریان بوونی نیە (الزهرة ،٢٠١٦: ٤٢).

٢. مافەکانی منداڵ بە دووسەرەیی یاخود بە فرە بەرژەوەندیە پەیوەندیدارەکان جیادەکرێتەوە، بۆ نموونە مافی ڕەگەزنامە کە بەرژەوەندیەکی سێ لایەنەیە لە نێوان منداڵ و دەوڵەت و باوکدا، ئەم دوو سەرەییە یاخود فرە بەرژەوەندییە وا لە لایەنەکانی مافەکە و فرە بەرژەوەندیەکەی دەکات ببنە دڵنیا کەرەوەیەکی بەهێز لە پاراستنی مافی منداڵ لە ژێر سایەو سەرپەرشتی دەوڵەتدا.

٣. ئەم مافانە مافی تایبەتن ، واتە لەبەرامبەریان هیچ ئەرکێك داوا نەکراوە، منداڵ تەنها لەبەرئەوەی منداڵە مافی شیرپێدان و دایەنیی و دابین کردنی خۆراك و جل و ماڵی هەیە ،هەموو ئەمانە کۆمەڵە مافێکی تایبەتن و دەبێ ببەخشرێ بە منداڵ بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات لە بەرامبەریاندا هیچ ئەرکێ بکێشێ نەك تەنها لەبەر ئەوەی کەسێ نیە بتوانێ پابەند بێ ، بەڵکو لەبەر ئەوەی هیچ پابەندیەك یاخود ئەرکێك نیە کە دەبێت ئەو بیکات ، مافی ڕەگەزنامە و ئازادی و فێربوون و کۆمەڵە مافێکی گشتی تر بۆمنداڵان ،کۆمەڵە مافێکی بێبەرامبەرن و پێویستی بەوەفاداری و ملکەچی بۆ هیچ دەسەڵات و دەوڵەت و یاسایەك نیە (اسحاق ،٢٠٠٨: ١٥) .

٤. ئەزموونکردنی مافەکانی منداڵان لە لایەن منداڵانەوە پشت دەبەستێت بەو پاراستنەی کە لە لایەن سەرپەرشتیاری منداڵ و سیستەمی وڵاتەوە دابین دەکرێت بەو واتایەی کە ئەم مافانە بەتەواوی لە ژێر پارێزبەندی ئەوانی دیکەدایە نەك منداڵ (الربیعی ،٢٠٠٦ : ٢٣) .

## ٢-٢-١١ مافەکانی منداڵ و لێپرسراوێتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن :

گومانی تێدانیە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەرجەمیان پێویستیان بە پلاندانان و ئامادەکردنی بەرنامەی مەبەستدار هەیە ،کە کۆمەڵە پەیامێك لەخۆ بگرن و بانگەشە بۆ مافەکانی منداڵان بکات ، کاربکەن لەسەر پاڵپشتی کردن و پاراستنی ئەو بنەمایانەی کە لە لوتکەی کۆڕبەندە جیهانیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە ، بەجۆرێك بێت کە ئاراستەی پەیام ڕووە و خودی منداڵ و خێزان و بڕیار بەدەست و بەرپرسان بکرێتەوە .بۆ دروستکردنی بناغەیەکی پتەو ، بەشداریکردنێکی کارا لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و چەسپاندنی بنەمای مافەکانی منداڵ ، پێویستە ئەمانە لەبەرچاوبگیرێت :

١. له ئەستۆی چالاکوانانی کارکردو بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە کە لێپرسراوێتی بەرامبەر ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ لەخۆیانەوە دەست پێبکەن ئەویش بەتێگەیشتن لێی و بڕواپێبوونی ، پێش ئەوەی هەوڵبدەن کە بیگەنن بە وەرگر لە منداڵان و خێزانەکان ، پاشان گەیاندنی ناوەڕۆکی ئەم چەمکانە لە ئەستۆیانە ، بەڵام نابێت تەنها جەخت لە منداڵانی شارەکان بکرێتەوە بەڵکو دەبێت بگەیەنرێت بە منداڵانی لادێکان و ناوچە دوورە دەستەکانیش، هەروەك منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پێشەنگدابن .
٢. دانانی بابەتەکانی تایبەت بەمنداڵان لە پاراستن و مانەوە و گەشە وەك یەکێك لە کارە لە پێشینەکانی سەر کارنامە و بەڕێوەبەرانی بەرنامەکانی منداڵان و خێزان ، لەم بابەتانەش تەندروستی منداڵ و فێرکردن و خۆراك پێدان و پاراستنیان لەهەموو جۆرە دەست درێژیەك .
٣. هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا دەربارەی بەندەکانی ناو ڕێکەوتننامەکە ، تاببێتە ئاماژە و ڕێنمایی بۆ ئەوەی هەوڵی جێبەجێکردنی بدەن ، یاخود بەرگری لێبکەن لە هەر جۆرە پێشێلکاریەك ، وەکو مافی ناو و ناسنامە و مافی خوێندنی ناچاری و هەموو مافەکانی تایبەت بەمنداڵان (مزاهرە،٢٠١٤: ٣٨) .

(توماس هامبرج Thomas Hammaberg ) ژمارەیەك ئەرکی سەرەکی ڕاگەیاندنی دیاریکردووە تاوەکو بتوانێت برەو بدات بە مافەکانی منداڵ و پاراستنیان ، ئەوانیش بریتین لە :

**١.** چاودێریکردنی ئەو پێشێلکاریانەی کە بەرامبەر منداڵان دەکرێن ، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی بەردەوام لە بارەیانەوە ، بەو پێیەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریان زۆرترە لە ئامرازە تایبەتەکانی چاودێری و بەدواداچوون وەکو لیژنە نیشتیمانی و نێودەوڵەتیەکان ، ئەمە جگە لەوەی کە وەکو تەکنەلۆجیایەك گونجاو و فەراهەمە بۆ جەماوەر و بەتایبەت منداڵان .
**٢.** پارێزگاریکردن لە سەلامەتی منداڵان و پاراستنی مافە تایبەتیەکانیان و پاراستنی شکۆ و ڕێزی پێویست بۆیان .
**٣.** بەشدارییپێکردنی منداڵان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا ، فەراهەم کردنی ئازادی ڕادەربڕین و بیر و ویژدان ، فەراهەم کردنی هەلێکی گونجاو بۆ گوێگرتن لێیان وەك بەشدارێکی کارا نەوەك وەك بەکاربەرێکی پەیامی ڕاگەیاندن .
**٤.** پاراستنی منداڵ لەو بابەتە زیانبەخشانەی کە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێنەوە وەك بابەتە سێکسی و شەڕانگێزی و دژە نەریتیەکان .

٥. پەرەپێدانی هۆشیاری بە مافە جیاجیاکانی منداڵ لە ناو جەماوەر و هاندانیان بۆ پاراستن و پابەند بوون پێوەی بەو پێیەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارین و ئاراستەکەرێکی گرنگی ڕای گشتین .
٦. پەیوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان چالاکیەکانی تاك و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بە مافەکانی منداڵان لە لایەك و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە لایەکی تر هەیە ، کاتێك ئەم ڕێکخراوانە پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستن لە پێناو برەودان بەکار و چالاکیەکانیان ، بەشداریکردن لە دروستکردنی ڕای گشتی بە ئاراستەی ڕێزگرتنی مافەکانی منداڵان ، لێرەدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێگەی خۆیان بەهێز دەکەن لە بواری مافەکانی منداڵاندا .
٧. چاودێریکردن و شێوازی کارکردنی بەرپرس و کاربەدەستانی دەوڵەت لەو بوارانەی کە پەیوەندییان بە مافەکانی منداڵانەوە هەیە ئەمەش لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ئەو کار و چالاکیانەوە کە وەکو ئاوێنەیەکی وێنە دانەوەی هەوڵەکانی لەو بوارەدا کار دەکات .
٨. دیاریکردنی بایەخ و پێگەی مافی منداڵان بەلای کۆمەڵگاوە ، کە لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە بەهۆی بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریەوە .
٩. پشتگیریکردنی مافەکانی مانەوە و گەشەکردن و پاراستن وپەیوەندی ئەمەش لە ڕێگەی خسنتنەڕوو و ناساندنی ووردەکاریەکانی ئەم مافانە و کاریگەریەکانیان لەسەر زانیاری و ئاراستەکان ، و چۆنێتی جێبەجێکردنیان چ لەسەر ئاستی خوودی منداڵ وئاستی باوانیان و ئاستی دەزگا حکومی و ناحکومیە پەیوەندیدارەکان (عبدالغفار،٢٠١٣: ٨٦) .

هەروەك بەندی (١٧) لە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵ ساڵی (١٩٨٩) دانپێدانانی بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی وەك  ڕۆڵی سەرەکی لەم بوارەدا کردووە ، هەر بۆیە مافی منداڵە کە زانیاری وەربگرێت لە سەرچاوە نیشتیمانی و دەوڵەتیەکانەوە ، بەتایبەتی ئەو زانیاریانەی کە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی و تەندروستی جەستەیی و ئەقڵی لە خۆدەگرێت (نصر،٢٠١٥: ٢) .

## ٢-٣ تەوەری سێیەم : منداڵي و باخچەی منداڵان

### ٢-٣-١ منداڵی Childhood :

قۆناغی منداڵی بە قۆناغێکی تارادەیەك درێژ دادەنرێت ، تەنها یەك قۆناغ نیە بەڵکو لە سەرەتای لە دایك بوونەوە دەست پێ دەکات تا تەمەنی (١٨) ساڵی ، قۆناغێکی هەستیارە لە ژیانی مرۆڤدا کە لە بنەمادا خۆی لە چەند قۆناغێکی یەك بەدوایەکدا دەبینێتەوە کە دەبنە بناغەی پێکهێنانی کەسێتی مرۆڤ ، ئەوانیش بریتین لە :

١. قۆناغی شیرەخۆری : ئەم قۆناغە لە دایك بوونەوە دەست پێدەکات تاوەکو تەمەنی دوو ساڵی کە بە گەشەیەکی نەرم جیا دەکرێتەوە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆرپەلە دەگریتەوە.
٢. قۆناغی پێش خوێندنگا_ منداڵی بەرایی : ئەم قۆناغە سەرەتای تەمەنی سێ ساڵیەوە دەست پێدەکات تاوەکو کۆتایی تەمەنی پێنج ساڵی بە نزیکەیی ئەم قۆناغە بەوە جیا دەکرێتەوە کە کردەی گەشە تێیدا لە ئاستێکی دیار و بەرچاودایە .
٣. قۆناغی منداڵی ناوەندی : ئەم قۆناغە لە تەمەنی شەش ساڵیەوە تا کۆتایی دوازدە ساڵی دەست پێ دەکات ، هەروەك لەم قۆناغەدا گەشە ئاسایی دەبێت لە سەرجەم لایەنەکانەوە .
٤. قۆناغی منداڵی دواکەوتوو : لەتەمەنی سیانزەساڵی دەست پێدەکات تاوەکو تەمەنی هەژدە ساڵی ، هەروەك ئەم قۆناغە بە تەواوکەری گۆڕانکاریە بیۆلۆجیەکان داداەنرێت (اوشریف، ٢٠١٧: ٣١٣) .

### ٢-٣-٢ قۆناغی منداڵی بەرایی ( منداڵی باخچە ) :

قۆناغێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا ، زانایانی دەروونناسی و پەروەردە پێی دەڵێن "قۆناغی هەستیار" لە ژیانی مرۆڤدا کە کاریگەری لەسەر دروست بوونی کەسێتی مرۆڤ وپەرەپێدانی توانا و ئامادەگیەکانی هەیە ، هەروەك ناوی دەنێن قۆناغی فێرکردنی پێش خوێندنگا یاخود باخچەی منداڵان ( الخلیل ، ٢٠١٥: ١٦) .

منداڵ لەم قۆناغەی تەمەنیدا دەست دەکات بە دروست کردنی سازان و گونجاویەکی دروست لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا، هەروەك ئەم قۆناغە گاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتاری منداڵ لە دواتردا و لەبەر ئەوەی ئەو ڕەفتارەی لە منداڵیدا فێری دەبێت و وەری دەگرێت ، گۆڕینی ئاسان نابێت و دەبێتە

شێوازێکی جیاواز لە ڕەفتاری تاك ، ئەو بناغە پتەوەی کە لە داهاتوودا کەسێتی لەسەر بنیات دەنرێت (عبدالحمید ، ٢٠١٩: ٢٩٨) .

وەك تێبینی دەکرێت منداڵ لەم قۆناغەدا تەژییە بە ووزەیەکی زۆر کە خۆی لە زۆر قسەکردن و پرسیارکردنی زۆردا دەبینێتەوە ڕەنگە زۆرجار خێزانەکان بێزار ببن بەم پرسیار کردنە زۆرە لە لایەن منداڵانەوە ، پاشان دانانی سنوور و پێوەند بۆ کەم کردنەوەی ئەو چالاکیانە کە دەبێتە هۆی نائومێدی منداڵ ، لە کاتێکدا کە دەبوایە ئەو ووزە زمانەوانیە زۆرە بکرایەتە بواری وەبەرهێنانی لایەنی ژیری و ویژدانی منداڵ ، ئەو حەزەی بۆ زانین تێربکرایە . بەو ئاستەی کەباوان هەیەتی دەربارەی تێگەیشتن و وەڵامدانەوەی منداڵەکەیان و تێرکردنی ئارەزووەکەی بۆ زانین بە هەمان ئاست منداڵ لە ڕووی ئەقڵیەوە گەشە دەکات و زیرەکی و توانا مێشکیەکانی وەك پەیبردن و ئەندێشە کردن وبیرکردنەوە ئەوانی دیکە پەرەدەسەنێت و بەشداری دەکات لە دروستکردنی مێشکێکی بیرمەند و کراوە (سلیمان ،٢٠١٥: ٢١٣) .

## ٢-٣-٣ خەسڵەتەکانی گەشەی منداڵی بەرایی :

هەموو مرۆڤێك بە کۆمەڵێك قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێت ، هەریەکێ لەو قۆناغانە بە کۆمەڵێك خەسڵەت جیا دەکرێنەوە لە لایەنەکانی گەشەی ئەقڵی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی وجەستەیی ، ئەم قۆناغە هەستیارە بۆ فێربوون و وەرگرتنی ئەو شارەزاییانەی کە بەری دەکەوێت ، منداڵ لەبارێکی ناوەکی شیاودایە بۆ وەرگرتنی شارەزاییە دەرەکیەکان بێ ئەوەی ڕووبەڕوی بوەستێتەوە یاخود ببێتە مایەی پەکخستنی یاخود بێ ئەوەی میکانیزمەکانی بەرگری بخاتەکار بۆ کەمکردنەوە و شێواندنی ئەو شارەزاییانە لە گرنگترین ئەو خەسڵەتانەش :

١. گەشەی جەستەیی Philogical Development : ئەم قۆناغە جیا دەکرێتەوە بە زیادبوون لە کێش و باڵادا ، جیاوازی تاکایەتی بە ئاشکرا دەردەکەوێت لە نێوان منداڵانی ئەم تەمەنەدا بە هۆی بارودۆخی ژینگەیی چوار دەوری منداڵ ، لە کۆتایی قۆناغی منداڵی بەراییدا کیشی منداڵ پێنج هێندەی کێشی تەمەنی شیرەخۆرییە ، جەستە پێگەیشتنێکی زۆرتر بە خۆیەوە دەبینێت ، هەروەك پەلەکان زیاتر گەشە دەکەن لە چاو گەشەی سەردا ، باڵای دوو هێندەی تەمەنی شیرەخۆرەیی زیاد دەکات، ددانەکانی شیری وردە ووردە دەکەون وددانە هەمیشەیەکان جێگەیان دەگرنەوە .

٢. گەشەی ئاوەزی Mental Development : گەشەی ئەقڵی لەم تەمەنەدا گەشەیەکی دیار و ڕوونە ، قۆناغی منداڵی بە خێراترین قۆناغی گەشەی ئەقڵی دادەنرێت بە جۆرێ کە تەواوی خانەکانی مێشکی مرۆڤێکی پێگەیشتوو گەشەی دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی منداڵی بەراپی، کردەکانی ژیری ئەم تەمەنە پێك دێت لە پەیبردن و یادهاتنەوە و فێربوون ، تێگەیشتنی منداڵ فراوان دەبێت و زانیاری و شارازەییەکان لە ژینگەی چواردەور وەردەگرێت ، هەروەك توانای لەسەر فێربوون زۆر دەبێت لەڕێی هەستەوەرەکانیەوە سوود لە شارەزاییە کۆنەکانی وەردەگرێت ، ئەم قۆناغە جیا دەکرێتەوە بە بەهێزی یاری ئەندێشەیی ، بەجۆرێ ئەندێشەکانی فراوان دەبن کە جیهانێکی تایبەت بە خۆی دروست دەکات و سنوورەکانی کات و شوێن تێدەپەڕێنێت ، هەروەك منداڵان یاری بە بووکەڵەکان دەکەن و لاسایی ڕۆڵی گەورەکان دەکەنەوە .لەم قۆناغەدا دەرکەوتەکانی گەشەی ژیری جیاواز دەبن وەك :کات ، شوێن ، پانتایی و ژماردن و شێوە ئەندازەییەکان وەك :چوارگۆشە ، بازنە ، سێگۆشە . منداڵ لەم قۆناغەدا توانای تێگەیشتنی هەیە لە چەمکە هەست پێکراوەکان ، بەڵام ناتوانێ لە چەمکە ڕووتەکان تیبگات تا دەگاتە قۆناغەکانی دواتری گەشەی .

٣. گەشەی زمانەوانی Language Development : زمان ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، بەو پێیەی ئاماژەیە بۆ دەربڕین و بیر و ئارەزوو و خولیاکانی منداڵ ئینجا بەرێگەی قسە کردن بێت یاخود نوسین و و دەربڕینەکانی دەم وچاو یاخود ئاماژە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێ لە ژینگەی دەوروبەر تێبگات و دەبێتە ئامرازێکی پەیوەندیکردن لە نێوان خۆی و چواردەوردا. زمان گوزارشتە لەو پێکهاتەیەی ژیری منداڵ و پەیوەندیەکی بەهێزی بە گەشەی ئەقڵی ژیری هەیە، بەجۆرێك گەشەی زمانەوانی کاریگەر دەبێت بە کارلێك کردن لەگەڵ چواردەور و ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن ، قۆناغی منداڵی بەراپی بە قۆناغی بنیاتنانی یەکەمی زمان دادەنرێت وەك ئەوەی چالاکی و ئەزموونەکان دەبنە هۆی زیادکردنی دەرئەنجامە زمانەوانیەکان ،لەم قۆناغەدا گەشەی زمان خێراییەکی زۆری تیدایە جیاواز لە قۆناغەکانی دیکە بەجۆرێ منداڵانی ئەم قۆناغە هەوڵدەدەن ووشەکانی کە دەیبیستن دووبارەی بکەنەوە ،گەشەی زمانەوانی کاریگەر دەبێت بە ئەندازەی زیرەکی و سەلامەتی هەستەوەرەکان ، بەتایبەتی هەستی بیستن گرنگیەکی زۆری هەیە لە گەشەکردنی زمانی منداڵدا ، منداڵ لە زمانی ئەوانی دیکە بەتایبەت باوانی تێدەگات تەنانەت پێش ئەوەی توانای قسەکردنیشی هەبێت ، هەر بۆیە پێویستە بە زمانێکی

دروست گفتوگۆ لەگەڵ منداڵدا بکرێت و ڕابهێنرێت لەسەر قسەکردن بە زمانێکی پاراو و پارێزراو لە کەم و کوڕیەکانی گۆکردن .

٤. گەشەی هەڵچوونی Emotional Development : لایەنی هەڵچوونی بەشێوەیەکی پلە بەندی گەشە دەکات بە درێژایی ساڵەکانی یەکەمی تەمەنی منداڵ تاوەکو دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن و بەتوانا بوون لە جڵەوکردنیدا، وەڵامدانەوە هەڵچوونیەکانی منداڵ لەم قۆناغەدا بە خێراییان جیا دەکرێنەوە ، بەجۆرێك زوو هەڵدەچێت و زووش هێمن دەبێتەوە ، هەروەها تایبەتمەندیەکی دیکەی پەرگیری و زیادەڕەوی کردنیەتی لە خۆشەویستی و ڕق و تووڕەیی .لە دەرکەوتەکانی گەشەی هەڵچوونی کە منداڵ لە سەرەتای قۆناغەدا پیایدا تێپەڕ دەبێت هەست کردنە بە ترس و دڵە ڕاوکێ لە ناسینی شتە نادیارەکانی دەوروبەریان ، هەروەك هەستکردنە بە ئیرەیی و تووڕەبوونی خێرا و مکووڕبون لەسەر بابەتەکان ، بەڵام لە کۆتایی تەمەنی پێنج ساڵی بە نزیکەیی جۆرە جێگیریەك بەخۆیەوە دەبینێت لە ژیانی هەڵچوونیدا لە ئەنجامی هەست کردن بە ئاسایش بەو پەیوەندیەی لەگەڵ دایکیدا هەیەتی ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوکاتە بەتاڵانەی منداڵ وەك هەلێك بقۆزرێتەوە و سەرقاڵی بکەین بە چالاکیەکانی وەك وێنەکیشان و یاریکردن بۆ خاڵیکردنەوەی هەڵچوونەکانی تاوەکو هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ نەکات ، ئەم قۆناغە بەئامانج گیراوە لەلایەن کۆمەڵێك پەشێوی و ناهاوسەنگیەوە ئەمەش لەڕێگەی هەوڵدانی منداڵ بۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگەو پەستانەکانیدا،کە پێویستی بەدانایی هەیە لە دابینکردنی شێوازەکانی چاودێری کردنی گونجاو بۆ پاراستنی منداڵان لە ڕوبەڕووبونەوەی پەشێویە هەڵچوونیە ڕەفتاریە توندەکان ئەمەش پێش ئەوەی ببێت بە چەشنێکی باڵا دەست و پاڵشتی لێکراو منداڵ تێیدا لەباری ڕیکخستن و دروستکردندایە لەهەمان کاتدا ئامادەیە بۆ گۆڕان و چاکسازی زیاتر بەراوورد بەهەموو قۆناغەکانیتری گەشەی،هەر بۆیە گۆڕانکاری کردن لە ڕەفتاردا لەم قۆناغەدا زۆرترین وەڵامدانە و کاریگەری هەیە ، منداڵ زۆرترین کاردانەوەی هەیە بۆ هەڵوێست و خزمەتگوزاریەکان و چارەسەریەکان و ڕێنمایەکان و خۆپارێزیەکانی کەپێشکەشی دەکرێن .

٥. گەشەی کۆمەڵایەتی Social Development : کاتێك باسی گەشەی کۆمەڵایەتی دەکەین دەکرێت باس لە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی منداڵ بکەین ، وەڵامدانەوەی منداڵ بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە کەشی خێزانی و ئاراستەی باوان ،خێزان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر

گەشەی کۆمەڵایەتی ، هەروەك جەخت کەرەوەیەکی سەرەکیە بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی کە لە ڕێیەوە هۆشیاری منداڵ و دواتریش تایبەتمەندیەکانی کەسێتی دروست دەبێت .
ئەم قۆناغە وەك سەرەتایەك دادەنرێت بۆ فێربوونی بنەماکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی کە هاوکاری منداڵ دەکات کارلێك لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی بکەن ، گەشەی کۆمەڵایەتی ئامانجی زانینی گەشەی پەیوەندیەکانی منداڵە بە جیهانی چوار دەوریەوە و ماوەی فراوانی ئەم پەیوەندیانە چەندێکە ، گەشەی کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا بە فراوانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و کارلێك کردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا و، فراوانبوونی دروست کردنی هاوڕێیەتی لەڕێی یاری کردنەوە جیا دەکرێتەوە، هەروەك یاری کردن دەبێتە هۆی زیادکردنی کارامەییە جەستەیی و جووڵەییەکان . لە دەرکەوتەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی بریتیە لە حەزی منداڵ بۆ کێبڕکێکردن و هەستی سەرکەوتن بەسەر ئەوانی دیکەدا ، هەروەك ئارەزووی بۆ ئەنجامدانی کاری شەڕەنگێزی و شەڕکردن (سارة ،٢٠١١: ٤٣_٤٨) (سليمان ،٢٠١٥: ٢١٤) (وسام ،٢٠١٧: ٤٦) (الخليل،٢٠١٥: ١٧) (عراج ،٢٠١٦: ٢٧) (قطامي والرفاعي ، ٢٠٠١: ٦٣) (كرم الدين ، ٢٠١٢: ٢٣) (ميلاد ،٢٠١٥ :٣٧) .

## ٢-٣-٤ پێداویستیە دەروونیەکانی منداڵانی باخچە :

باخچەی منداڵان وەکو دامەزراوەیەك منداڵ تێیدا ئەزموون و شارەزایی هزری و هونەری وەردەگرێت لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی ئەو چالاکیانەی کە دەبنە مایەی گەشەپێدانی بیرۆکەی داهێنەرانە، لە هەمان کاتدا قەرەبووی کەم وکوڕیە پەروەردەیی و گرنگی پێدانەکانی ماڵەوە بۆ منداڵ دەکاتەوە ،کە ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ گەشەی سۆزداری ویژدانی دروست و چارەسەرکردنی زۆرێك لە نەهامەتیە کۆمەڵایەتیەکانی . شیاندنی منداڵ بۆ قۆناغی دواتری کە بریتیە لە خوێندنی لە خوێندنگا و پەرەپێدانی ڕەفتاری منداڵ و پاراستنی لە لادان (عبدالرسول و اخرون ،٢٠٢٠: ٢٤٥) .

لەم قۆناغەدا هەندێ پێداویستی لای منداڵان دەردەکەون لە شێوەی ڕەفتاری جیاوازدا ، لەوانەش :

١. پێداویستی ڕاکیشانی سەرنج : لە کۆتای ساڵی سێیەمی تەمەنەوە منداڵ دەست دەکات بە ڕەتکردنەوەی ڕەفتارە پەسەندەکان لەناو خێزانەکەیدا بە ویستی خۆی بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجییان ، بە بێگوێدانە ئەو ئازارەی کە دادەنرێت بۆ سزادانی لەلایەن گەورەکانەوە، چونکە پێداویستی بۆ ڕاکێشانی سەرنجیان زیاترە وەك هەست کردن بە ئازار، لێرەدا هەڵبەت نەك

ڕەچاوی ئەمە دەکەین و دڵنیادەبێنەوە لێی ، بەڵکو چاوپۆشی لەهەندێ ڕەفتاری دەکەین کە دەزانین تەنها بە مەبەستی سەرنجراکێشان ئەنجامی دەدات .

٢. پێداویستی سەربەخۆبوون : لەم قۆناغەدا منداڵ ئارەزوویەکی زۆری بۆ سەربەخۆبوون لە دایك و باوك یاخود بەخێوکاری تێدا دەردەکەوێت ، هەروەك ئارەزووی ئەنجامدانی چالاکی گەورەکان دەکات ،بەو پێیەی کە تواناکانی بە تەواوەتی گەشەیان نەکردووە هەر بۆیە لە نێوان خولیای بۆ سەربەخۆبوون و پشت بەستن لەسەر دایك و باوکیدا دەمێنێتەوە ، لەماوەی نێوان ئەم دوو ململانێیەدا کارامەییەکانی گەشەدەکەن ، لێرەدا پێویستی بە هاوکاریکردن و دابینکردنی کۆمەڵێ چالاکی و چاودێریکردنێکی کەم و هاندانییەتی لەسەر زیادکردنی کارامەییەکانی کە بە تەنها ئەتوانێت ئەنجامی بدات .

٣. دەرکەوتنی کەسێتی منداڵ : وەك منداڵێکی پێشەنگ و منداڵێکی داخراو و منداڵێکی پشت بەخۆبەستوو ،کە لە ڕەفتارێکی منداڵانەدا دەردەکەون بەبێ بەشداری گەورەکان ، ئەگەر بمانەوێ هەندێ لایەنی کەسێتی منداڵ بگۆڕین بۆیە دەبێت لەم قۆناغەوە دەست پێ بکەین، ئەویش لەڕێی خوڵقاندنی کەشی گونجاو ، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ گۆڕانکاری لە کەسێتی منداڵێکی داخراودا دروست بکەین ئەبێت کەشێکی وای بۆبڕەخسێنین کە تێکەڵی بکەین بەجۆرێ ئاستی داخراویەکەی کەم بکاتەوە و بتوانێ تێکەڵ بەوانی دیکە ببێت و خودی خۆی دەربیڕێت (میلاد ،٢٠١٥ : ٤٥) .

## ٢-٣-٥ باخچەی منداڵان Kindergarten

سەرەتای بەکارهینانی چەمکی باخچەی منداڵان (Kindergarten) دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئەڵمانی (فریدریك فرۆبڵ Friedrich Wilhelm August Frobel) لەساڵی (١٨٤٠) زاییی کە ئەویش کاریگەر بووە بە هەنگاوەکانی بستالۆزی ، ڕەگ و ڕیشەی ناوی باخچە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەشتەی کە فرۆبڵ کردی بەناو سروشتی سەوزی شاخاویدا کە دواتر ئاماژەی بەوەدا فێرگەی منداڵ بریتیە لە باخچەی منداڵان کە گەشەیەکی سروشتی دەکات وەك چۆن دارێك گەشە دەکات لە ژێر سەرپەرشتی باخەوانێکی شارەزادا ، هەروەك ( فارابی و ابن طفیل) ئاماژەیان بەوەکردبوو کە مرۆڤ وەك ڕووەك وایە گەشەکردنی دەکەوێتە ژێر کاریگەری شیاوی سروشتییەوە ، لەهەمان کاتدا ئەم ووتەیە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانیدا لەچۆنێتی پێگەیشتنی منداڵ و پەروەدەکردنی لەسەر بنەمای پێگەیشتنی بە پێگەیشتنێکی دروست (حمزة و طعماس ،٢٠١٦: ٣٣٤) .

فرۆبڵ بە دامەزرێنەری یەکەمی باخچەی منداڵان دادەنرێت کەلەساڵی (١٨٤٠) یەکەم باخچەی دروستکرد کە تێیدا منداڵانی تەمەن (٣_٧) ساڵی وەردەگرت لە ژێر دروشمی "با ژیانێکی بەختەوەر بۆمنداڵانمان فەراهەم بکەین " و ناوی باخچەی نا بە (خوێندنگای بنیاتنراو لەسەر ڕەمەکەکانی منداڵ) دواتر ناوی لێنا بە خوێندنگای "پەروەردەی دەروونی " بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی ناوەکەیەوە بیری لەوەکردەوە ناوێکی دیکەی بۆبدۆزێتەوە وە ناوی نا " باخچەی منداڵان " ، فرۆبڵ گرنگیەکی زۆری دابوو بە یاری و مۆسیقا و شێوەکان و ڕەنگکردن و وێنەکێشان ، جەختی دەکردەوە لەسەر گرنگی چالاکیە دەستیەکان و خوێندنی سروشت بۆ منداڵان (وسام ،٢٠١٧ :٣٦) .

(جۆن فریدریك اوبرلین John Fridreeck Operline) لەساڵی (١٧٩٦) جەختی کردۆتەوە لەسەر گرنگی ساڵەکانی یەکەمی ژیانی منداڵ (قۆناغی باخچە) ، (ڕۆبرت ئۆین Robert Owien) لە ئینگەلتەرا و لەساڵی (١٨١٦) دا فێرگەی منداڵانی دامەزراند و ناوی لێنا سەردەمی نوێ بۆ پێکهێنانی کەسێتی ، دڵنیابوو لەوەی کە ساڵەکانی سەرەتای تەمەن گرنگی زۆریان هەیە لەسەر پێکهاتە و دروست بوونی کەسێتی ، (جۆن هنری بستالۆزی Johann Heinrich Pestalozzi) جەختی کردۆتەوە لەسەر هەموو ئەو شتانەی بەرجەستە و هەستپێکراون و هەروەك جەختی کردۆتەوە لەسەر فێربوون لەڕێی سەیرکردنی سروشتەوە ،هەروەك زانای سویسری (جان پیاجە Jean Piage) ئەم قۆناغە بە خاوەنی گەورەترین گرنگی دادەنێ لە ژیانی مرۆڤدا ،هەروەها ئەم قۆناغە جێی گرنگی پێدانی هەریەك لە زانایانی گەورەی بواری پەروەردەی وەك ( جان جاك ڕۆسۆ Jean Jacques Rousseau و ماریا منتسیۆری Maria Montessori) بوو کە ژیانی خۆیان تەرخانکردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و گرنگی ئەم قۆناغەی ژیان و پێویستی پێشکەشکردنی هەموو جۆرە چاودێریەك لە ساڵەکانی یەکەمی تەمەنەوە بەوپێیەی کە ماوەییەکی هەستیارە لەگەشەدا (عراج ، ٢٠١٦: ٢٥) .

ئەو قۆناغەی کە منداڵ تێیدا بۆ یەکەم جار پەیوەندی دەکات بە باخچەوە وەك یەکەم دامەزراوەی پەروەردەیی فەرمی لەدوای خێزان ، بە قۆناغی منداڵی بەرایی ناوزەند دەکرێت کە دەکەوێتە دوای قۆناغەکانی کۆرپەلەیی و لە سەرەتای سێ ساڵیەوە دەست پێدەکات تاوەکو کۆتایی ساڵی پێنجەمی منداڵ ، لە هەندێك جێگەشدا بە قۆناغی پێش خوێندنگا ناودەبرێت بەو پێیەی دەکەویتە پێش تەمەنی شەش ساڵی کە منداڵ تیێدا پەیوەندی بە خوێندنگاوە دەکات (زهران ،١٩٨٦: ٦٢) .

لەبەر ئەوە باخچەی منداڵان بەیەکێك لە گرنگترین قۆناغ ئەژماردەکرێت لەژیانی تاکدا کە کاریگەری دادەنێت لەسەر دروستکردنی کەسێتی . بۆیە جێی گرنگی پێدانی وڵاتانە و گرنگییەکی تایبەت

و بایەخیکی زۆر بەم قۆناغە دەدەن بەهۆی ئەو کاریگەریە ڕاستەوخۆیەی کەئەم قۆناغە هەیەتی لەسەر ژیانی منداڵ و داهاتووی ،کە تێیدا کەسێتی منداڵ دروست دەبێت و ئامادە دەکرێت بۆ فێربوون لەخویندنگەی سەرەتایی لە قۆناغی دواتریدا ، هەر لەناو ئەم قۆناغەدا گرنگترین توانا و ئامادەگیەکانی منداڵ دەردەکەوێت و تاڕادەیەك هێڵە گشتیەکانی داهاتووی منداڵ وێنا دەکرێت (الزبون و اخرون،٢٠١٦ :٧٣٣) .

هەروەك گرنگییەکی دیکەی ڕۆڵی باخچەی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیڕەوانەی کە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا پێشکەش دەکەن کە ئەم قۆناغە قۆناغێکی خێرای گشتگیری گەشەیە ، لەم قۆناغەدا لەشی منداڵ گەشەیەکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت دیارە کە کاریگەریش دەبێت بە هۆکارە دەرەکیەکانی وەك ژینگە و خۆراك پێدان و وەرزش کردن و خەوتن و ماندووبون بەڕادەیەکی زۆرتر لەوەی کە لە هەر قۆناغێکی دیکەی ژیانی منداڵ کە لە داهاتوودا ڕوودەدات ، هەر لەم قۆناغەشدا گەشەی مێشك بە هەمان شێوە خێراییەکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت و توانا ئەقڵیەکانی بەتەواوی کارادەبن و پاڵنەری حەزی بنکۆڵکاری بەشێوەیەکی بەرچاو لایەن پەرەدەسێنێت ، هەوڵی ئەوە دەدەن کە لەهەموو شتێك نزیك ببنەوە و چارەسەری هەموو شتێك بکەن ، هەستەوەرەکانیان دەبنە پەنجەرەیەکی واڵا بەسەر ژینگەی دەوروبەریاندا و تاوەکو بیناسن و مامەڵەی گونجاوی لەگەڵدا بکەن و خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن ، هەر بۆیە چاودێریکردنی پەروەردەکردن و پەی پێبردنی هەستی منداڵ لەم قۆناغەدا گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە ، دەبێتە ئامرازێك بۆ وەرگرتنی چەمك و بیرۆکەکان دەربارەی ئەو ژینگەیەی کەتێیدا دەژی تاوەکو بتوانیت وێنەیەکی ڕوونی بۆ بکێشێت و بیکاتە بنەمایەك بۆ چالاکی و کارلێك کردن لەگەڵیدا (جاد ،٢٠٠٧ :٢٨) .

## ٢-٣-٦ گرنگی باخچەی منداڵان :

باخچەی منداڵان بە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکرێت کە هەوڵی ئامادەکردنی منداڵ دەدات بەشێوەیەکی ڕاست بۆ گەیشتن بە قۆناغی سەرەتایی ، بە مەبەستی ئەوەی منداڵ هەست بە گواستنەوەی کت وپڕ نەکات لەماڵەوە بۆ خوێندنگا ، بە شێوەیەك کە ئازادیەکی تەواوی دەداتێ بۆ ئەزموونکردنی چالاکیەکان و دەرخستنی بەهرە و حەزو و ئارەزووەکان و تواناکانی کە ئەمەش هاوکاری دەکات لە بەدەستهێنانی کارامەیی و شارەزایی نوێدا .

منداڵ لەم قۆناغەدا پێویستی بە هاندان و پاڵپشتی کردنی بەردەوام هەیە لەلایەن مامۆستاکانیەوە، لە پێناو پەرەپێدانی حەز و خۆشەویستی بۆ کارکردن بەگروپ و چاندنی ڕۆحی هاوکاری و هاوبەشی کردنی ئەرێنیانە، پشت بەستن بەخوود و متمانە بەخۆبوون و وەرگرتنی کارامەیی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و دروست بوونی ئاراستەیەکی دروست دەربارەی کردە فێرکارییەکان .

منداڵ لە پڕۆگرامی نوێدا بە تەوەری سەرەکی ئەژماردەکرێت لە سەرجەم چالاکیەکاندا و هەمیشە حەز بەچالاکیە خودیەکان دەکات ، پەرە بەئەزموونکردن و هەوڵدان و دۆزینەوە دەدات ، هانی دەدات یاری کردنی ئازادانە ئەنجام بدات ، ڕەتی دەکاتەوە کە ناچاربکرێ بەڵکو جەخت لەسەر نەرمی نواندن و داهێنان و نوێبوونەوە دەکاتەوە لەگەڵیدا ، هەموو ئەمانەش پێویستی بەمامۆستایەکی ڕاهێنراوە کە کارەکەی خۆی خۆشبوێت و بتوانێ بەخۆشەویستی و ئارام گرییەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا بکات .قۆناغی باخچەی منداڵان قۆناغێکی فێرکاری مەبەستدارە و بایەخ و گرنگی کەمتر نیە لە قۆناغە فێرکاریەکانی دیکە ، هەروەك قۆناغێکی پەروەردەیی جیاوازە لە فەلسەفەی پەروەردەیی و ئامانجە ڕەفتاریەکان و دەروونناسی فێرکاری و فێرکاریە تایبەتیەکانی ، ئامانجی باخچەی منداڵان جەخت کردنەوەیە لەسەر ڕێزگرتنی خود لای منداڵان و بوون و ئاماژەدان بە بیرووبۆچونە داهێنەرەکانیان و هاندانیان لەسەر گۆڕانکاری بەبێ ترس و سڵەمینەوە ، چاودێری کردنی جەستەیی و ڕاهێنانیان لەسەر خووە تەندروستەکان و هاوکاریکردنیان لەسەر ژیانکردن و یاری لەگەڵ دەوروبەردا ، هەستکردن بە مۆسیقا و هونەر و جوانناسی و قوربانیدان بە هەندێ لە ئارەزووەکانیان لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵدا (میلاد ،٢٠١٥: ٤٧) .

هەروەك زانا (جیرسێڵد Per Christian jersild ١٩٦٨) باسی گرنگی باخچە و کاریگەرییە ئەرێنیەکانی لەم خاڵانەدا کورت دەکاتەوە :

١. فراوانکردنی بواری چالاکی و کارلێکی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵ و فێرکردنی هاوبەشی پێکردن و یاری بەکۆمەڵ ، و کەم کردنەوەی ترسان لە هەڵویستە کۆمەڵایەتیەکان و ترس لەوانی دیکە .
٢. ڕاهێنان لەسەر کۆنەڕۆڵکردنی هەڵچوونەکان و فێرکردنی جڵەوکردنی لە ڕێی یاری و هاوبەشی پیکردنی ویژدانی و هاورێیەتی و کاری بەکۆمەڵ و یارمەتیدان و کێبڕکێ .
٣. زۆربوونی کارامەیی زمانەوانی .
٤. گەشەی کارامەییە جووڵەییەکان و کارامەیی لە بەکارهێنانی یاری و سوود وەرگرتن لە چالاکی و یاری کردن .

٥. گەشەی سەربەخۆبوون و یارمەتیدانی خودی منداڵ لە خواردن و جل گۆڕین و چوونە دەرەوە و کەم کردنەوەی پشت بەستن بەوانی دیکە (زهران ،١٩٨٦ :٢٠٤) .

(یونیسێف ) ئاماژە بە دوو خاڵی دیکەی گرنگیە پەروەردەییەکانی باخچەی منداڵان دەکات کەبریتین لە :

١. ڕێکخستنی خود ك وەك کارامەییەکی گرنگ گەشە دەکات لە ساڵەکانی پێش چوونە خوێندنگا و باخچە و بە ئاماژەیەکی سەرەکی و گرنگ دادەنرێت بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ چوونە خوێندنگا .
٢. ئامادەگی بۆ ئەنجامدان کاری تێدەکرێت بە کارلێك کردن لەگەڵ ئەوانی تردا ، بەوپێیەی ئامادەگی بۆ خوێندنگا تەنها ئاماژەنیە بۆ زانینی ئەکادیمی ، بەڵکو کاریگەر دەبێت بە کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان و سۆزداریەکان زیاتر لە کاریگەربوونی بە کارامەییە زانینیەکان (موران ،٢٠١٤: ٧) .

## ٢-٣-٧ ڕۆڵی مامۆستای باخچە لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بە مافەکانیان :

لە توێژینەوەیەکدا کە ( تورنی پۆرتا Torny-Purta) لە ساڵی (١٩٨٥) ئەنجامیداوە دەریخستووە فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ پێویستە لە قۆناغی منداڵیەوە دەست پێبکرێت و لەڕێی هۆشیار کردنەوەی مامۆستا لە قۆناغی فێرکردنی سەرەتاییدا و لە ڕێی بەرنامە و پرۆگرامێکی تایبەت کە پەیوەست بێت بەمافی مرۆڤ و مافی منداڵ ، هەروەك پێناسەی باخچەی کردووە بەو دامەزراوەیەی کە خزمەت دەکات لەپێناوی بەدیهێنانی ئەم مافانە (السباعی ،٢٠١٣: ٢٤٤) .

زۆر ڕێگا و شێواز هەیە کە مامۆستایانی باخچە دەتوانن سوودی لێ وەربگرن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە بارەی مافەکانی منداڵانەوە بە تایبەت ئەو شێوازانەی کە جەخت دەکاتەوە لە بەشداری پێکردنی خودی منداڵان لە چالاکیەکەدا ، لە گرنگترین ئەو شێوازانەش :

١. گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا : مامۆستا دەتوانێت داوا لە منداڵەکان بکات کە دەربارەی مافەکانیان گفتوگۆ بکەن لەگەڵ یەکێك لەو کەسانەی کە لە ژینگەی دەوروبەریدا هەیە لە (هاوڕێ و ئەندامانی خیزان) ، بەوپێیەی ئەوان باشتر گوێیان لێدەگرن و بایەخ بەڕاو و بۆچوونیان دەدەن بە بەراوورد بەکەسانی نامۆ .
٢. پڕوپاگەندە یاخود بانگەشە : کۆمپانیاکان وێنە و ووشە پێکەوە هاوپێچ دەکەن و بەکاری دەهێنن بۆ ڕازیکردنی خەڵکی بۆ کڕینی بەرهەمەکانیان ، بەڵام ئەمە تەنها بۆ بواری بازرگانی و

کاڵاو شتوومەکان قۆرخ نەکراوە ،مامۆستایانی باخچە بەبەشداری پێکردنی منداڵان دەکرێت دیزاین بۆ هەندێك هەڵواسراو و دروشم و بانگەشەی ناو گۆڤارەکانی باخچە و ڕووپۆشی دیوارەکانی باخچە بکەن کە ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان .

٣. نووسینی ووتار : مامۆستایانی باخچە دەتوانن ووتار دەربارەی مافەکانی منداڵ بنووسن و بڵاوی بکەنەوە لە گۆڤاری باخچە و خانەکانی بڵاوکردنەوەی ناوخۆیی و پێگە ئەلیکترۆنیەکان ، ووتارەکان بواری زیاتر دەدات بەخوێنەر بۆ بەدواداچوون دەربارەی مافەکانی منداڵ .

٤. قسەکردن : لە ڕێگەی قسەکردن لەبارەی مافەکانی منداڵانەوە لە مینبەرە کراوەکان و یاد و بۆنە جیاجیاکان و کۆبوونەوەی دایکان و باوکان و هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا ، دەتوانرێت کاربکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی منداڵ .

٥. فێرکردن : لە ڕێگەی کارکردنی مامۆستای باخچەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی منداڵان لە چالاکیەکانی بەیانیان یاخود لە کاتی فێرکاری وانەکاندا و بەکارهێنانی چالاکی هەمەچەشن و ئامرازە جیاجیاکانی گەیاندنی پەروەردەیی ، مامۆستا دەتوانێت پەیامی هۆشیارکردنەوە دەربارەی مافەکان لە منداڵان بگەیەنێت .

٦. ڕێکخستنی بۆنەی تایبەت : ئاهەنگە مۆسیقیەکان و شانۆ و پێشبڕکێ وەرزشیەکان و چەندین چالاکی تر کە منداڵ تێیاندا بەشداری دەکات دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ هۆشیارکردنەوە لە بارەی مافەکانی منداڵان بەسوود وەرگرتن لەڕەگەزی سەرگەرمی و چێژبەخشین .

٧. بەکارهینانی ئەنتەرنێت : لە ڕێگەی ماڵپەڕ و بلۆگ و پێگە ئەلیکترۆنیەکانەوە مامۆستایانی باخچە بابەتی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بڵاوبکەنەوە کە لەسەردەمی ئێستادا دەتوانین بڵێین کاریگەریەکانی زۆرترە بەبەراوورد بەهەندێ ڕێگای تر دیارە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری بەکارهێنانی ئامرازەکانی پشتبەستوو بە ئەنتەرنێتەوە ( Stand Up For Children's Rights , 2018 : 32) .

## ٢-٣-٨ بنەماکانی پەیڕەو و پرۆگرامی باخچەی منداڵان بۆ پاڵپشتی کردن لە مافەکانی منداڵ :

پەیڕەوی باخچەی منداڵان لە دیاریکردنی ئامانج و ناوەڕۆك وڕێکخستن و شێوازەکانی پێشکەشکردنی چالاکیەکان و ئامرازو کەرەستەی هەڵسەنگاندنیشیەوە پشت دەبەستێت بەم بنەمایانەی خوارەوە :

١. بنەما دەروونیەکان/بریتین لە تایبەتمەندیە جەستەیی و ئەقڵی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ و ئارەزوو و بایەخپێدان و پێداویستی و توانا کەسیە جیاوازەکانی ، دەبێتە مایەی بە پێویست زانینی فەراهەم کردنی چالاکی و وروژێنەر و هاندەر بۆ تێرکردنی پێویستیەکانی منداڵ و ئارەزووەکانی و پەرەپێدانی چەمك و کارامەیی و تواناکانی .
٢. بنەما کۆمەڵایەتیەکانی/ لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگا و بەها و کلتوور و کێشەکانیدا یەکدەگرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە پەیڕەوەکە گرنگی بدات بەو شارەزاییانەی کە هەستی نیشتیمان پەروەری لای منداڵ بەهێز دەکات و هەستی شانازی کردن بە ناسنامەی نیشتیمانی لا دروست بکات و ڕەوشت و ڕەفتاری گونجاو بەتەمەتی خۆی تێدا بچێنێت کە لەگەڵ بەها ئاکارییە پەسەندەکاندا بگونجێ و یەکبگرێتەوە .
٣. بنەما پەیوەندیدارەکان بە مافی منداڵەوە/ پەیوەندی بەو مافانەی منداڵانەوە هەیە کە لە جاڕنامە نێودەوڵەتیەکان و هەرێمیەکاندا ئاماژەی پێکراوە ، خۆی لە مافەکانی ژیان و یەکسانی و فێربوون و باش مامەڵە کردن و مافی یاری و فەراهەم کردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ بەدەستهێنانی بەها و داب ونەریتە کۆمەڵایەتیەکان کە گەشەیەکی دروست و پەرەپێدانی توانا کارامەییەکان و ئامادەگی تاك و بەرزترین ئاستی حۆی ڕێگەپێدانی بۆ بەشداریکردنێکی کارا لە هەڵوێستە جیاجیاکان ، مافی لە پاراستنی ناسنامە و ئازادییەکانی وئاسایشدا دەبینێتەوە (کامل،٢٠٢١: ٤١٢) .

## ٢-٣-٩ ئامانج لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان :

هەروەك لە ژێر ڕۆشنای بەندی (١٩) ناو ڕێکەتننامەی مافەکانی منداڵ لە ساڵی (٢٠٠١) لە لایەن لیژنەی مافەکانەوە بڕیاری لێدراوە ، ئاماژەی بەوە داوە کە دەوڵەتانی بەشدار دەبێت فێرکردنی مافەکان لە چوارچێوەی فێرکردنی قۆناغی منداڵی بەراییدا دابنێن ، ئەو فێرکردنەش پشت ببەستێت بە

بەشداریکردنی گونجاوی منداڵان بە جۆرێك بێت  کە هەلیان بۆ برەخسێنێت بۆ ئەزموونکردنی مافەکانیان و بەرپرسیارێتیان بە ڕێگەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ بەرژەوەندی و توانا و گرنگی پێدانەکانیان ، هەروەك پێویستە فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ بەکاربهێنرێت لای منداڵی بەرایی و بکرێت بە بابەتی ڕۆژانە و پەرەی پێبدرێت لە خانە و سەنتەرەکانی چاودێریکردنی منداڵان و لە بەرنامەکانی فێرکردنی پێش وەختە و لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەدا کە منداڵان خۆیانی تێدا دەبیننەوە ( الامم المتحدة ،٢٠٠٥: ١٦) .

لە گرنگترین ئامانجەکانی ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە :

١. گەشەپێدانی لێك تێگەیشتنی فەرهەنگە جیاوازەکان : فێرکردنی ئەو بابەتانەی کە لەسەر ئاستی جیهان هاوبەشە هەلی هەمەرەنگی کۆمەڵگا و فەرهەنگ و زمان و ئایین بەهەر میلەتێکی دیاری کراو دەبەخشێ ، توانای ئەوەی دەداتێ کە لەگەڵ فەرهەنگ و ڕۆشنبیریەکانی دیکەدا کارلێك و پەیوەندی دروست بکات ، فێرکردنی منداڵان دەربارەی جیهان و فەرهەنگەکانی دیکە دەبێتە مایەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دنیا بینینێکی فراوان و کەسێتیەکی بەهێز بۆ منداڵان ، وادەکات لەسەر ئاستی جیهان پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان فەرهەنگاکاندا دروست بێت .
٢. بنیاتنان و پەرەپێدەری کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان : فێربوون دەربارەی دادی کۆمەڵایەتی و مافەکانی منداڵان گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لە گرنگی مامەڵەکردنێکی دادپەروەرانە لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا، ئەو بەرپرسیارێتیەی کە لە ئەستۆماندایە لە پاراستنی مافی ئەوانی دیکەدا و هەروەها پاڵپشتیکاری کارامەییەکانی گوێگرتن و ڕێزگرتن و هاوسۆزی و ئەو ڕەفتارانەی کە ڕێگرن لە گێچەڵ و خراپ مامەڵە کردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا .
٣. گەشەپێدانی تێگەیشتنە ئاکاریەکان : ئەو تەکنیکە نوێیانەی لە ئێستادا لە ناو چالاکیەکانی هەندێ باخچەدا بەکاردەهێنرێت دەتوانێت پشکداری بکات لە ڕێگەی نمایشکردنی فەرهەنگی هەندێك کۆمەڵگای ناوخۆیی و جیهانی ، کە منداڵ لێیانەوە ئاشنا بێت بەو بابەتە مەعریفی و جیهانیانەی کە پێشتر ئاشنا نەبووە پێیان، لە وەڵامدانەوەیان بۆی لێکدانەوە ئاکاریەکان وەکو مافی مرۆڤ و بەرپرسیاریەتی و دادپەروەری جیهانی لە بەرچاوبگرن،هەروەك تێگەیشتنی ئاکاری

یارمەتی منداڵان دەدات کەببن بە تاکیکی داهێنەرومتمانە بەخۆبوو و هاونیشتیمانیەکی کاراو گۆڕایەڵ .

٤. پاڵنەری کردەی فێرکارییە لای منداڵان : پەیوەندی نێوان ئەو زانینەی لە ژوورەکانی چالاکی باخچە فێری دەبێت لەگەڵ هەڵوێست و دۆخەکانی دەرەوەی باخچە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی گرنگی و واتای کەسی فێربوونی مافەکانی منداڵ ،دەبێتە هۆی فێربوونێك کە بەدرێژایی ژیان بەردەوام دەبێ کە لە ژیانی منداڵدا یارمەتی دەدات بۆ زانین و تێگەیشتنی قووڵتر .

٥. باخچە ئارام و ئاسایشتر دەبێت : فێربوونی منداڵ بۆ مافەکانیان تارادەیەك دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی گێچەڵ و ئازاردان لەنێو منداڵاندا ،لە هەمان کاتدا پەیوەندی نێوان مامۆستا و منداڵ بەهێزتردەکات و هاوکار دەبێت لە دروستکردنی منداڵێکی پێگەیشتوو هەست بە بەرپرسیاریەتی کردن، بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندیەکان و ڕێگاکانی فێرکردن و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری هەموو تاکەکانی باخچە ، ئەو هەلە دەداتە منداڵ کە ئەو ماف و بەرپرسیارێتیانە لەگەڵ نزیك و کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی بەر فراوان جێبەجێ بکات .

٦. منداڵان بە مافەکانیان ئاشنا دەکات : کاتێك منداڵان بە مافەکانی خۆیان ئاشنابوون ئەوا ئاشنای ئەوە دەبن کەدەبێت چۆن لە لایەن ئەوانی دیکەوە مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت و چۆن بەرگری لە مافەکانیان بکەن ، نرخاندنیان بۆی دەبێت و لە ڕوانگەیەکی جیهانیەوە سەیری ژیانی خۆیان دەکەن .

٧. وادەکات منداڵان ببن بە هاونیشتیمانیەکی کارا : فێرکردنی منداڵان دەربارەی جیهانگیری مافەکانی منداڵ و ئەو پێشێلکاریانەی کە بەرامبەری دەکرێت دەبێتە هۆی دروستکردنی نەوەیەکی بەرپرسیار لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە . هەموو مافەکانی منداڵ لە ژیانی ئێستادا تارادەیەك دەتوانرێت بهێنرێتە دی بۆیە زۆر گرنگە فێری منداڵان بکرێ بەو پێیەی کە ئەوان سەرکردەی دوارۆژن لە کۆمەڵگادا، مندالان فێربکرێت بەرپرسیاریەتی ڕەفتارەکانیان هەڵبگرن،هەروەك ڕێز و نرخاندنیان بۆ بابەتەکان هەبێت و خۆیان وەکو هاونیشتیمانیەکی بەسوود ببینن کە دەتوانن لەسەر ئاستی جیهان پشکداری بکەن لەجیهانێکی ئارام و ئاسوودە و دادپەروەرانەتر (خلیل ،٢٠١٦: ٢٠ ) .

## ٢-٣-١٠ ئامانجەکانی باخچەی منداڵان :

باخچەی منداڵان کۆمەڵێك ئامانجی تایبە ت بەخۆی هەیە ، هەروەك فرۆبلی ئەڵمانی ئامانجی باخچەی منداڵان لەم خاڵانەدا دەخاتەڕوو :

- لەکتێبی (پەروەردەی مرۆڤ) فرۆبڵ بیرۆکەی باخچەی منداڵان لەسەر ئەو بنەمایە دەخاتەڕوو کە منداڵ لە ناو ژینگەیەکی زیندوودا دەژی و تێبینی گەورە و بچوکی ئەوە دەکات کە لە دەوری دەگوزەرێت .
- منداڵ وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیان لە ناو خێزان و کۆمەڵگاکەیدا دەبینێت و یارمەتی و هاوکاری نزیکەکانی دەکات بەمەش زانیاری دەست دەکەوێت دەربارەی ژیانی کردەیی و چالاکیە خودیەکانی .
- فرۆبڵ جەخت دەکاتەوە لە سەر بیرۆکەی یاری و کارکردن هاوشان لەگەڵ گۆرانی و سرووددا، بە جۆرێك کە ئەم بابەت و ئامرازانە بەشێوەیەکی پلە بە پلە پێشکەش بە منداڵ بکرێت تاوەکو منداڵ لە تایبەتمەندی هەردیاری و یاریەك تێبگات لە پاشان بڕوا بۆ دانەیەکی دیکە ، پەیوەندی بدۆزێتەوە لە نێوان کار و چالاکیە نوێیەکان و کارو چالاکیە کۆنەکاندا ( وسام،٢٠١٧: ٣٩) .

باخچەی منداڵان کۆمەڵێك ئامانجی هەیە لەم خاڵانەدا خراوەتەڕوو :

١. چێژ وەرکرتنی منداڵان لەو کەشەی باخچە بە ئازادانە و پڕجووڵەوە .
٢. وەرکرتنی زانیاری و سوودە هەمەجۆرەکانی لە ڕێی یاری و خۆشبارییەوە .
٣. پەرەپێدانی بەها و ئاداب و ڕەفتارە پەسەندەکان لای منداڵان .
٤. ڕاهێنانی منداڵان لەسەر هەست بە بەرپرسیاریەتی کردن و پشت بەخۆ بەستن .
٥. هاندان و خوڵقاندنی پاڵنەرە ئەرێنیەکان لای منداڵان سەبارەت بە کارکردن .
٦. پەرەپێدانی کارامەییە هەمەجۆرەکان و توانا داهێنەریەکان لای منداڵان .
٧. ڕاهێنانی منالان لەسەر خۆشەویستی کۆمەڵ و کاری هاوبەش .
٨. بەشداری کردن لەچارەسەرکردنی زۆرێ لە کیشەکانی منداڵان وەك شەرمکردن ، داخراوی ، شەڕەنگێزی .. .
٩. دەرکردنی ووزە کۆکراوەکانی منداڵان و خاڵیکردنەوەیان بە ڕێگەیەکی باش .

١٠. پتەوکردنی پەیوەندی نێوان منداڵان و مامۆستاکانی لە ڕێی کارلێك کردن لەگەڵیاندا بەشێوەیەکی تاکایەتی (الرسول واخرون ،٢٠٢٠: ٢٥٦) .
١١. پەرەپێدانی متمانە بەخۆبوون لای منداڵ و متمانە کردن بەوانی دیکە .
١٢. هاوکاریکردنی منداڵ لەسەر ووروژاندنی بیرکردنەوەی ، فەراهەم کردنی هەل بۆ ئەزموونکردن و چارەسەری کێشەکانیان .
١٣. یارمەتیدانی منداڵ لە سەر بەکارهێنانی ئەندێشە و خەیاڵەکانی .
١٤. فێرکردنی جەستەیی بۆ ئەزموونکردنی کارامەییە جووڵەیەکان .
١٥. پەرەپێدانی بەهاکانیان سەبارەت بەخود و بەوانی دیکە (مخطاری،٢٠١٧: ٢٥٦) .
١٦. ئامانجی کۆمەڵایەتی : ئەمەش خۆی دەنوینێت لە گواستنەوەی منداڵ لە خودێتی خێزانەوە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی هاوبەش لەگەڵ چواردەوری ، لەم میانەیەوە فێری ئادابە ڕەفتارییەکان دەبێت.
١٧. پێکهێنانی خوو و کارامەییە ڕەفتارییە تەواو و تەندروستەکان : کە ڕاهێنانی کارامەییە جووڵەیەکان و پەروەردەی هەستەکان و زەیین و ڕاهێنان لەسەر باشتر بەکارهێنانیان دەگرێتەوە ( نبهان،٢٠٠٩: ٢٨) .

## ٢-٤ توێژینەوەکانی پێشوو :

### ٢-٤-١ تەوەری یەکەم / توێژینەوەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی :

یەکەم/ توێژینەوەی (البلهان والشمری :٢٠١٩) بە ناونیشانی (ئاراستەی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەرامبەر ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی ڕەفتاری ئاکاری لای منداڵان لە ژێر ڕۆشنای هەندێ گۆڕاودا لەووڵاتی کوەیت ) .

ئامانجی توێژینەوەکەی بریتییە لە دیاریکردنی ئاراستەی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەرامبەر ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی ڕەفتاری ئاکاری لای منداڵان لە ژێر ڕۆشنای هەندێ گۆڕاودا، سامپڵی بنەڕەتی پێکهاتبوو لە (١٢٢) بەڕێوەبەر و مامۆستای باخچەی منداڵان کە (٢٩) لەوان بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان بوون و تەمەنیان لەنیوان (٣٥_٤٣) ساڵیدا بوو، (٩٣) کەسیان مامۆستای باخچە بوون کە تەمەنیان لەنێوان (٢٢_٤٣) ساڵیدابوو ، ئامرازی بەکارهاتوو بریتییە لە پێوەرێك تایبەت بە ئاراستەی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەرامبەر بە

ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و کەم وکوڕیەکانی لە پەرەپێدانی ڕەفتاری ئاکاری لای منداڵان ، هەروەها لیستێکی زانیاریە سەرەتاییەکان ، ڕێبازی بەکارهاتوو ڕێبازێکی وەسفی بوو ، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستبوو کە ئاراستەی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەرامبەر ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی ڕەفتاری ئاکاری لای منداڵان بە بوارە جیاوازەکانیەوە لە ئاستێکی ناوەند دا بوو، بواری ئایینی لەپلەی یەکەمدا بوو لە کاتێکدا بواری پەروەردەیی لە پلەی دووەمدا بوو ، بواری کۆمەڵایەتی لە پلەی سێیەم و بواری نیشتیمان پەروەری لە پلەی کۆتاییدا هاتبوو ، لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتبوو بەم ئەنجامەی کە ئاراستەی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەرامبەر کەم وکوڕییەکان لەپەرەپێدانی ڕەفتاری ئاکاری لای منداڵان لە ئاستێکی بەرزدابوو ، ئەمەش واتای هەبوونی ئاراستەی نەرێنی بەرامبەر کەم و کوڕییەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی دەگەیەنێت ، بەو واتایەی کە چەندین کەم و کوڕی ڕێگر هەیە کاردەکەنە سەر کەم کردنی کارامەیی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بە شێوەیەکی گونجاو .

**دووەم / توێژینەوەی (الضبياني :٢٠١٩) بە ناونیشانی (کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و جێبەجێکردنی لە دامەزراوە فێرکارییەکاندا لەووڵاتی یەمەن ) .**

**ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و جێبەجێکردنی لە دامەزراوە فێرکارییەکاندا ، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش ڕێبازی وەسفی دیکۆمێنتاری بەکارهێناوبوو بە مەبەستی خوێندنەوەیەك بۆ توێژینەوەکانی پێشوو کۆڕ و کۆڕ بەند و پەرتوك و ووتارە زانستیەکان بە ئامانجی وەڵامدانەوەی پرسی توێژینەوەکەی ، ئەنجامی توێژینەوەکە بریتییە لەوەیە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی وەك ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لە بواری پەروەردە و فێرکردندا لەناوەڕاستی سەدەی پێشوودا هاتۆتە ئاراوەو ئەرکی بەدیهێنانی ئامانجە پەوروەردەیەکانە، ڕاگەیاندنی فێرکاریش بەشێکە لە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی ، ڕاگەیاندنی خوێندنگا وەك لایەنێکی جیبەجێکردنی پەروەردەیی، لقێك لە لقەکانی ڕاگەیاندنی فێرکاری یە ،یەکێکە لە چالاکیە هەرە گرنگەکان کە یارمەتی دەدات لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە گشتیەکان لەسەر ئاستی خوێندنگا .**

**سێیەم / توێژینەوەی (السنجري :٢٠١٨) بەناونیشانی (ئاستی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە ڕوانگەی مامۆستاکانیانەوە لەعێراق) .**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییەلە زانینی ئاستی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە ڕوانگەی مامۆستاکانیانەوە لە عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە، سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٨٠) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز، ئامرازی توێژینەوەکە بریتییەلە فۆڕمێکی ڕاپرسی کەپێکهاتبوو لە (٥١) برگە ، لە ئەنجامدا توێژەر گەیشتە ئەوەی کە ئاستی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە لە ئاستێکی مام ناوەنددایە ، ئەم کاریگەریەش جیاوازە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا و ئاستەکەی بەرزترە لای ڕەگەزی نێر.

**چوارەم / توێژینەوەی (اسماعیل و ئەوانی تر :٢٠١٣) بەناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە پارێزگای قاهیرە) .**

ئامانجی توێژینەوەکەی بریتییە لە زانینی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی ، توێژەر بۆ ئەم مەبەستە ڕێبازی وەسفی بەکارهێنابوو ، ئامرازی بەکارهاتوو بریتییەلە ڕووپێوی ڕاگەیاندن، سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤٥٠) خویندکاری (کوڕ وکچ ) لە قۆناغی ئامادەیی کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبیژاردبوون ، لە هەمان کاتدا سامپڵی توێژینەوە شیکاریەکەشی بریتییەلە شیکاری ناوەڕۆکی سامپڵێکی مەبەستدار کە پێکهاتبوون لە (١٥) ڕۆژنامەی چاپکراو و (٢٠) دەقی شانۆیی و(٩٥٠) برگەی ئێستگەیی بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆك و فۆڕمێکی ڕاپرسی کە لە ئامادەکردنی توێژەرخۆی بوو، لە ئەنجامدا توێژەر بۆی دەرکەوت کە ڕێژەی ئەو خوێندکارانەی سامپڵەکەی کە بایەخ دەدەن بە ڕاگەیاندنە پەروەردەییەکانی ناو خویندنگا دەدەن (٣٣،٥٦٪) بوون ، ئەوانی کە هیچ چاودێریەکیان نەبوو بۆ ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە خوێندنگاکانیان ڕێژەکەیان (١٥،٣٣٪ ) بوو ، لەئەنجامدا توێژەر بۆی دەرکەوت کە ئەو دەربڕینانەی لای لێکۆڵراوان دەربارەی مافەکانی منداڵان هاتبوو لە پلەی یەکەمدا پاش ئەو لەپلەی دووەمدا مافی ژیان وگەشە کردن و لە پلەی سێیەمدا مافی منداڵ بۆفێربوون دێت و لە پاش ئەو و لە پلەی چوارەمدا مافی تەندروستی باش و دواتریش مافی

هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵان لە لایەن باوانەوەیە ولە پلەی شەشەمدا مافی خۆدەربڕین و لە پلەی حەوتەمدا مافی یاری کردن و کات بەسەربردن دێت و لە کۆتایشدا مافی منداڵ لە پەیوەندی ڕاگەیاندن و بەدەست گەیشتنی زانیاریەکان هاتبوو .

**پێنجەم / توێژینەوەی (جريسات :٢٠١١) بە ناونیشانی (کاریگەری بەرنامەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و پەیوەندی بە ڕێککاری ڕەفتاریی لای خوێندکاران) .**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییەلە ناسینی کاریگەری بەرنامەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و دەرخستنی پەیوەندی بە ریککاری ڕەفتاری لای خوێندکاران، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستابوو بە هەڵبژاردنی (٧٧٥) مامۆستا (نێر و مێ) بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی لە خوێندکارانی هەرسێ (هەرێمی باکوور و ناوەند و باشوور) لە ووڵاتی ئەردەن ، ڕێبازی توێژینەوەکەی ڕێبازێکی رووپێوی پەیوەستی بوو بەهۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکەدا ، ئامرازی بەکارهاتوو بریتییەلە فۆرمێکی ڕاپرسی دەربارەی کاریگەریەکانی بەرنامەی راگەیاندنی پەروەردەیی کە لە (٣٣) برگە پێکهاتبوون و دابەش بوون بەسەر هەر (٣) تەوەری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و کەسیی ، فۆڕمێکی ڕاپرسی دەربارەی ئاستی ڕێککاری ڕەفتاری کە بەهەمان شێوە لە (٣٣) برگە پێکهاتبوو دابەش بووبون بەسەر برگەکانی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی ترو ڕێکخراوە خوێندنگەیەکان و لایەنەکانی دەستکەوتی نمرەیی ، لە ئەنجامدا توێژەر بۆی دەرکەوت کە کاریگەری بەرنامەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە ئاستێکی مام ناوەندی هەیە، پەیوەندی لەگەڵ ڕێککاری ڕەفتاری لای خوێندکاران لە ڕوانگەی مامۆستاکانەوە بە پلەی یەکەم لەگەڵ تەوەری ریکخراوە خوێندنگەیەکان بەپلەی دووەم پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە و بەپلەی سێیەم پەیوەندی هەیە لەسەر لایەنی دەستکەوتی زانستی ،هاوشان لەگەڵ ئەمانەشدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە کاریگەری بەرنامەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی دەگۆڕێت بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز و لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە ، بە گشتی پەیوەندیەکی ئەرێنی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ئاستی کاریگەری بەرنامەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ئاستی ڕێککاری ڕەفتاریی لای خوێندکاران .

**شەشەم / توێژینەوەی (الصعيدي :٢٠٠٥) بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە پەرەپێدانی هۆشیاریی ڕاگەیاندن لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی) .**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی دەیگێڕیت لە پەرەپێدانی هۆشیاریی ڕاگەیاندن لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە خویندنگاکانی میصر لە ڕێگەی پەیرەوێکی

پێشنیاکراوەوە، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییەلە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە پارێزگای (المنوفیلیە) کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە دوو خوێندنگا هەڵبژێراوە ، ڕێبازی توێژینەوەکە ئەزموونی بوو بەجۆرێ کە (٣٥) خوێندکاری گرووپی کۆنترۆڵ و(٣٥) خوێندکاریش گرووپی ئەزموونی بوون پاش هاوتاکردنیان لە ڕووی (تەمەن و ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕەگەز و چەند گۆڕاوێکی ترەوە) ، ئامرازی توێژینەوەکە بریتییەن لە (فۆڕمی ڕاپرسی و ڕۆژنامەی خوێندنگا و پەیرەوێکی تایبەت بە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بۆ خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی و تاقیکردنەوە بۆ بابەتەکە وکارتی هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەوانی خوێندنگەیی) لە ئەنجامدا توێژەر گەیشتە ئەوەی کە پەیرەوێکی تایبەت بە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری هەیە لەسەر پەرە پێدانی هۆشیاری ڕاگەیاندن لای خوێندکارانی ئامادەیی .

## ٢-٤-٢ تەوەری دووەم / توێژینەوە دەربارەی مافەکانی منداڵان

**یەکەم / توێژینەوەی (الحربی :٢٠٢٠) بە ناونیشانی (مافەکانی منداڵ و جێبەجێکردنی لە خوێندنگاکانی شاری جدە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە_توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاریە).**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییەلە دەست نیشانکردنی ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی باخچەی منداڵان بە مافەکانی منداڵ (مافی یاری ومافی یەکسانی و هەل بۆ ڕەخساندن و مافی پارێزگاریکردن و مافی چاودێری تەندروستی و مافی ئازادی ڕادەربڕین و گوێگرتن و مافی بەشداریکردن) لە شاری جدە لەسەر ئاستی جێبەجیکردن و بە پشت بەستن بە گۆڕاوەکانی شیاوی زانستی و ساڵانی شارەزایی و خولەکانی ڕاهێنان، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێنابوو، ئامرازی بەکارهاتوو بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی  کە پێکهاتبوو لە (٤٥) برگە و بەسەر (٦) تەوەردا دابەشکرابوون ، سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە  (١٢٧) مامۆستای باجچەی منداڵان  لە شاری جدە کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون، ئەنجامی توێژینەوەکەی دەریخستبوو بە شێوەیەکی گشتی زۆرینەی مامۆستاکانی باخچەی منداڵان هۆشیاریان هەبوو بە مافەکانی منداڵ و بەشێوەیەکی مام ناوەندیش جێبەجییان کردبوو لە ناو باخچەکاندا ، بەلاشیانەوە باڵاترین مافەکانیان بەم شێوەیە بەدوای یەکدا هاتبوون کە ئەوانیش ( چاودێری تەندروستی یەکسانی و هەل بۆڕەخساندن و بەشداریکردن و ئازادی ڕادەربڕین و گوێگرتن و یاری و ئازادی) .

**دووەم / توێژینەوەی (المر والمعبی :٢٠١٩) بە ناونیشانی (کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان بە بەکارهێنانی چالاکی ڕاگەیاندنی خوێندنگا لای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی لە ڕۆژئاوای شاری الدقهلیة ) .**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییەلە زانینی کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان لای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی بە بەکارهێنانی چالاکی ڕاگەیاندنی خوێندنگەیی، ڕێبازی توێژینەوە ڕێبازێکی شێوە ئەزموونی بوو بە هۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا، سامپڵی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی مەبەستدار خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی هەڵبژاردبوو کە ژمارەیان (٦٠) خوێندکار بوو دابەش بون بە سەر هەردووگروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵ بە شێوەیەکی یەکسان لەڕووی گۆڕاوی ڕەگەزەوە ، هەردوو گروپ هاوتا کرابوون و هەر گرووپە لە (١٥) خوێندکاری کچ و(١٥) خوێندکاری کوڕ پێکهاتبوون ، ئامرازەکانی توێژینەوەکەشی پێکهاتبوون لە بەرنامەی ڕاهێنان و پێوەرێکی هۆشیاری بە مافەکانی منداڵان و تاقیکردنەوەی هەڵوێستەکان ،ئەنجامی نمرەی بەدەستهاتوو لە پێوەری هۆشیاری بە مافەکانی منداڵ ولای گرووپی ئەزمونی دەری خستبوو بەکارهێنانی چالاکیەکانی ڕاگەیاندنی خوێندنگەیی کاریگەریەکی ئەرێنی هەیە لەسەر هۆشیارکرنەوەی منداڵان بە مافەکانیان بەشێوەیەکی گشتی .

**سێیەم / توێژینەوەی (الفضلی : ٢٠١٧) بە ناونیشانی (ئاستی ڕۆشنبیری هۆشیاری بە مافەکانی منداڵان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵانی پایتەخت لە وولاتی کوەیت لە ژێر ڕۆشنای ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ و ئاراستەیان بەرامبەری) .**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییەلە ناسینی ئاستی ڕۆشنبیری هۆشیاری بە مافەکانی منداڵان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە ژێر ڕۆشنای ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ و ئاراستەیان بەرامبەری، سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (١٠٨) مامۆستای باخچەی منداڵان لە باخچە حکومیەکانی سەر بە ناوچە فێرکاریەکان کە هەموویان بەشێوەیەکی چینایەتی هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون ، ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی بوو، ئامرازی توێژینەوەی بەکارهاتوو بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی کە لە دوو تەوەر پێکهاتبوو ، یەکەمیان بۆ پێوانی ئاستی ڕۆشنبیری هۆشیاری بە مافەکانی منداڵان لای مامۆستایانی باخچە کە لە (١٥) برگە پێکهاتبوو ، تەوەری دووەمیشیان بۆپێوانی ئاراستەی مامۆستایانی باخچە بەرامبەر بە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان لە (١٤) برگە پێکهاتبوو ، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە ئاستی ڕۆشنبیری هۆشیاری بەمافەکانی منداڵان لای مامۆستایان لە ئاستێکی

بەرزدابوو ، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە نێوان مامۆستایاندا لە ئاستی ڕۆشنبیریان بە مافەکانی منداڵان بە گوێرەی جیاوازی ئاستی ئەو کارامەییە زانستیانەی کە بەدەستیان هێناوە .

**چوارەم / توێژینەوەی (خلیل : ٢٠١٦) بە ناونیشانی (کاریگەری بەرنامەیەکی پێشنیارکراوی بنیاتنراو لەسەر چالاکی لە فێرکردنی منداڵی باخچە بە مافە سەرەکیەکانی و پێدانی هەندێ کارامەیی کۆمەڵایەتی) .**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییەلە ناسینی ئاستی کاریگەری بەرنامەی پێشنیارکراوی بنیاتنراو لەسەر چالاکی لە فێرکردنی منداڵی باخچە بە مافە سەرەکیەکانی و پێدانی هەندێ کارامەیی کۆمەڵایەتی ،ڕێبازی توێژینەوەکەی ڕێبازیکی ئەزموونی بوو ، سامپڵی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژاردبوو کە ژمارەیان (٣٠) منداڵ بوو ، ئامرازی توێژینەوەی بەکارهاتوو بریتییەلە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و پێکهاتبوو لە بەرنامە چالاکیەکانی هونەری و و یاری و شانۆ وچیرۆك ، هەروەها تاقیکردنەوەی وێنەداری ماف و کارامە کۆمەڵایەتییەکان و کارتەکانی تۆمارکردنی تێبینەکان لە لایەن مامۆستایانەوە ،هاوکات کارتەکانی تۆمارکردنی تێبینی لە لایەن دایبابەوە، لەگەڵ کارتەکانی تۆمارکردنی تێبینی چالاکیە کۆمەڵایەتیە کەسییەکان لە لایەن خودی توێژەرەوە لە کاتی جێبەجێکردنی بەرنامەکەیدا، لە ئەنجامدا توێژینەوەکە دەریخستبوو بەرنامەی پێشنیارکراوی پشت بەستووبە چالاکیەکان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە سەر فێرکردنی مافە بنەڕەتیەکان لای منداڵان و پێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان پێیان .

**پێینجەم / توێژینەوەی (Tuna : 2015) بە ناونیشانی (تێڕوانینی مامۆستایانی قۆناغی منداڵی بەرایی بەرامبەر بە بەشداریکردن) (وەك مافێکی منداڵان) .**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییەلە دەرخستنی بیروباوەڕی مامۆستایانی قۆناغی منداڵی بەرایی دەربارەی مافی بەشداریکردنی منداڵان وەك ئەوەی لە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵاندا هاتووە، ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییەلە ڕێبازێکی وەسفی، ئامرازی توێژینەوەکە بریتییەلە بەکارهێنانی پێوەرێکی تایبەت بە بڕوابوون بە مافی بەشداریکردن ،سامپڵی توێژینەوەکە بریتییەلە (٣٢٠) مامۆستای قۆناغی منداڵی بەرایی کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری ئەنقەرە لە تورکیا هەڵبژاردبوون ،ئەنجامی توێژینەوەکەی دەریخستبوو کە هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان بیرو باوەڕی ئەو مامۆستایانەی کە ئاگادارن لە بارەی مافەکانی منداڵان و ئەوانەی کەهیچ هۆشیاریەکیان نیە دەربارەی مافەکانی بەشداریکردنی منداڵان،بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوانەی کەبەشداری خول وکۆڕ و

سیمیناریان کردووە دەربارەی مافەکانی منداڵان بەبەراوورد بەو مامۆستایانەی کە بەشداری هیچ خولێکیان نەکردووە .

**شەشەم / توێژینەوەی (الدیب :٢٠٠٩) بە ناونیشانی (مافە ڕامیاریەکانی منداڵان و ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیارکردنەوە پێیان و ڕاهێنان لەسەر ئەزموونکردنیان) .**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییەلە گرنگترین مافە ڕامیاریەکانی منداڵان و گرنگترین دیاردەکانی، هاوکات دەرخستنی ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بە مافە ڕامیاریەکانیان ، ڕێبازی توێژینەوە ڕێبازیکی وەسفی شیکاری بوو، ئامرازی توێژینەوەی بەکارهاتوو بریتییەلە چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایانی باخچە و تێبینی کردنی زانستیانە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی ناو باخچە و وێنەگرتنی ، و نووسینی ڕاپۆرتی وورد لەسەر کردەی هەڵبژاردنەکە، سامپڵی توێژینەوەکەی بریتییەلە (١٧٥) منداڵ لەهەردوو ئاستی (٢،١) ی باخچەیەکی منداڵان لە پارێزگای (الغربیە) لە وولاتی میصر کە بەشێوەی مەبەستدار هەڵیبژاردبوون ، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست بووکە گرنگترین مافە ڕامیاریەکانی منداڵان بریتین لەمافی ئازادی و یەکسانی وجیاکاری نەکردن و مافی دیموکراتیەت ودوور کەوتنەوە لە سزاو ئازار و ئەشکەنجە و مافە شارستانیەکان و پارێزگاری کردنی منداڵان لە کاتی جەنگەکاندا و مافی دادگایکردنێکی دادپەروەرانە و مافی ژیانێکی ئاشتیانە و دوور لە شەڕ،لە گرنگترین دیاردە و دەرکەوتەکانی مافە ڕامیاریەکانیش خستنەڕووی ئەو ڕێکەوتننامە نێو دەوڵەتیانە بوو کە ئاماژەیان بەم مافانەدابوو .

## ٢-٤-٣ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر لێرەدا گفتوگۆ لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو دەکات لەچەند لایەنێکەوە کە بریتین لە :

### ١. لە ڕووی ئامانجەوە :

هەرچەندە توێژینەوەکان لە ڕووی ئامانجەوە جیاوازن لە یەکتری ، بەڵام بە گشتی جەخت دەکەنەوە لەسەر ئاستی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر منداڵان و خوێندکاران ، ئامانجی هەریەك لە توێژینەوەکانی (السنجري :٢٠١٨) و (اسماعیل و ئەوانی تر :٢٠١٣ ) و (جریسات :٢٠١١) و (الصعیدي :٢٠٠٥) بریتییە لە زانینی ڕۆڵ و ئاستی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە بە دەستهێنانی زانیاری، هەروەها ئامانجی توێژینەوەی (المر والمعبی :٢٠١٩) بریتییەلە ناسینی کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان لای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی بە بەکارهێنانی چالاکی ڕاگەیاندنی خوێندنگەیی ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی ئاشنایی منداڵان بە

مافەکان، هەروەها زانینی ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان بەپێی گۆڕاوەکانی (ئاستی بڕوانامەی باوك ، ئاستی بڕوانامەی دایك ، ڕیزبەندی منداڵ لەناو خێزاندا ، ڕەگەز)، هەروەك کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان .

### ٢. لە ڕووی کۆمەڵگاوە :

سەبارەت بە هەڵبژاردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکان زۆرێك لە توێژەران خوێندنگایان هەڵبژاردووە وەك کۆمەڵگای توێژینەوە ، هەر یەك لە توێژینەوەکانی (المر والمعبی :٢٠١٩) و (الحربي :٢٠٢٠) و (الفضلی :٢٠١٧) خوێندنگای سەرەتاییان وەك کۆمەڵگای توێژینەوە هەڵبژاردووە ، بەڵام هەر یەك لە توێژینەوەکانی (الدیب :٢٠٠٩) و (Tuna : 2015) و توێژینەوەی (خلیل :٢٠١٦) و توێژینەوەی (البلهان والشمری :٢٠١٩ ) باخچەی منداڵانیان وەك کۆمەڵگای توێژینەوەکەی هەڵبژاردبوو ، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە باخچەی منداڵانی ناحکومی لە سەنتەری شاری سلێمانی .

### ٣. لە ڕووی نموونەی (سامپڵ) توێژینەوە :

هەر یەك لە توێژینەوەکان قەبارەیان جیاوازە لە یەکتری بە پێی ئەو ئامانج و ڕێبازەی بەکاریان هێناوە کە دەکەوێتە نێوان (٣٠_٧٧٥ ) نموونە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ، سامپڵی ئەم توێژینەوەیەش پێکهاتبوو لە (٣٠ ) منداڵی باخچەی منداڵانی ناحکومی لە هەردوو ڕەگەز ئەم بڕەش بۆ توێژینەوەیەکی ئەزموونی شیاو و گونجاوە .

### ٤. لە ڕووی ڕێبازی توێژینەوە :

توێژینەوەکان لە ڕووی ڕێبازی توێژینەوە جیاواز بوون کە ڕێبازی (ئەزموونی و وەسفی و ڕوو پێوی پەیوەستی و دۆکیومێنتاری ) بەکارهاتبوو ، ڕێبازی ئەم توێژینەوەیەش ئەزموونی بوو لەبەر ئەوەی بۆ هێنانەدی ئامانجەکان گونجاوترین ڕێباز بوو ، هاو شێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (المر والمعبی:٢٠١٩) و توێژینەوەی (خلیل :٢٠١٦) و(الصعیدي:٢٠٠٥) کە ڕێبازی ئەزموونیان بەکارهێنابوو .

### ٥. لە ڕووی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەوە :

زۆرێك لە توێژینەوەکان فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان وەك توێژینەوەکانی (الفضلی:٢٠١٧) و (الحربی:٢٠٢٠) و (الربیعی:٢٠٠٦) ، بەڵام توێژینەوەی (اسماعیل وئەوانی تر :٢٠١٣) ڕووپێوی ڕاگەیاندنی بەکارهێنابوو، توێژینەوەی (الدیب:٢٠٠٩) چاوپێکەتنی بەکارهێنابوو ، توێژینەوەکانی (المر والمعبی:٢٠١٩) و (Tuna : 2015) پێوەرێکی تایبەتیان بە مافەکانی منداڵیان بەکارهێنا بوو ، هەروەك توێژینەوەی (خلیل :٢٠١٦) ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنابوو کە پێکهاتبوو لە بەرنامە چالاکیەکانی هونەری و یاری و شانۆ وچیرۆك وهەروەها تاقیکردنەوەی وێنەداری ماف و کارامە کۆمەڵایەتیەکان و کارتەکانی تۆمارکردنی تێبینەکانی ئەم توێژینەوەیەش بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان چاوپێکەوتنی تاکەیەتی بەکار هێنابوو .

### ٦. لە ڕووی کەرەستەی ئامارییەوە :

زۆرێك لە توێژینەوەکان بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی پەنایان بردووەتە بەر ڕاستی ڕواڵەتی و گونجانی ناوەکی و ڕێگەی دووبارە کردنەوە وهاوکۆلکەی پەیوەستی سپێرمان براون ، بۆ دەرهێنانی جێگیری ڕێگای الفا کرۆنباخ و کەرەستەی ئاماری ( Independent T-Test ) و بەرنامەی (SPSS) و دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەییان بەکارهێناوە ، ئەم توێژینەوەیەش بەرنامەی (SPSS) و ( Paired Sample T-Test) و (One Samle T-Test ) وهاوکێشەی کۆهین بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری و هاوکێشەی ئانۆڤا ( One Way Annova) ی بەکارهێناوە .

### ٧. لە ڕووی ئەنجامەوە :

سەبارەت بە ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر لە بەشی چوارەمی توێژینەوەکەیدا و لە کوێدا پێویست بێت ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەراوورد بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو دەکات و گفتوگۆیان لەسەر دەکات .

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو توێژەر بەپێی پێویست سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە ، لەبارەی پێناسەکردنی چەمکەکان و دروست کردن و ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە و چۆنیەتی شیکردنەوەی داتاکان و چۆنیتی دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری .

# بەشی سێیەم

## ٣ - ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

٣-١ ڕێبازی توێژینەوەکە

٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە

٣-٤ ئامرازەکانی توێژینەوەکە

٣-٥ کەرەستە ئامارییەکان

# ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکارییەکانی

ئەم بەشە پێك دێت لە ئاماژەدان بە سەرجەم ڕێکارییەکان کە توێژەر پەیرەویکردووە بە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە ، خستنەڕووی ڕێبازی بەکارهاتوو و کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە ، هەروەها چۆنێتی ئەنجامدانی ڕاستی و جێگیری و، خستنەڕووی کەرەستە ئامارییەکان کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون .

## ١-٣ ڕێبازی توێژینەوەکە Reasearch Method :

ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی ئەزموونی ئەویش بەهۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا ، بەوپێیەی کە ڕێبازی ئەزموونی بریتیە لە هەموارکردنی وورد و مەبەستداری هەلومەرجی دیاردەیەك و تێبینیکردنی ، پاشان لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئەنجامی هەموارکردنەکەدا بەسەر دیاردەکەدا دێت (بۆکانی ، ٢ ،٢٠٢٠: ١٠١) .

## ١-١-٣ دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەدا دیزاینی (ئەزموونگەری لە جۆری یەك گروپی) بەکارهێناوە ، لەبەر ئەوەی گونجاوە لەگەڵ توێژینەوەکە و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی .

## دیزاینی یەك گروپ :

جۆرێکە لە جۆرەکانی دیزاینی ئەزموونگەری تەنها گروپێك هەڵدەبژێرێت و تاقیکردنەوەی ( پێشەکی و پاشەکی ) بەسەردا ئەنجام دەدرێت بەچەند ڕێکارێکی پلان بۆ دانراو ، لە کۆتاییدا تاقیکردنەوەکە پێك دێت لە بەراووردکردنی پێوانەکراوەکانی تاقیکردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی) بۆ زانینی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ ( نوری ، ٢٠٢٢ :٦٢) .

## ٣-٢ كۆمەڵگەی توێژینەوەکە Research Population :

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەم منداڵانی ئاستی دووەمی باخچە دەگرێتەوە کە تەمەنیان (٥) ساڵان بوو ، لە باخچەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمانی ، لە هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا ، بەجۆرێك کۆی ژمارەی باخچەکان بریتییەن لە (٧٤) باخچە کە (٣٥) باخچەی حکومی و (٣٩) باخچەی ناحکومی بوون ، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢_٢٠٢٣) ، وەك لە خشتەی ژمارە (١) ئاماژەی پێدراوە .

خشتەی (١)

خشتەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

| باخچە | حکومی | ناحکومی | کۆ | ژمارەی منداڵ |
|---|---|---|---|---|
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ١٣ | ٨ | ٢١ | ١٤١٧٩ |
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | ٢٢ | ٣١ | ٥٣ | ٣٥٤١ |
| کۆ | ٣٥ | ٣٩ | ٧٤ | ١٧٧٢٠ |

## ٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە Research Sample :

نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٠) منداڵی تەمەنی (٥) ساڵ لە باخچەی منداڵانی ناحکومی (کوردجینیەس/١) لە ناوەندی شاری سلێمانی ، لە کۆی ( ١٧٨) منداڵ لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ، بە جۆرێك ژمارەی ڕەگەزی نێر (٩٧) و ڕەگەزی مێ (٨١) بوو ، توێژەر بەشێوازی ناهەڕەمەکی مەبەستدار نموونەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردبوو ، کە پێکهاتبوون لە هەردوو ڕەگەز ، ژمارەی ڕەگەزی نێر (١٣) منداڵ و ژمارەی ڕەگەزی مێ (١٧) منداڵ بوون ، بە شێوەی مەبەستدار ئەم باخچەیە هەڵبژێردراوە ، بە هۆی ئاسانی هاتوچۆ و گونجاوی ژینگەی باخچەکە و لارینەبوون و ئامادەیی ستاف و بەڕێوەبەری باخچەکە بۆ هاوکاریکردن لە دابینکردنی پێداویستیەکانی توێژەر لە پێناو جێبەجیکردنی توێژینەوەکە ، وەك لە خشتەی ژمارە (٢) ئاماژەی پێکراوە .

**نموونەی مەبەستدار :** ئەو نموونەیە کە تویژەر لە کۆمەڵگەیەکەوە وەریدەگرێت وپێی وایە بە تەواوەتی نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات . بەپشت بەستن بە پێوەرێکی زانستی دەرەکی کە پەیوەندی بە ئەزموونی خۆیەوە هەیە و پێیوایە ئەم جۆرە نموونەیە باشترینە کە دەتوانێت نوینەرایەتی کۆمەڵگەکە بکات ( بۆکانی، ٢ ، ٢٠٢٠ : ١٢٨) .

خشتەی(٢)

نموونەی توێژینەوەکە

| ئاستی بڕوانامەی باوك | | | |
|---|---|---|---|
| ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس | ماجیستێر |
| ٢ | ١٧ | ١٨ | ٣ |

| ئاستی بڕوانامەی دایك | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بێ بڕوانامە | ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس | ماجیستێر |
| ٣ | ٢ | ٤ | ١٩ | ٢ |

| ڕیزبەندی منداڵ لە ناو خێزاندا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ناوەڕاست | کۆتایی | یەکەم وتاقانە | کۆتایی و تاقانە |
| ١٧ | ٢ | ٢ | ٧ | ٢ |

| ڕەگەز | |
|---|---|
| نێر | مێ |
| ١٣ | ١٧ |

## ٤-٣ ئامرازەکانی توێژینەوەکە :

بە پێی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان ، توێژەر دوو ئامرازی بەکارهێناوە ئەوانیش بریتین لە :

**٣-٤-١ پێوەری زانینی ڕادەی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان :**

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ پێوانی ئاستی ئاشنابوونی منداڵان بە مافەکانیان کە خۆی دەبینیەوە لە (٣٢) برگە بەشێوەیەك بەسەر چوار تەوەری سەرەکی (مافی ژیان وگەشە و مانەوە ، مافی جیاکارینەکردن ، بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵ ، مافی ڕاو و بۆچوون و بەشداریکردن) دا دابەش بووبوون ، برگەکان بریتییە لەو بەندنەی ناو ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان بە بنەما و مافە گشتیەکانی قۆناغی باخچە ناودەبرێن ، ئەم برگانە لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکرابوو بە سوود وەرگرتن لەو پێوەرانەی کەلە توێژینەوەکانی پێشوتردا ئامادەکراون وەك

توێژینەوەی (المروالمعبی،٢٠١٩) و توێژینەوەی (خلیل، ٢٠١٦) ، هەروەها پشت بەستن بە بنەما و مافە گشتیەکانی قۆناغی باخچە یاخود قۆناغی منداڵی بەرایی  و کە لە لایەن  ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئاماژەی پێدراوە (الامم المتحدة ،٢٠٠٥: ٤_٧) .

بۆهەر بڕگەیەك (٣) بژاردە هەبوو و نموونەی توێژینەوەکە بۆی هەبوو یەك بژاردە هەڵبژێرێت ، بژاردەکان بریتییەن لە (بەڵێ ، نازانم ، نەخێر) ، بۆ هەربژاردەیەك  لە کاتی مامەڵەکردنی ئامارییدا  ژمارەی تایبەت بەخۆی هەبوو کە ئەوانیش بریتییەن لە (بەڵێ _٣) (نازانم _٢) (نەخێر_١) .

بۆ ئەوەی پێوانەی توێژینەوەکە سەرکەوتوو باوەڕ پێکراوبێت وبتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت توێژەر هەستا بە ڕێکاریەکانی :

## ١. ڕاستی Validity :

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە توێژەر ڕێگای ڕاسیی ڕواڵەتی گرتەبەر.

### ڕاستی ڕواڵەتی  Face Validity :

مەبەست لە  ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوەکە ئەوەیە ، ئایا ئامرازەکە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا تاچەند دیاردەکە دەپێوێت ، بۆ ئەو مەبەستەش بڕگە و پرسیارەکان ، پشانی چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکە ئەدرێت ، بۆئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکە بە یەکەی دەربڕن ( بۆکانی ، ٢ ،٢٠٢٠: ١٥٤)  ، بۆ دیاریکردنی ڕاستی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردۆتە بەر ڕاو و بۆچوونی شارەزایان و هەڵسەنگێنەرانی ئەکادیمی بۆ ئەو مەبەستە بڕگەکانی پێوانەکە خرانە بەر دەستی (٩) شارەزا لە بواری ( پەروەردە و دەروونزانی ) و (ڕاگەیاندن) هەروەك لە پاشکۆی ژمارە (٤) ڕوونکراوەتەوە ، داوایان لێکراوە ڕاو وبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەربڕن و هەر گۆڕانکاریەکیان پێ باشە پێشنیازی بکەن ، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بە پێی بۆچوونی شارەزاییان و بەهەند وەرگرتنی تێبینیە زانستیەکانی هەڵسەنگێنەران ، ڕادەی ڕێکەوتنی هەڵسەنگێنەران (٩٤,٠٩) دەرچوو .

### ٢. جێگیری Reliability :

جێگیری بریتیە لە بەدەست هێنانەوەی هەمان ئەنجام لە دووبارە جێبەجێکردنەوەی هەمان تاقیکردنەوە لەسەر هەمان تاك بۆ پێوانەکردنی هەمان خەسڵەت (برکات، ٢٠١٨: ٢٦٣)

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی ڕێگای دووبارە جیبەجێکردنەوەی تاقیکردنەوە (Test_retest) بە سەر سامپڵێك لە منداڵانی تەمەن (٥) ساڵ جیا لە نموونەی توێژینەوەکە ، کە ژمارەیان (١٥) منداڵ بوو لە باخچەی (کورد جینیەس/١) ناحکومی ، تاقیکردنەوەی یەکەم لە بەرواری (٥_٦_٢٠٢٢) ئەنجامدرا ، دواتر و پاش تێپەڕبوونی (٢١) ڕۆژ توێژەر هەستا بە دووبارە ئەنجامدانەوەی تاقیکردنەوەکە لە بەرواری (٢٦_٦_٢٠٢٢) بەسەر هەمان نموونە وبەهەمان شێواز، پاشان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن (Pearson) پەیوەندی نێوان ئەنجامی هەردوو تاقیکردنەوەکەدا دەرهێنرا ، پاشان دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و تاقیکردنەوەی دووەم بریتیە لە (٠,٨٤٦) بوو ، ئەم ڕێژەیەش ئاماژەیە بۆ بەرزی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکەمان .

### ٣-٤-٢ ناوەڕۆکی جێبەجێکردنی تایبەت بە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان:

توێژەر بۆ ئەم مەبەستە سوودی وەرگرتووە لە ناوەڕۆکی ئەو بەندانەی کە لەڕێکەوتننامەی ساڵی (١٩٨٩) دا بڕیاری لێدراوە ، هەروەك لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە بڕیاری (ئەنجومەنی مافەکانی منداڵان/ خولی چل ، جنێف ١٢_٣٠ ایلول/٢٠٠٥ ) لە ژێر ناوی بنەما و مافە گشتیەکانی قۆناغی منداڵی بەرایی ئاماژەیان پێکراوە ، بە ڕەچاوکردنی سروشتی منداڵانی باخچە و بابەتەکە تویژەر ئامادە کردووە .

### هەنگاوەکانی دارِشتنی جێیەجێکردنەکە :

توێژەر دوای دەستنیشانکردنی بابەتەکان کەخۆی دەبینیەوە لە مافەکانی منداڵان و بەتایبەت ئەو بەندانەی کە دەکەونە ژێر ناوی (بنەما و مافە گشتیەکانی قۆناغی منداڵی بەرایی) وەك ئەوەی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (٢٠٠٥) پۆلێنکراوە ، بۆ ئەم مەبەستەش هەنگاوەکان بەم جۆرە یەك لە دوای یەك ڕێکخراون :

### ١. دیاریکردنی ئامانجی جێبەجێکردنەکە:

ئامانجی گشتی و سەرەکی ئاشناکردنی منداڵانە بە مافە بنەڕەتی و ڕەسەنەکانی تایبەت بە منداڵی بەراپی یاخود کە بە منداڵی باخچە ناوزەند کراون ، لە دووتوێی تەوەرەکانی (مافی ژیان وگەشە و مانەوە، مافی جیاکارینەکردن ، بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵ ، مافی ڕاو و بۆچوون و بەشداریکردن) دا کۆکراونەتەوە ، تاوەکو منداڵان ئاشنا ببن دەربارەی بەوپێیەی مافی خۆیانە و بەهیچ شێوەیەك سازش نەکەن لەسەری .

### ٢. دیاریکردنی ناوەرۆکی جێبەجێکردنەکە:

لە ژێر ڕۆشنایی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی جێبەجێکردنەکە بریتییە لە ئاشناکردنی منداڵان بەمافەکانیان لای منداڵانی باخچە ، ناوەرۆکی جێبەجێکردنەکە بریتییە لە جەخت کردنەوە لەسەر ئەو بەندانەی ناو ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان کە لە پێوەرەکەدا هاتبوو کە ئەوانیش هەریەك لە مافە بنەڕەتیەکانی تێدا کۆکرابووەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

**تەوەری یەکەم / مافی ژیان وگەشە و مانەوە** : کە سەرجەم لایەنەکانی گەشەی منداڵ دەگرێتەوە وەك لە بەندی ژمارە (٦) مافەکانی منداڵاندا هاتووە ، ئەم تەوەرە خۆی لە (٩) بڕگەدا دەبینێتەوە ، هەروەك لەگەڵ مافی ژیان و مانەوە و گەشەکردندا هەریەك لە بەندەکانی (٣١،٢٩،٢٨،٢٧،٥،١٨،٢٤) ئاماژەیان پێدراوە کە تایبەتن بە مافەکانی تەندروستی و خۆراك پێدانی گونجاو و دڵنیایی کۆمەڵایەتی و ئاستی گوزەرانی گونجاو و فێرکردن و یاری کردن .

**تەوەری دووەم/ مافی جیاکارینەکردن** : هەروەك لە بەندی (٢) مافەکانی منداڵاندا ئاماژەی پێدراوە ، ئەم تەوەرە پێك دێت لە (٧) بڕگە کە سەرجەمیان باس لە جیاکارینەکردنی منداڵان دەکات بەبێ گوێدانە نەتەوە و ڕەگەز .

**تەوەری سێیەم / لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵان** : وەك لە بەندی (٣) ناو ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵاندا ئاماژەی پێدراوە ، ئەم تەوەرەش لە (٨) بڕگە پێك دێت کە ئاماژە بە بەرژەوەندیە باڵاکانی منداڵان دەکات و دەبێت وەك کارێکی لە پێشینە سەیری بکرێت ، هەروەك هەر یەك لە بەندەکانی (٢١،٢٠،١٨،٩) ئاماژەیان پێکراوە هاوشان لەگەڵ بەندی (٣) دا .

**تەوەری چوارەم / مافی ڕاو و بۆچوون و بەشداریکردن :** هەروەك لە بەندی (١٢) ی ڕێکەوتننانەی مافەکانی منداڵاندا ئاماژەی پێکراوە ، ئەم تەوەرەش لە (٨) برگە پێك دێت کە ئاماژەی بەوە داوە منداڵ مافی ئازادی ڕادەربڕین و بیرو بۆچوونیان هەیە لە هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە منداڵانەوە هەیە .

## ٣. دیاریکردنی شێوازی دانیشتنەکان :

أ. دانیشتنەکان بە شێوازی کۆمەڵ جێبەجێ کراوە و کاتی جێبەجێکردنی بەرنامەکە دابەش کرابوو بەسەر (١٥) دانیشتندا و (٣) دانیشتن بۆ هەر هەفتەیەك و جێبەجێکردنی لە ماوەی (٥) هەفتەدا ، ماوەی هەر دانیشتنێك (٣٠) خوولەکی خایاندبوو، کاتژمێر (٩_ ٩:٣٠) خوولەکی بەیانی بوو .

ب. جێبەجێکردنەکە لە یەکێك لە هۆڵەکانی باخچەی (کورد جینیەسی/ ١) دا ئەنجامدراوە کە ساز و ئامادەکرا بوو بۆ بەرنامەکە ، سەرجەم ئامرازە پێویستیەکانی بەرنامەکەی لەخۆگۆتبوو لە ئامێری کۆمپیوتەر و داتاشۆ و بڵندگۆ و کورسی و مێزی تایبەت بەنموونەی توێژینەوەکە ، لەبەرواری (١٧_ ٧_ ٢٠٢٢ بۆ ٢١_٨_٢٠٢٢) بۆ ساڵی خویندنی (٢٠٢٢ _٢٠٢٣ ) ئەنجامدرا .

## ٤. شێوازی خستنەڕووی ناوەڕۆکی جێبەجێکردنەکە:

جێبەجێکردنەکە بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی خراوەتە ڕوو وەك :

أ. ڤیدیۆ : یەکێکە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەدەیی ، بەوپێیەی ڤیدیۆ زیاتر لە هەستەوەرێك (بیستن و بینین) تیایدا بەشدارە کە کاریگەری زیاتر دادەنێت لەسەر منداڵان ، کۆمەڵێك ڤیدیۆ پیشانی منداڵان درا لە ڕێگەی ئامرازی داتا شۆوە ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان ئاماژە بوون بۆ مافەکانیان و توێژەر لەسەر بنەمای هەبوونی مافە بنەڕەتیەکان لە ناوەڕۆکی ئەو ڤیدیۆیانەدا ئەو ڤیدیۆیانەی هەڵبژاردبوو، کۆی ڤیدیۆکان (٦) بوو لە ماڵپەڕی فەرمی یونیسێفەوە وەرگیرابوون و کراون بە کوردی ، ئاماژە بوون بۆ بەندەکانی ناو ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵان بە مەبەستی زیاتر ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان ، لە هەر دانیشتنێکدا ڤیدیۆیەك نمایش کراوە و هەر ڤیدیۆیەك دووجار دووبارە کراوەتەوە، ڤیدیۆکانیش لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە :_

ڤیدیۆی یەکەم : ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان هەر یەك لە بەنددەکانی (١٩،١٢،٦،٢، ٢٨،٢٩،٣١) تێدا هاتبوو، ماوەی نمایش کردنی ڤیدیۆکە (١:٣١) خوولەکی خایاند بوو .

ڤیدیۆی دووەم : باسی مافەکانی منداڵان بوو کە  ماوەی (١:٥٧) خوولەکی خایاندبوو، ، ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان هەر یەك لە بەنددەکانی ( ٣، ١٢، ١٧، ١٩، ٢٤، ٢٨، ٢٩، ٣١، ٣٦) تێدا هاتبوو .

ڤیدیۆی سێیەم :  ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان هەر یەك لە بەنددەکانی (٣٦،٢٨،٢٤،٢٣،١٩،١٣،٣) لە خۆگرتبوو ، کاتی خایەنراو بۆ نمایش کردنی بریتییە لە (١:٤٦) خوولەك .

ڤیدیۆی چوارەم : ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان هەر یەك لە بەنددەکانی (٢٨،٢٧،٢٤،١٩،١٥،٤،٣، ٣٦،٢٩) لە خۆگرتبوو  ، کە ماوەی (١:٣٥) خوولەکی خایاندبوو .

ڤیدیۆی پێنجەم : ناوەڕۆکی ڤیدیۆکە پێکهاتبوو لە هەریەك لە بەنددەکانی (٣١،٢٨،١٧،٧،٦،٣) ناو ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان ، کە (١:٤٣) خوولەکی خایاند بوو.

ڤیدیۆی شەشەم : ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان پێکهاتبوو لە زۆرێك لە بەنددەکانی مافی منداڵان لەو بەندانەش (١_١٤ ، ١٨_٣١) بوو ، کە سەرجەم تەوەرەکانی لە خۆگرتبوو بە شێوەیەکی گشتی ، کاتی خایەندراو (٣:٢٧) خوولەك بوو .

ب. توێژەر هاوشانی ڤیدیۆ وێنەی مافەکانی پیشانی منداڵان دەدا بە مەبەستی زیاتر ئاشناکردنیان بە مافەکانیان ، وێنەکان ئاماژە بوون بۆ مافەکان، وەك لە پاشکۆی ژمارە (٩) ئاماژەی پێدراوە  .

ج. توێژەر تەکنیکی پاڵپشتی کردن (تعزیز) بەکارهێنا بوو لە کاتی نمایش کردنی ڤیدیۆکاندا  ، بە مەبەستی هاندانی منداڵان لە ئاشنابوونیان بە مافەکانیان .

**٥. ئامرازی خستنەڕووی جێبەجێکردنەکە :** هەر یەك لە ئامرازەکانی کۆمپیوتەرو داتاشۆ بەکارهاتووە .

**٦. ڕاستی جێبەجێکردنەکە :** بەو پێیەی ناوەڕۆکی جێبەجێکردنەکە بریتییە لە دەقی ئەو بەندانەی کە لە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ ولە هەموو سەرچاوەکاندا بەهەمان شێواز و گوزارشت ئاماژەی پێکراوە ، هەروەك ئاماژەن بۆ بەندەکانی ناو ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵان و پێشوەخنە بڕیاریان لێدراوە ، تەنها ڕاستیی وەرگێڕانی بۆ ئەنجامدرا ، بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاستی وەرگێڕان توێژەر ڤیدیۆکانی پیشانی شارەزای زمانی ئینگیزی دا کە زمانی کوردی بە باشی دەزانێت  بۆ ئەوەی دەقی ناو ڤیدیۆکان کە بەندەکانی ناو ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی ، پاشان دەقی ناو ڤیدیۆکان پیشانی شارەزای زمانی کوردی دا کە زمانی ئینگلیزی باش دەزانێت بۆ ئەوەی دەقی ناو پارچە

ڤیدیۆکان وەربگێڕنەوە سەر زمانی ئینگلیزی ، دواتر هەردوو دەقەکە پیشانی شارەزاییەك درا بۆ بەراووردکردنی هەردوو دەقەکە و دڵنیابوون لە دروستی وەرگێڕانی دەقەکان، وەك لە پاشکۆی ژمارە (٦) خراوەتە ڕوو .

## ٣-٥ کەرەستە ئامارییەکان :

بە مەبەستی شیکاری و چارەسەر کردنی ئاماریی بۆ زانیاریە کۆکراوەکانی توێژینەوەکە ، توێژەر پرۆگرامی ئاماری (SPSS) ی بەکارهێنابوو لە شیکردنەوەی داتاکاندا، هەروەك هاوکێشە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتین لە :-

١. تاقیکردنەوەی تی - تێست (One Sample T _Test ) بۆیەك نموونە ، بە مە بەستی زانینی ئاستی ئاشنایی منداڵان بە مافەکانیان لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا .

$$T.test = \frac{\bar{x} - \mu}{\frac{S}{\sqrt{N}}}$$

٢. تاقیکردنەوەی (Paired Samples T-Test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بە مەبەستی دیاریکردنی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی پێشەکی و پاشەکی گرووپی ئەزموونی توێژینەوەکە و ئاستی ئاشناییان بە مافەکانی منداڵان .

$$t = \frac{\sum d}{\sqrt{\frac{n(\sum d^{٢}) - (\sum d)}{n - ١}}}$$

٣. بەکارهێنانی هاوکێشەی (کۆهین) بە مەبەستی زانینی ئاستی قەبارەی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشنا کردنی منداڵان بە مافەکانیان .

$$d = \frac{\tilde{x}_{١} - \tilde{x}_{٢}}{\sigma}$$

$\tilde{x}_{١}$ = ناوەندی ژمێرەیی یەکەم

$\tilde{x}_{٢}$ = ناوەندی ژمێرەیی دووەم

$\sigma$ = لادانی پێوەری ( الشریفین، ٢٠٢٢:١٣٩)

٤. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن ( Pearson) بۆ دەست نیشانکردنی جێگیری ئامرازی توێژینەوە .

$$r = \frac{n(\sum xy) - (\sum x)(\sum y)}{\sqrt{\{n\sum_{x^{٢}} - (\sum x)^{٢}\}\{n\sum y^{٢} - (\sum y)^{٢}\}}}$$

لەکاتیکدا :

R = هاوکۆلکەی پەیوەست بوون لە نێوان هەر دوو تاقیکردنەوەکە بۆ هەردوو جێبەجێکردنەکە .

n= ژمارەی تاکەکانی نموونەکە .

x= نمرەی جێبەجیکردنی یەکەم .

y= نمرەی جێبەجیکردنی دووەم (غنیم ، ٢٠٠٤: ٧٢ )

٥.هاوکێشەی (One way ANOVA) بۆ دەسنیشان کردنی بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئامارپی بە پێی گۆڕاوەکانی (ئاستی بڕوانامەی باوك ، ئاستی بڕوانامەی دایك ، ڕیزبەندی منداڵ ، ڕەگەز) .

$$SS = \sum (X - X^{-})^{٢} = \sum X^{٢} - \frac{(\sum X)^{٢}}{N}$$

# بەشــی چوارەم

## ٤- خستنەڕووی ئەنجامەکـان و شیکردنەوەیـان

### ٤-١ ئـــەنـجامەکـان

### ٤-٢ دەرئەنجامەکـان

### ٤-٣ ڕاســـپاردەکـان

### ٤-٤ پـــێشـنیارەکـان

## ٤- خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

### ٤-١ ئەنجامـــــەکان :

ئەم بەشە تایبەتە بە خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە بە پێی ئامانجەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە :

### خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی یەکەم :

گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکە بریتیە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا ، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ناوەندی گریمانەییدا) .

بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستی ئەم گریمانەیە توێژەر چارەسەری زانیاریەکانی کرد لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماریی (SPSS) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی و بەهای (T) هەژمارکراو دۆزرایەوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (One Sample T-Test) ، وەك لە خشتەی (٣) ئاماژەی پێدراوە .

خشتەی (٣)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Sample T_ Test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا

| ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٣٠ | ٥١,٨٣ | ٦,٠٤١ | ٦٤ | ١٣,٠٦١ | ٢,٠٤٥ | ٢٩ | لە ئاستی (٠,٠٥) |

وەك لەخشتەی (٣) دەردەکەوێت بەهای (ت) هەژمارکراو دەکاتە (١٣,٠٦١) و گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە بریتیە لە (٢,٠٤٥ ) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی ئازادی (٢٩) ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەییدا جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ناوەندی گریمانەییدایە کە بریتیە لە (٦٤) و گەورەترە لە

ناوەندی ژمێرەیی کە بریتییە لە (٥١,٨٣) ، لێرەدا دەردەکەوێت ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان لە ئاستێکی نزمدایە ، ئەمەش سەلمێنەری ڕاستی گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکەمانە .

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بابەتی مافەکانی منداڵان وەك بابەتێکی گرنگ و سەرەکی هاوتای زانست و بەهاکان تەماشا نەکراوە و گرنگیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوی پێنەدراوە لە لایەن خێزان و دەزگا پەروەردەییەکان و بەتایبەتی مامۆستایانی باخچە ، ڕەنگە ئەوەی کە فێری منداڵ کرابێت لەو بارەیەوە وەکو بابەتی مافی منداڵان بە شێوەیەکی بێ مەبەست و بێ بنەمای ئەکادیمی و زانستی بوبێت ، بەو واتایەی باوان ڕەنگە لە ڕووی ناز پێدانەوە پراکتیزەی هەندێك لە مافەکانی منداڵانیان کردووە وەك گوێ گرتن بۆ ڕاو و سەرنجەکانیان یاخود فەراهەم کردنی پێداویستیەکانیان کە یەکێکن لە مافەکانی منداڵان نەوەك وەك مافێکی تایبەت پێیان ، هەروەك خوێندنی مافەکان نەکراوە بە یەکێك لە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن تاوەکو منداڵان بتوانن ئاشنابن پێی ، هەروەها هۆشیارییان هەبێت دەربارەی ئەو مافانەی تایبەت و پەیوەستن بە خودی منداڵانەوە ، لە لایەکی دیکەشەوە پرۆگرام و بەرنامە بینراو و بیستراوە ڕاگەیاندنیەکانی تایبەت بە منداڵان نەیانتوانیوە وەکو پێویست تیشك بخەنە سەر ئەو لایەنەی ژیانی منداڵان بە بەراورد بە بابەتە پەیوەندیدارەکانی دیکەی وەك بەها ڕەفتاری و کۆمەڵایەتیەکان .

## خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی دووەم :

گریمانەی دووەمی توێژینەوەکە بریتیە لە (جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی باوك ، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەیە کە باوکیان خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و باڵاترن) .

بە مەبەستی زانینی ئەنجامی ئەم گریمانەیەی سەرەوە ، توێژەر کەرەستەی ئاماریی شیکاری جیاوازی یەك ئاراستە (One Way Anova) بەکارهێنا بە پشت بەستن بە بەرنامەی (SPSS) ، وەك لە خشتەی (٤) ئاماژەی پێدراوە .

خشتەی (٤)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way Anova) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی باوك

| ئاستی بڕوانامە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئامادەیی | ٢ | ٤٨،٥٠ | ٠,٨٣٥ | ٢,٩٧٥ | ٢٦ | بەڵگەدارنیە |
| دبلۆم | ١٧ | ٥٢,١٤ | | | | |
| بەکالۆریۆس | ١٨ | ٥٠،٤٩ | | | | |
| ماجیستێر | ٣ | ٥٤,٠٠ | | | | |

وەك لە خشتەی (٤) دەردەکەوێت دەرکەوت کە بەهای (فائي) هەژمارکراو (٠,٨٣٥) بوو بچوکترە لە بەهای (فائي) خشتەیی کە بریتییە لە (٢,٩٧٥) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی ئازادی (٢٦) ، بەو واتایەی هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماریی نیە لە ئاستی ئاشنایی منداڵان بە مافەکانیان بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی باوك ، ئەمەش پێچەوانەی گریمانەی دووەمی توێژینەوەکەیە .

هۆکاری نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی باوك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەرچەندە ئاستی ڕۆشنبیری و بڕوانامەی باوکان و دایکان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری منداڵ و بەدەست هێنانی فێربوونی باشتر ، هەروەها دەبێتە هۆی هاندان بۆ فێربوون لای منداڵان لە سەرەتای قۆناغەکانی منداڵیدا ، بەڵام بابەتی مافەکانی منداڵان وەك بابەتێکی گرنگ و سەرەکی هاوتای زانست و بەهاکان تەماشا نەکراوە بۆیە گرنگیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوی پێنەدراوە لە لایەن باوانەوە ، ڕەنگە ئەوەی کە فێری منداڵ کرابێت لەو بارەیەوە وەکو بابەتی مافی منداڵان بە شێوەیەکی بێ مەبەست و بێ بنەمای ئەکادیمی و زانستی بوبێت ، بەو واتایەی باوان ڕەنگە لە ڕووی ناز پێدانەوە هەستا بن بە پراکتیزە کردنی هەندێك لە مافەکانی منداڵان وەك گوێ گرتن بۆ ڕاو

و سەرنجەکانیان یاخود فەراهەم کردنی پێداویستیەکانیان کە یەکێکن لە مافەکانی منداڵان نەوەك وەك مافێکی تایبەت پێیان .

## خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی سێیەم :

گریمانەی سێیەمی توێژینەوەکە بریتیە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئامارێی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەگوێرەی گۆڕاوی بڕوانامەی دایك ، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەیە کە دایکیان خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و باڵاترن) .

بە مەبەستی زانینی ئەنجامی ئەم گریمانەیەی سەرەوە ، توێژەر کەرەستەی ئامارێی شیکاری جیاوازی یەك ئاراستە (One Way Anova) بەکارهێنا بە پشت بەستن بە بەرنامەی (SPSS) ، وەك لە خشتەی (٥) ئاماژەی پێدراوە .

خشتەی (٥)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way Anova) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی دایك

| ئاستی بڕوانامە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| بێ بڕوانامە | ٣ | ٥١,٠٠ | ,٩٤٠٠ | ٢,٧٥٩ | ٢٥ | بەڵگەدارنیە |
| ئامادەیی | ٢ | ٥١,٥٠ | | | | |
| دبلۆم | ٤ | ٥٠,٤٨ | | | | |
| بەکالۆریۆس | ١٩ | ٥٠,٠٠ | | | | |
| ماجیستێر | ٢ | ٥٠,٥٧ | | | | |

وەك لە خشتەی (٥) دەردەكەوێت كە بەهای (فائي) هەژماركراو بریتیە لە (٠,٩٤٠) و بچوكترە لە بەهای (فائي) خشتەیی كە بریتییە لە (٢,٩٧٥) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) و بە نمرەی ئازادی (٢٥) ، دەریدەخات هیچ جیاوازیەكی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی ئاشنایی منداڵان بە مافەكانیان بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی دایك ، چونكە بەهای (فائی) هەژماركراو بچوكترە لە بەهای (فائی) خشتەیی ، ئەمەش پێچەوانەی گریمانەی سێیەمی توێژینەوەكەیە .

ئەم توێژینەوە پێچەوانەی توێژینەوەی (السنجری ،٢٠١٨) و توێژینەوەی (خلیل ،٢٠١٧) كە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە بەرژەوەندی ئەو دایك وباوكانەی كە بڕوانامەی بەكالۆریۆس و بەرزتریان هەبووە ، بە بۆچوونی توێژەر هۆكاری نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی دایك  لەم توێژینەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەرچەندە ئاستی ڕۆشنبیری دایك كاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بیركردنەوە و ڕەفتاری منداڵ بەو پێیەی منداڵان كاتی زیاتر لەگەڵ دایكان بەسەر دەبەن ، بەڵام بابەتی مافەكانی منداڵان وەك بابەتێكی گرنگ و لە پێشینە سەیر نەكراون و گرنگیان پێنەدراوە وەك بەها كۆمەڵایەتی و ڕەفتاریەكان و كارامەییەكان  ..... ، هۆكارێكی دیكەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە لە باكگراوندە ڕۆشنبیری و ئەكادیمیەكەی دایكاندا هیچ بایەخێكی تایبەت نەدرابێت بە زانیاری دەربارەی مافەكانی منداڵان و لێڕوانینی وەك بەشێكی سەربەخۆ لە مافەكانی مرۆڤ .

## خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی چوارەم :

گریمانەی چوارەمی توێژینەوەكە بریتیە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی نیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەكانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیكردنەوەی پێشەكیدا بەپێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ) .

بە مەبەستی زانینی ئەنجامی ئەم گریمانەیەی سەرەوە ، توێژەر كەرەستەی ئاماریی  شیكاری جیاوازی یەك ئاراستە (One Way Anova) بەكارهێنا بە پشت بەستن بە بەرنامەی  (SPSS) ، وەك لە خشتەی (٦) ئاماژەی پێدراوە .

خشتەی (٦)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way Anova) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ لە ناو خێزاندا

| ڕیزبەندی منداڵ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| یەکەم | ١٧ | ٥٠،١٢ | ٠,٥٠٧ | ٢,٧٥٩ | ٢٥ | بەڵگەدارنیە |
| ناوەراست | ٢ | ٤٦,٠٠ | | | | |
| کۆتایی | ٢ | ٥٢,٠٠ | | | | |
| یەکەم و تاقانە | ٧ | ٥٢،٢٦ | | | | |
| کۆتایی و تاقانە | ٢ | ٥٠,٥٠ | | | | |

وەك لە خشتەی (٦) دەردەکەوێت بەهای (فائی) هەژمارکراو بریتییە لە (٠,٥٠٧) بچوکترە لە بەهای (فائی) خشتەیی کە بریتییە لە (٢,٧٥٩) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) و بە نمرەی ئازادی (٢٥)، بەو واتایەی هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی ئاشنایی منداڵان بە مافەکانیان بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ ، ئەمەش سەلمێنەری دروستی گریمانەی چوارەمە .

بە بۆچوونی توێژەرهۆکاری نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەپێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ لەناو خێزاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەرچەندە پێگەی منداڵ لەناو ڕیزبەندی منداڵانی خێزاندا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بایەخ و گرنگی پێدان لە لایەن باوانەوە ، وەك نمونەکانی ناز پێدان بە منداڵی تاقانە یاخود بچوکترین منداڵی خێزان، هەرگرنگی پێدانێکیش بە منداڵ درا بێت لەلایەن باوانەوە تەنانەت ئەگەر لەگەڵ بەندەکانی مافی منداڵانیشدا یەکبگرنەوە تەنها بەو نیازە کراوە کە منداڵە و تایبەتە لای باوان نەك لەبەر ئەوەی منداڵە و مافی هەیە ، بەو پێیەی کە خودی بابەتی مافەکانی

منداڵان جێگای سەرنج و بایەخی دایکان و باوکان نەبووە  هەر بۆیە ڕیزبەندی منداڵان کاریگەری نەبووە لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان .

## خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی پێنجەم :

گریمانەی پێنجەمی توێژینەوەکە بریتیە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئامارپی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە) .

بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (ت) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەست هاتوو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە دۆزراوەتەوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی(Independent Samples T-test) ، وەك لە خشتەی (٧) ئاماژەی پێدراوە .

خشتەی (٧)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t_test) بۆ جیاوازی نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای ت | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| نێر | ١٣ | ٥٠,٧٧ | ٦,٥٩٧ | ٠,٢٢٤ | ٢,٠٤٨ | ٢٨ | ٠,٠٥ |
| مێ | ١٧ | ٥٠,٢٩ | ٥,٠٣٤ | | | | |

وەك لە خشتەی (٧) ئاماژەی پێدراوە بەهای (ت) ئەژمارکراو دەکاتە (٠,٢٢٤) کە بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە (٢,٠٤٨) بوو لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی ئازادی (٢٨) ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا ، بەو واتایەی کە گۆڕاوی ڕەگەز هیچ کاریگەرییەکی نییە لە سەر ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان  ، ئەمەش پێچەوانەی گریمانەی  پێنجەمی توێژینەوەکەیە .

ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەی توێژینەوەی (جریسات:٢٠١١٩) ئەنجامی توێژینەوەکەی دەریخستووە کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لای ڕەگەزی مێ زیاتربوو ، هەروەك پێچەوانەی توێژینەوەی (السنجری :٢٠١٨) ئەنجامی توێژینەوەکەی دەریخستبوو کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لای ڕەگەزی نێر زیاتر بوو ، هاوشێوەی توێژینەوەکانی (خلیل،٢٠١٧) و (المر و المعبی، ٢٠١٩) بوو کەهیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری نەبوو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، بە بۆچوونی توێژەر هۆکاری نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) لەم توێژینەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەتوویی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە کەم کردنەوەی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا لەلایەك ، لە لایەکی دیکەشەوە سروشتی بابەتی مافەکانی منداڵان و بەرنامەی ئامادەکراو لە لایەن توێژەرەوە دەربارەی بەندەکانی مافی منداڵان هۆکارێکی دیکەن لە کاریگەر نەبوونی گۆڕاوی ڕەگەز لە ئاشنابوونی منداڵان بە مافەکانیان ، بەو پێیەی کە مافەکانی منداڵان تایبەتن بە هەردوو ڕەگەز و تویژەریش لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ناوەڕۆکی بابەتەکانیدا ڕەچاوی یەکسانی و چوونیەکی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا کردووە .

## خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی شەشەم :

گریمانەی شەشەمی توێژینەوەکە بریتیە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی بەدەستهاتوو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لای گروپی ئەزموونی ، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکیدایە) .

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی کەرەستەی ئاماری تاقیکردنەوەی تائی Paired (Samples T_test) بۆ دوو نموونەی پەیوەست بوو بە مەبەستی زانینی ئەنجامی ئەم گریمانەیە ، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (ت) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەست هاتوو لە هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گرووپی ئەزموونی دۆزراوەتەوە ، وەك لە خشتەی (٨) ئاماژەی پێدراوە.

خشتەی (٨)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Paired Samples T-test) بۆ نمرەكانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەكی و پاشەكی

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٣٠ | ٣١,٠٠٠ | ٧,٧٥٩ | ٢١,٨٨٣ | ٢,٠٤٥ | ٢٩ | لە ئاستی (٠,٠٥) |

وەك لە خشتەی (٨) ئاماژەی پێدراوە بەهای (ت) هەژمارکراو دەكاتە (٢١,٨٨٣)  و بەهای (ت) خشتەیی بریتیە لە (٢,٠٤٥) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) بە نمرەی ئازادی (٢٩) ،  بەو پێیەی بەهای (ت) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) كەواتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە ، جیاوازیەكەش لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەكیدایە كە ناوەندی ژمێرەیی (٨٢,٨٣) و گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەكی كە بریتییە لە (٥١,٨٣) وەك لە خشتەی (٩) خراوەتەڕوو .

بۆ زانینی قەبارەی كاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ كە بریتیە لە (ڕاگەیاندنی پەروەردەیی) لەسەر گۆڕاوی پاشكۆكە (ئاشنایی منداڵان بوو بە مافەكانیان) ، توێژەر هاوكێشەی (كۆهین)  ی بەكارهێنا كە تایبەتە بە دۆزینەوەی قەبارەی كاریگەری بەكارهینانی ڕاگەیاندنی پەرورەدەیی لەسەر ئاشناكردنی منداڵان بە مافەكانیان ، وەك لە خشتەی (٩) دەردەكەوێت .

خشتەی (٩)

قەبارەی کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان بە پێی هاوکیشەی (کۆهین) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا

| گروپ | جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای کاریگەری هەژمارکراو | بەهای خشتەیی | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | پێشەکی | ٥١,٨٣ | ٦,٠٤١ | ٣,٩٩٥ | ٠,٨ | بەرزە |
| | پاشەکی | ٨٢,٨٣ | ٣,٤٨٥ | | | |

وەك لە خشتەی (٩) دەردەکەوێت بەهای گشتی قەبارەی کاریگەریەکی هەژمارکراو یەکسان بوو بە (٣,٩٩٥) کە ئەمەش گەورەترە لە بەهای خشتەیی کە بریتیە لە (٠,٨) ، بەو واتایەی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە لە ئاستێکی بەرزدایە بە پشت بەستن بەهاوکێشەی (کۆهین) بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری ، لەبەر ئەوەی بە پێی ڕاڤەی (کۆهین، ١٩٨٨) ئاماژەی بەوە داوە قەبارەی کاریگەری بچووك دەبێت یاخود نزم دەبێت ئەگەر بریتی بێت لە (٠،٤٩≥ d ≥٠،٢٠) ، قەبارەی کاریگەری مام ناوەند دەبێت ئەگەر بریتی بێت لە (٠،٧٩≥ d ≥٠،٥) ، قەبارەی کاریگەری گەورە دەبێت یاخود بەرز دەبێت دەبێت ئەگەر بریتی بێت لە (٠،٨≤ d) ( الشریفین، ٢٠٢٢: ١٣٩) .

ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان ، سەلمێنەری ڕاستی گریمانەی دووەمی توێژینەوەکەیە .

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی ( الصعیدی :٢٠٠٥ ) و (السنجری:٢٠١٨) و ( اسماعیل و ئەوانی تر :٢٠١٣) و ( المر والمعبی :٢٠١٩) (خلیل، ٢٠١٧) ، کە ئەنجامی توێژینەوەکەیان دەریخستووە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر منداڵان . بە بۆچوونی توێژەر هۆکاری کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ هەمە چەمەشنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی وەك (ڤیدیۆ و وێنە) بەجۆرێك کە هەر یەکێکیان کارلێك و بەرکەوتەیان لەگەڵ هەستەوەرێك یاخود زیاتر لە هەستەوەرێك هەیە ، بەو پێیەی بەشداریکردنی زیاتر لە هەستەوەرێك لە وەرگرتنی زانیاریەکاندا دەبێتە هۆی وەرگرتنی

زانیاری و زانستی زۆرتر دەربارەی ئەو بابەتەی پێشکەشی دەکرێت ، هۆکارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاشناکردن و گەیاندنی زانیاریە هەمە چەشنەکان و فەراهەم کردنی چێژ و ڕاکێشانی سەرنج و ئاگایی بۆ بابەتێکی دیاری کراو لە ئەرکە سەرەکیەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیین .

## ٤-٢ دەرئەنجامەکان :

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

١. ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان لە ئاستێکی نزمدایە .

٢. گۆڕاوەکانی (ئاستی بڕوانامەی باوك ، ئاستی بڕوانامەی دایك ، ڕیزبەندی منداڵ لەناو خێزاندا ، ڕەگەز ) کاریگەرییان نەبووە لەسەر ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان .

٢. ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان .

## ٤-٣ ڕاسپاردەکان :

لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەکی پەروەردەییانەی خستەڕوو ، ئەوانیش بریتین لە :

١- ڕاهێنانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر ئاشناکردنی منداڵان بە مافە بنەڕەتیەکانیان .

٢- زیادکردنی بەندەکانی مافەکانی منداڵان بۆ ناو بەرنامە و پرۆگرامی باخچەکان بە ڕەچاوکردنی جیاوازی قۆناغەکانیان و جێبەجێکردنی خوێندن و ئاشنا بوون بەم مافانە لە قۆناغی باخچەوە .

٣- کاراکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە سەرجەم ناوەندە پەروەردەییەکاندا و دەست پێکردنی لە باخچەی منداڵانەوە تا قۆناغەکانی دواتر .

٤- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی باخچە لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە باخچەدا بە مەبەستی گەیاندنی پەیامە مەبەستدارەکان و فێرکردنی مافە بنەڕەتیەکانی منداڵانیش لەو چوارچێوەیەدا .

٥- كردنەوەی خول و كۆڕبەندی زیاتر بۆ مامۆستایانی باخچە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی زیادكردنی هۆشیاری مامۆستایان دەربارەی مافەكانی مرۆڤ بەگشتی و مافەكانی منداڵان بە تایبەتی و جێبەجیكردنی پراكتیكیانە لە ناو باخچەدا .

٦- پێدانی مافە تایبەتی و بنەڕەتیەكان بە منداڵان لە لایەن مامۆستاكانەوە وەك ( مافی بەشداریكردن و دەربڕینی ئازادانەی بیرو بۆچوونەكانی و مافی جیاكاری نەكردن و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیە باڵاكانی منداڵان و ........ ) .

٧- وەرگێڕانی ئەو وێنە جووڵاوانەی كە بە زمانە جیاجیاكان و لە لایەن ڕێكخراوە جیهانیەكانەوە ئامادەكراوە دەربارەی مافەكانی منداڵان بۆ سەر زمانی كوردی و نمایش كردنی لە ماوەی تایبەت بە منداڵانی كەناڵە كوردییەكانەوە .

٨- بەكارهێنانی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاری دەربارەی مافەكانی منداڵان تاوەكو بگاتە سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵگا .

٩- دروست بوونی پەیوەندی لە نێوان باخچەی منداڵان و خێزان پێكەوە بە مەبەستی  فێركردن و هۆشیاركردنەوەی منداڵان بە  مافەكانیان .

## ٤-٤ پێشنیارەكـان :

لەبەر ڕۆشنـایی ئەنجامەكانی توێژینەوەكە توێژەر چەند پێشنیارێكی پەروەردەییانەی خستەڕوو ،ئەوانیش بریتین لە :

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە بازنەی یەكەمی قۆناغی سەرەتایی و وەرگرتنی نموونەی جیاواز لە خوێندكارانی پۆلەكانی (١،٢،٣) بنەڕەتی .

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە و بە بەكارهێنانی چالاكیە جۆراوجۆرەكانی فێركردن وەك (چیرۆك و شانۆ و نواندن ) بە مەبەستی  ئاشناكردن و فێركردنی منداڵان بە ماكانیان و پاراستنیان لە هەموو جۆرە پێشێلكاریەك لە تەمەنە جیاوازەكاندا .

٣-ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئاشنابوونی منداڵان بە مافەكانیان و كاریگەری لەسەر بنیاتنانی كەسێتی  .

٤- ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی  ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی باخچە سەبارەت بە بەندد و مافەکانی منداڵان .

٥- ئەنجامدانی توێژینەوە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ڕێنمایی کە هاوکاربێت لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان و ڕاهێنان لەسەر ئەزموونکردنی .

## سەرچاوەکـان :

## یەکەم : سەرچـاوە کوردیەکـان


- بۆکانی ، ا، سابیر (٢٠٢٠) ، **ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونیەکان** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی .
- ــــــــــــ ، ( ٢٠٢٠) ، **ڕێبازی توێژینەوەی زانستی** ، چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی .
- شوانی ، ئەرشەد خەلیل (٢٠١٤) ، **ڕاگەیاندن و هۆشیاری سیاسی** ، حەبیب کەرکووکی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر .
- فاروق ، کەمال و محەمەد عەبدوڵا کەلاری (٢٠١٣) ، **دەروونناسیی میدیایی** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .
- قەرەداغی ، ناصح (١٩٩٩) ، **دەیەمین ساڵیادی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ** ، یونیسێف ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان – بەشی ڕاگەیاندن .
- کەرکوکی، حەبیب (٢٠٠٨) ، **پێشەکیەك بۆ زانستی ڕاگەیاندن** ، ڕابەر ڕەشید ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ، هەولێر .
- نوری ، سعید محمد (٢٠٢٢) ، **دەروونزانی تاقیکاری** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین ، هەولێر .


## دووەم : سەرچـاوە عەرەبیەکـان


- ابو شمالة ، فرج ابراهيم حسن (٢٠١٢) ، **درجة الوعي بحقوق الانسان لدى طلبة مدارس مرحلة التعليم الاساسي في وكالة الغوث الدولية بمحافظات غزة** ، مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات التربوية والنفسية ، المجلد العشرون ، العدد الثاني ،ص (٦٢٥-٦٧٠) ، غزة .
- ابو عبادة ، اثير ابراهيم (٢٠١٨) ، **حقوق الطفل في كتب الاسرية بالمرحلة الابتدائية في المملكة العربية السعودية** ، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية ، العدد الحادي عشر ، جزء الاول ، مملكة العربية السعودية .
- ابو فودة ، محمد عطية خليل (٢٠٠٦) ، **دور الاعلام التربوي في تدعيم الانتماء الوطني لدى الطلبة الجامعيين في محافظات غزة** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة الازهر ، كلية التربية، غزة .

- ابوعرام ، ايمان مصطفى (٢٠١٢) ، **تقويم برامج الاطفال عبر الاذاعة وفضائية الاقصى في ضوء مفاهيم حقوق الطفل المتضمنة في مقررات حقوق الانسان بوكالة الغوث** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة الاسلامية – غزة - كلية التربية ، غزة .
- ابوعلي ،وفقي حامد (٢٠١٤) ، **الطفولة المبكرة الخصائص و المشكلات** ، الطبعة الاولى، مكتبة الكويت الوطنية ، وزارة الاوقاف و الشؤون الاسلامية ، دولة الكويت .
- ابومعال ، عبدالفتاح (٢٠٠٦) ، **اثر وسائل الاعلام على تعليم الاطفال وتثقيفهم** ، الطبعة الاولى، دار الشروق للنشر ، غزة .
- **استراتيجية دعم حقوق الطفل** (٢٠٠٧) – save the children، مجموعة الوثائق المبدئية لبرامج الدول الامم المتحدة .
- اسحاق ، امل سيد احمد عبدالخلاق (٢٠٠٨) ، **وعي معلمات رياض الاطفال ببعض بنود اتفاقية حقوق الطفل واثره على مفهوم الذات الايجابي لطفل الروضة بمدينة مكة المكرمة** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة ام القرى – كلية التربية ، مكة المكرمة .
- اسماعيل ، عزيزة ابراهيم مصطفى و اخرون (٢٠١٣) ، **دور الاعلام التربوي في اكساب تلاميذ المرحلة الاعدادية المعرفة بحقوق الطفل** ، مجلة دراسات الطفولة ٢٠١٤ .
- اسماعيل ، عمر هاشم (٢٠٢١) ، **درجة الوعي بقوانين حقوق الطفل لدى مديري المدارس في سلطنة عمان** ، المجلة الدولية للابحاث التربوية ، المجلد (٤٥) ، العدد ٢ ، عمان .
- امام ، مروى حسين اسماعيل (٢٠٢٠) ، **برنامج في الدراسات الاجتماعية قائم على مباديء حقوق الطفل لتنمية الوعي بها و بتقدير الذات لدى تلاميذ المدارس المجتمعية** ، جامعة عين شمس _ كلية التربية ، مجلة كلية التربية – جامعة عين الشمس ، العدد الخامس والاربعون (الجزء الاول) ، مصر .
- انساعد ، السعدية (٢٠١٥) ، **اثر الخطاب الاعلامي على لغة الطفل** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة عبدالحميد بن باديس – مستغانم / كلية الادب العربي والفنون ، الجزائر.
- اوشريف ، اميرة (٢٠١٧) ، **دور وسائل الاعلام في حماية حق الاتصالي للطفل في الدول النامية** ، جامعة الاخوة منتوري قسنطينة ، مجلة العلوم الانسانية ، عدد (٤٧) ، المجلد (١) ، صفحات ( ٣١١_٣٢٢) ، الجزائر .
- بدير، كريمان (٢٠١٤) ، **الاسس النفسية لنمو الطفل** ، الطبعة الاولى ، دار الميسرة للنشر والتوزيع .

- بركات ، زياد (٢٠١٨) ، **القياس والتقويم النفسي والتربوي بين النظرية والتطبيق** ، جامعة القدس / رام اللة – فلسطين .
- البريهي ، جبريل عزي حميد (٢٠١٩) ، **مدى ممارسة مربيات رياض الاطفال لحقوق الطفل في المدارس الحكومية بامانة العاصمة صنعاء – اليمن** ، جامعة تعز _ كلية التربية ، مجلة العلوم التربوية والدراسات الانسانية ، العدد (٧) ، اليمن .
- البلهان ، عيسى محمد والشمري (٢٠١٩) ، **اتجاهات مديرات و معلمات رياض الاطفال نحو الاعلام التربوي ودوره في تنمية السلوك الاخلاقي لدى الاطفال في ضوء بعض المتغييرات في الكويت** ، جامعة جرش ، دار المنظومة ، المجلد ٢٠ / العدد (٢) ، الصفحات ( ٥٦٣_٥٩٦) ، الكويت .
- جاد ، منى محمد علي (٢٠٠٧) ، **مناهج رياض الاطفال** ، الطبعة الاولى ، دار الميسرة للنشر ، عمان العبدلي .
- جريسات ، آمال جرس عيسى (٢٠١١) ، **فاعلية برامج الاعلام التربوي وعلاقتها بالانضباط السلوكي لدى الطلبة** ، اطروحة دكتوراه منشورة ، كلية العلوم التربوية و النفسية ، جامعة عمان العربية ، الاردن .
- جيدوري ، صابر (٢٠١٤) ، **دور الاعلام التربوي في تنمية اداء طلاب الثانوية العامة تعليميا و ثقافيا** ، مجلة جامعة القدس المفتوحة للابحاث والدراسات – العدد الرابع والثلاثون (٢) ،٢٠١٤.
- الحافظ ، حسني عبد وفاطمة محمد البغدادي ( ٢٠٢٠) ، **تجارب عالمية واقليمية برياض الاطفال ...واقعها ، وسبل الارتقاء بها** ، مجلة الطفولة والتنمية ، ص (٥٧_٧٣) ، العدد (٣٩) .
- الحربي ، روان سعد عاتق (٢٠٢٠) ، **حقوق الطفل وتطبيقاتها داخل مدارس مدينة جدة من وجهة نظر المعلمات** ، جامعة جدة ، مجلة العربية لاعلام وثقافة الطفل ، المجلد الثالث – العدد ١٢ ، السعودية .
- الحروب ، شادي محمد شاكر (٢٠١٧) ، **فاعلية برنامج تدريبي في معالجة المشكلات الاكثر شيوعا بين اطفال مرحلة الروضة** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة الشرق الاوسط – كلية العمارة والتصميم ، عمان .
- حلس ، موسى عبدالرحيم و ناصر علي مهدي (٢٠١٠) ، **دور وسائل الاعلام في تشكيل الوعي الاجتماعي لدى الشباب الفلسطيني** ، جامعة الازهر – غزة ، مجلة جامعة الازهر بغزة ، سلسلة العلوم الانسانية ، المجلد (١٢) ، العدد (٢) ، غزة .

- حمزة ، اميرة محمد علي و يوسف يحيى طعماس (٢٠١٦ ) ، **كفاءة التوزيع المكاني لخدمات رياض الاطفال في مدينة الحلة** ، جامعة بابل ، مجلة العلوم الانسانية – كلية التربية للعلوم الانسانية / المجلد (٢٣) ، العدد الاول ، ٢٠١٦ .
- حمزة ، عبدالنبي و بهلول لحسن (٢٠١٢) ، **مدى تاثير الاعلام الرياضي على اختيار المراهقين لنشاطاتهم البدنية و الرياضية** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة العربي بن مهيدي – كلية الاداب واللغات والعلوم الاجتماعية والانسانية ، الجزائر .
- حوامدة ، ابراهيم ماهر محمد واخرون ( ٢٠١٨) ، **دور الاعلام التربوي في تنمية الوعي السياسي و الاجتماعي لدى طلبة المدارس في محافظة جرش من وجهة نظر مديري المدارس و معلميها وطلبتها ، جامعة الاردنية** ، دراسات العلوم التربوية ، المجلد ٤٥ ، العدد (٤) ، ملحق ( ٦ ) الصفحات (٢١_٤٤) ، الاردن .
- خضور ، ريتا (٢٠١٥) ، **فاعلية برنامج قائم على الخبرة المتكاملة في اكساب اطفال الرياض من الفئة العمرية (٥_٦) سنوات بعض المفاهيم العلمية الوراثية** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة دمشق _ كلية التربية ، دمشق .
- الخطيب ، ابراهيم ياسين واخرون (٢٠٠١) ، **أثر وسائل الآعلام على الطفل** ، الطبعة الآولى ، دارالعلمية الدولية للنشر والتوزيع و دار الثقافة للنشر والتوزيع ، عمان .
- خليل ، ربا معين (٢٠١٦) ، **فاعلية برنامج مقترح قائم على الانشطة في تعليم طفل الروضة حقوقه الاساسية و اكسابه بعض المهارات الاجتماعية** ، اطروحة دكتوراه منشورة ، جامعة دمشق_ كلية التربية ، جامعة دمشق ، دمشق .
- الخليل ، ملاك حسين (٢٠١٥) ، **تاثير مشاهدة البرامج التلفزيونية في سلوك اطفال مرحلة رياض الاطفال من وجهة نظر الاولياء امورهم** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة اليرموك _ كلية التربية .
- الخميسي ، احمد حسن (٢٠٠٩) ، **تربية الاطفال في وسائل الاعلام** ، الطبعة الاولى ، دار قلم العربي ، دار الرفاعي للنشر ، سوريا_ حلب .
- الديب ، راندا مصطفى (٢٠٠٩) ، **حقوق الطفل السياسية و دور الرياض الاطفال في التوعية بها و التدريب على ممارستها** ، جامعة طنطا _كلية التربية ، مجلة رعاية وتنمية الطفولة – جامعة المنصورة ، العدد السابع ، ص (٢٠٥_٢٢٥) ، مصر .

- الديهى، محمد الدين اسماعيل (٢٠١٥) ، **الاعلام التربوي الحديث** ، الطبعة الاولى ، مكتبة الوفاء القانونية للنشر ، القاهرة .
- الربيعي ، ابتسام محمد مجيد (٢٠٠٦) ، **واقع حقوق الطفل في المدارس الابتدائية من وجهة نظر الاطفال** ، رسالة الماجستر منشورة ، كلية التربية – ابن رشد في جامعة بغداد ، بغداد .
- رضوان ، اسلام محمد السباعي (٢٠١٨) ، **واقع تضمين مباديء حقوق الطفل في ادب الاطفال**، المجلة العلمية لكلية رياض الاطفال، جامعة بورسعيد ، العدد الثاني عشر .
- الزبون ، سليم عودة و اخرون (٢٠١٦) ، **درجة المام معلمات رياض الاطفال لمباديء حقوق الطفل المتضمنة في المنهاج الوطني التفاعلي بالاردن من منظور تربوي وقانوني** ، جامعة الاردنية ، دراسات العلوم التربوية ، المجلد (٤٣) ، الملحق (١) ، الصفحة (٧٣١_٧٤٢) ، الاردن.
- زهران ، حامد عبدالسلام (١٩٨٦) ، **علم النفس النمو** ، دارالمعارف ، كلية التربية ، جامعة عين شمس ، دولة الكويت .
- الزهرة ، فغول (٢٠١٦) ، **المسؤولية الدولية و الاقليمية لحماية حق الطفل في ضوء المتغيرات الدولية بين النظري و التطبيقي** ، اطروحة الدكتوراه المنشورة ، جامعة جيلالي اليابس _-سيدي بلعباس – كلية الحقوق والعلوم السياسية .
- سارة ، بخة (٢٠١١) ، **دراسة ارغنومية ما مدى تناسب الروضة مع الخصائص النمائية للطفل في سن ٣ الى ٦ سنوات** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة العربي بن مهيدي – ام البواقي – كلية الاداب واللغات ، الجزائر .
- السباعي ، مالك تحسين (٢٠١٣) ، **دراسة تحليلية لحقوق الطفل في متهج الرياض الاطفال في سورية** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة البعث ، مجلة الاستاذ ، العدد ٢٠٤ – المجلد الثاني ٢٠١٣ ، حمص _ الجمهورية العربية السورية .
- سليمان ، علي السيد (٢٠١٥) ، **سيكولوجية النمو و النمو النفسي للعاديين و ذوي الاحتياجات الخاصة** ، الطبعة الاولى ، دار الجوهرة للنشر ، القاهرة .
- سميرة ، طابلوت (٢٠١٠) ، **الاثر السمعي البصري في ترقية اللغة الوسيطة عند الطفل** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة السانية وهران – كلية الاداب واللغات والفنون ، الجزائر .
- السنجري ، محمود علي حسن (٢٠١٨) ، **درجة تاثير الاعلام التربوي في القيم الاجتماعية لدى طلبة المرحلة الثانوية من وجهة نظر معليمهم في العراق** ، رسالة الماجستر منشورة ، جامعة ال البيت – كلية العلوم التربوية / قسم المناهج والتدريس .

- الشريفين ، نصال (٢٠٢٢) ، **ما وراء التحليل للابحاث المنشورة في المجلة الاردنية في العلوم التربوية** ، Association of Arab Universities Journal for Education and Psychology، volume 15، issue 3 ، ٢٠٢٢ .
- الشميمري ، فهد بن عبدالرحمن (٢٠١٠) ، **التربية الاعلامية – كيف نتعامل مع الاعلام** ، الطبعة الاولى ، مكتبة الملك فهد الوطنية للنشر .
- شني ، ميلود (٢٠١٤) ، **الحماية الدولية حقوق الطفل** ، رسالة الماجستير منشورة ، كلية الحقوق والعلوم السياسية ، جامعة محمد خيضر _ بسكرة .
- صالح ، اسمى نوري (٢٠١٥) ، **دور البرامج الاطفال في القنوات الفضائية العربية المتخصصة في تثقيف الطفل** ، الطبعة الاولى ، دارغيداء للنشر ، عمان .
- الصعيدي ، طارق محمد محمد (٢٠٠٥) ، **دورالاعلام التربوي في تنمية الوعي الاعلامي لدى تلاميذ المرحلة الاعدادية** ، اطروحة دكتوراه منشورة ، كلية معهد دراسات العليا للطفولة ، جامعة عين الشمس ، دولة الكويت .
- الضبياني ، عامر محمد (٢٠١٩) ، **الاعلام التربوي و تطبيقاته في المؤسسات التعليمية** ، جامعة ذمار، مجلة الرسالة الدراسات الاعلامية ، المجلد ( ٣ العدد ١/ مارس ٢٠١٩) ، صفحة (١١_٣٤)، اليمن .
- عبدالحميد ، هند لؤي (٢٠١٩) ، **وعي معلمات رياض الاطفال بحقوق الطفل ، جامعة بغداد _ كلية التربية للبنات** ، مركز البحوث النفسية ، المجلد (٣٠) العدد (٢) ، بغداد .
- عبدالرسول ، فتحي و اخرون (٢٠٢٠) ، **دور كليات رياض الاطفال في تحقيق الامن الفكري** ، جامعة جنوب الوادي – كلية التربية بقنا ، العد الثالث و الاربعون .
- عبدالغفار ، عادل (٢٠١٣) ، **الاعلام و معالجة قضايا حقوق الطفل بالدول العربية** ، الطبعة الاولى ، مطابع جامعة الدول العربية ، دراسة ميدانية ، القاهرة .
- عبدالنعيم ،يمنى محمد عاطف (٢٠٢٠) ، **اشراف مستقبل الاعلام المرئي الموجه للطفل عبر القنوات الفضائية المصرية في ضوء كتيب المعايير الاعلامية** ، مجلة البحوث الاعلامية ، العدد الرابع والخمسون – الجزء السادس .
- عبدوش ، رهادة (٢٠١٤) ، **حقوقي في اتفاقية حقوق الطفل** ، الطبعة الاولى ، بيت المواطن للنشر و التوزيع ، دمشق .

- عبوط ، سلمى و اخرون (٢٠١٨) ، **اثر وسائل الاعلام في تكوين لغة الطفل ،** رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة اكلي محند و الحاج البويرة – كلية الاداب و اللغات ، الجزائر .
- العبيدي ، شلال عواد سليم (٢٠١٨) ، **اليات تفعيل المعاهدات المتعلقة بحقوق الاطفال اللاجئين السوريين ،**-Route Educational and Social Science Journal ISSN:2148 ، volume 5(3) .
- عثمان ، محمد عبدالستار و اخرون (٢٠١٦) ، **حقوق الطفل في الفقه الاباضي** ، الطبعة الاولى ، عمان .
- عراج ، عبير امين (٢٠١٦) ، **دراسة تقويمية لدور ادارة رياض الاطفال في نشر الوعي البيئي لدى طفل الروضة** ، رسالة الماجستير المنشورة ، جامعة تشرين _ كلية التربية ، سوريا .
- علوي ، محمد بن جميل بن علي (٢٠٠٣) ، **الاعلام التربوي و دوره في تفعيل اهداف الاشراف التربوي من خلال تواصله مع المؤسسات الاجتماعية و التربوية** ، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية التربية_ مكة المكرمة ، جامعة ام القرى ، المملكة العربية السعودية .
- على ، هناء السيد محمد (٢٠١٦) ، **الدور التربوي للاعلام المدرسي في تنمية القدرات الابداعية للطلاب ،** كلية التربية النوعية – جامعة المنوفية ، المجلة العلمية لكلية التربية النوعية ، العدد السادس_ ابريل ٢٠١٦ .
- عيشة ، بسام مصطفى (٢٠٢٠) ، **يونيسيف لكل طفل – رصد و تقييم حقوق الاطفال في المؤسسات الايوائية ،** نشر بواسطة الرابطة التونسية للدفاع عن حقوق الانسان ، تونس .
- غنيم ، محمد عبدالسلام (٢٠٠٤) ، **مباديء القياس و التقويم النفسي و التربوي** ، طبعة الاولى، جامعة حلوان .
- فاطمة ، كنيوة (٢٠١٤) ، **دور وسائل الاعلام في تنشئة الطفل قناة طيور الجنة أنموذجا ،** رسالة الماجستر منشورة ، كلية العلوم الاجتماعية و الآنسانية ، جامعة شهيد حمه لخضر بالوادي.
- فرج ، احلام قطب و نجلاء عبدالقوي عبدالوهاب (٢٠٢١) ، **فاعلية برنامج قائم على فنون الاداء ،** و حقوق الطفل في تنمية بعض قيم المواطنة لدى طفل الروضة ، كلية التربية ، جامعة ٦ اكتوبر ، المجلد السابع والعشرون ، العدد (السابع /يوليو ٢٠٢١ ) ، صفحة (٩٥) .
- الفضلي ، ياسمين هداد فاضل (٢٠١٧) ، **مستوى الثقافة الوعي بحقوق الطفل لدى معلمات رياض الاطفال العاصمة بدولة الكويت في ضوء اتفاقية الامم المتحدة لحقوق الطفل**

**واتجاهتن نحوها ، جامعة عين شمس** ، مجلة كلية التربية ، العدد الواحد والاربعون (الجزء الثالث) ٢٠١٧ ، صفحة ( ١٩٣) ، دولة الكويت .

- قطامي ، نايفة و الرفاعي (٢٠٠١) ، **نمو الطفل و رعايته** ، الطبعة الاولى ، دار الشروق للنشر ، عمان .
- قطران ، حاتم (٢٠١٤) ، **حقوق الطفل في تشريعات دول مجلس التعاون بعد ٢٥ عاما** ، الطبعة الاولى ، دار النشر المقصورة ، عمان .
- كاظم ، سميرة عبدالحسين و نجم (٢٠٢٠) ، **معرفة حقوق الطفل لدى الاولياء امور الاطفال،** جامعة بغداد – كلية التربية للبنات ، مجلة الفتح ، العدد الرابع والثمانون ، بغداد .
- كامل ، هناء عبدالمنعم عطيه (٢٠٢١) ، **تصور المقترح لدور التخطيط التربوي في تنشئة طفل الروضة سياسيا في ضوء ميثاق الطفل العربي** ، مجلة بحوث و دراسات الطفولة ، كلية التربية للطفولة المبكرة ، جامعة بني يوسف ، العدد ٣(٥) ، صفحة (٣٧٥_٤٥٢) .
- كرم الدين ، ليلى (٢٠١٢) ، **طفل ماقبل المدرسة والكتاب ،** مجلة نصف سنوية ، ادب الاطفال _دراسات و بحوث ، العدد الرابع ، دار الكتب والوثائق القومية .
